# ئۆتیزم

## تەندروستی منداڵ و خێزان



نووسین
مورین ئارونز- تیسا جیتنس

وەرگێڕان
ئەحمەد عەلی- میدیا عومەر

تەندروستی منداڵ و خێزان

# ئۆتیزم

# Autism

## یەکێتی ژنانی کوردستان


ناوی کتێب : ئۆتیزم

نووسەر : مورین ئارونز. تیسا گیتنس

وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە : ئەحمەد عەلی ، میدیا عومەر

بابەت : پەروەردەیی

دیزاینی ناوەڕۆک و بەرگ : تەحسین تۆفیق

پیتچنین : گۆنا ئەحمەد - ڕێنایس جەزا

تیراژ : ٧٥٠

زنجیرە : ٥٩

چاپخانە : تەوار

چاپ : چاپی یەکەم

ژمارەی سپاردن : ١٥٥٥

سەرچاوەکە بەعەرەبی:

العلاج الأمثل لمرض التوحيد

الأوتيزم

المشكلة والحل

تأليف: مورين ارونز - تيسا جيتنس

اعداد: قسم الترجمة بدار الفاروق

## پێشەکی هەردوو وەرگێڕ

خوێنەری بەڕێز ئەم کتێبەی لەبەر دەستدایە یەکێکە لەکتێبە نایابو دەگمەنەکان کە لەسەر ئۆتیزم نووسراوە، لەلایەکەوە دانەرەکانی دوو پسپۆڕی شارەزاو بەتوانان لەبواری چارەسەرکردنی تێکچوونی قسەکردنو زمان، ساڵانێکی زۆرە لەم بوارانەدا کاردەکەنو ژمارەیەکی زۆر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەیان هەیە لەسەر نەخۆشی ئۆتیزم، لەلایەکی ترەوە بابەتەکانی بەسوودو نوێن، بەڕاستی دەبنە سەرچاوەیەکی نایاب بۆ ئەو بیرۆکە کردارییانەی کە دەکرێت پشتی پێببەسرێت لەبەرنامەکانی چارەسەرکردنی منداڵانو لاوانی تووشبوو بە ئۆتیزم، ئەم زانیارییانەی ناو ئەم کتێبە بەسوودترن بۆ ئەو منداڵانەی کە ئاستێکی باش یان مامناوەندیان هەیە لەتواناداری زانیارییدا.
ئەم کتێبە باس لەڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئۆتیزم دەکات لەسەر ئەو بنچینەیەی کە تێکچوونی فرمانە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤە هەردەبێت لەڕێگەی چارەسەرکردنی ئەو فرمانانەوە بێت، چونکە لەڕێگەی گەشەپێدانی شارەزا کۆمەڵایەتیەکانەوە پێشکەوتنی باش بەدیدێت لەچارەسەرکردنی تووشبووان بەئۆتیزم.
زانیاری لەسەر ئەم نەخۆشیە لای ئێمە زۆر کەمەو کەسانێکی زۆر لەناویاندا ڕۆشنبیرانو پسپۆڕانیش لەم بارەیەوە زۆرکەم دەزانن، لەلایەکی تریشەوە ئەوانەی زانیارییان لەسەری هەیە یان خۆیان منداڵی ئۆتیزمیان هەیەو وەك پێویست مامەڵە لەگەڵ کەیسەکەدا ناکەن، هەیانە دەیشارنەوەو بەکەمیی‌و نەنگیی دەزانن، هەیانە دەزانێت منداڵەکەی نائاساییە بەڵام نایخاتە ژێر چارەسەرکردن لەگەڵ ئەوەی ئەم نەخۆشییە لەناو منداڵانی ئێمەدا هەیەو لەپەرەسەندنیشدایە، بەتەنها لەشاری سلێمانی ئەوانەی ناونووسکراون هەتا ئێستا زیاتر لە (٧٠) منداڵن ڕەنگە چەند بارەی ئەو ژمارەیەش هەبێت بەشاراوەیی مابێتەوە.
ئێمەی مامۆستا وابیردەکەینەوە کە چەند دەستەیەك هەیە وەك پێویستە زانیاریی باشیان هەبێت لەسەر ئەم نەخۆشییە بەتایبەتی لەو بابەتانەدا

کە پەیوەندییان هەیە بەدەستێوەردانی چارەسەری، لەو دەستانە ئەو دایك و باوکانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، ئەو مامۆستاو چارەسەرکارو یاریدەدەرانەی لەم بوارەدا کاردەکەن، هەموو ئەو مامۆستایانەی کە لەقۆناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتیدا وانە دەڵێنەوە، هەموو ئەو کوڕە گەنج و کچە گەنجانەی چاوەڕوانی پرۆسەی هاوسەرگیرین، یان ئەو ژن و مێردانەی کە حەز دەکەن منداڵیان ببێت.

وەرگێڕانی کتێبێکی وەك ئەمە کە پڕە لەزاراوەی دەروونی و پزیشکی و کۆمەڵایەتی کارێکی ئاسان نیەو پێویستی بەگەڕان و پشکنین و پرسیارکردن و بەدواداچوون هەیە، بەلای ئێمەوە سوودو گرنگی ئەم کتێبە زۆرترە لەماندووبوونەکەی، بۆیە بەم کارە هەستاووین پێشمان وایە کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە لەمجۆرە کتێبانەدا، بەهیوای ئەوەی کەلێنێکی بچووکمان پڕکردبێتەوەو خوای گەورەش پشتوپەنای ئەوانەیە کە بەتەنها مەبەستیان خزمەتکردنە.

سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی / سەرپەرشتیاری پسپۆڕی پەروەردەی تایبەت

ئەحمەد عەلی ئەحمەد      میدیا عومەر حسێن

## دەستپێك

سەرەتا نەخۆشی خوودتەنیای (التوحد) ئۆتیزم (autism) بریتییە لەتێکچوونی توانای زانیاریی کە هاوکاتە لەگەڵ تێکچوونی لایەنی دەروونیو زیندەگی، ئەمانەش وادەکەن کە کاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر گەشەکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی تاك، ئەوەی پەیوەندی بەپسپۆڕانی چارەسەرکردنی گرانی قسەکردن زمانەوە هەیە، بەتایبەت بۆ ئەوانەی ماوەیەکی درێژە لەم بوارەدا کاردەکەن پێویستە لەسەریان تاقیکردنەوەکانی ژیانی رۆژانەیان ببەستنەوە بەدەرەنجامی ئەو توێژینەوانەی، کە لەم ساڵانەی دوایدا پێی گەیشتوون، کە دواتر ئەم دەرەنجامانە فاکتەرێکی یاریدەدەری کارا دەبن لەزانینی ئەو رێگایانەی دەمانگەیەنێتە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانەی کە لەتوێژینەوەکانەوە دەکەوێتەوە، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە پێویستە چارەسەری ئەو تێکچوونانە بکرێت کە کاردەکاتە سەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی تاك، ئەویش لەو رێگایانەوە چڕدەبێتەوە کە کارلێکی نێوان تاكو کۆمەڵگەیە، لەبەرئەوەی ئەو کەموکورییەی کە لەلایەنە کۆمەڵایەتییەکەدا روویداوە بنچینەی نەخۆشی ئۆتیزمە، وادەردەکەوێت خڕبوونەوە لەدەووری کەم توانایيە بەرواڵەتەکەی کە لەناو ژمارەیەك لەتووشبووەکانی ئۆتیزمدا هەیە بەلاڕێدابردنە، بەڵام لەوانەیە ئەم کەم توانایيە لەهیچ بارێکدا بنچینەی ئەو تێکچوونە دەمارییە نەبێت کە روویداوە، ئەمەش ئەو هۆیانە لێکدەداتەوە کە لەپشتی بەدینەهێنانی هەندێك لەپرۆگرامە دەروونیەکانەوە هەیە، وەك راهێنانەکانی تەواوکاری بیستنو چارەسەری تەواوکاری هەستی، تەکنۆلۆجیای دەستکاریکردنی رەفتارەکان، ئەمە سەرباری ژمارەیەك لەرێگەکانی چارەسەرە جێگرەکانەوە (بدیل) زانراوەکانو ئەو دەرەنجامانەی کە لەمەودای دووردا هەیە، سەرەرای ئەوەی ئەم رێگەچارەیەی باسی لێوەکرا زۆرێك لەپزیشکە دەروونیەکانی بۆلای خۆی کێش کردووە، چونکە دەست بەجێو هەرلەکاتی جێبەجێکردنیدا باشبوون دەردەکەوێت، بەڵام بەشێوەیەکی کارا کارناکاتە سەر چارەسەرکردنی کەم توانایيە سەرەکیەکەی ئەم نەخۆشییە.

دەتوانین بڵێین پێشکەوتنێك لەمێژووی سروشتی تێکچوونەکەدا بەدیدێت، بەهەرحاڵ لەم کاتانەدا بەرەوپێشچوون روودەدات، پێویستیشە ئەو راستییە پەسەند بکەین هیچ رێگایەکی کورتکراوە نییە بۆ چارەسەرکردنەکە، بۆیە چارەسەرەکە پرۆسەیەکی لەسەرخۆو ماندووکەرە، بەڵام دەتوانین زۆر بەدیبهێنین لەگەڵ ئەو منداڵانەی دەناڵێنن بەدەست ئۆتیزمەوە ئەگەر هاتنەناو پرۆگرامەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەت ئەو پرۆگرامانەی کە لەدامەزراوە فێرکارییە لەبارو گونجاوەکاندا سازدەکرێن لەبەر رۆشنایی هەموو ئەمانەی کە باسی لێوەکرا. ئامانج لەم کتێبە خستنەرووی ئەو بیرۆکە کردارییانەیە کە دەکرێت ببنە بنچینەی پرۆگرامەکانی چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی بەدەست نەخۆشی ئۆتیزمەوە دەناڵێنن، سەرەتا پێویستە ئەوە روونبکەینەوە، کە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەسەر ئەو منداڵانەدا جێبەجێ دەبێت، کە توانایەکی زانیاریی سروشتی یان نیمچە سروشتیان هەیە، بۆ ئەو منداڵانە نییە کە نەخۆشی ئۆتیزمیان هەیەو دەناڵێنن بەدەست تێکچوونێکی مەترسیدارەوە لەلایەنی زانیاریی‌و فێربوونەوە، بەهەرحاڵ خوێنەری ئەم کتێبە دەتوانێت ئەم رێگا گونجاوانە بزانێت کە دەشێت پەیرەوی بکات بەوجۆرەی کە دەگونجێت لەگەڵ پێداویستی ئەو منداڵانەی کە توانایەکی سنووردرایان هەیە بەشێوەیەکی گشتی. زۆر کتێب هەیە کە مێژوو بارودۆخی نەخۆشی ئۆتیزم دەخاتەڕوو، بۆیە پێویست ناکات ئەوەی دەزانرێت ئەوەی بەکرداری تۆمارکراوە دووبارە بکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە دان بەوەدا بنێین، شێوازەکانی دەستێوەردان بەمەبەستی چارەسەرکردن رەنگدانەوەی بیرۆکەو ئاستە گۆڕاوەکانی زانیارییە دەربارەی هۆکارو سروشتی ئەمجۆرە تێکچوونە، دواتر پێویست بوو ئاماژە بۆ ئەم کارە بکەین لەبەر رۆشنایی توێژینەوە نوێیەکان‌و رێگە نوێیەکانی چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە.

هەتا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا خەڵکی واراهاتبوون کە زاراوەی (تووشبوو بەئۆتیزم) بۆ منداڵ‌و گەورەش بەکاربهێنن، ئەمەش پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیە دەکات کە دەڵێت هەموو ئەو حاڵەتانەی تووشبوو بەم نەخۆشیە لەهەموو تەمەنەکاندا لەیەك دەچن، هەروەها باویش بوو بۆ ئاسانکردنی کرداری

دەسنیشانکردنی ئەم نەخۆشیە ئەو لیستانە بەکاردەهێنران کە باس لەنیشانەکانی ئەو نەخۆشیە دەکەن، ئەمەش جەخت لەسەر چەمکی پەیوەندیدار بەحاڵەتی تایبەت‌و حاڵەتی گشتی دەکات، لەلایەکی ترەوە هەندێك دەپرسن کە مشتومڕێکی بەردەوام هەیە سەبارەت بەدەستنیشانکردنی حاڵەتی منداڵەکە کە ئایا تووشبووە بەنەخۆشی ئۆتیزم یان نا؟ ئەویش لەسۆنگەی لیستی ئەو نیشانانەوە کە باسکرا، بەڵام لەکۆتاییدا هەردێینەوە سەر ئەوەی کە دان بنێین بەوەدا کە دابەشکردن‌و پۆلێنکردن لەسروشتی نەخۆشدایە، ئەو منداڵانەشی کە وەك تووشبوو بەئۆتیزم پۆلێن نەکراون، دەگەڕێن لەم سەنتەری پسپۆڕیەوە بۆ ئەوی تر لەهەوڵی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکایاندان، لەکۆتاییدا کۆمەڵێك دەستیشانکردنی جیاوازیان دەستدەکەوێت، بەڵام پێداویستیە راستەقینەکانیان پشتگوێ دەخرێت لەکۆی گشتیدا وەك خوێنەر پێویستە هەندێك زانیاریمان هەبێت سەبارەت بەهەندێك زاراوەی پسپۆڕی وەك (تێکچوونی ئاست بەرزی زمان- high levell language disorder,- زمانگرتن-احتباس الکلام، aphasia، تێکچوونی کرداری هۆشیاریی - Attention Dificit Disorder تێکچوون لەتێگەیشتنی ماناکان‌و مەزەندەکردنی باشی کارەکان، semantic pragmatic disor)...هتد.

ئەمانە هەموویان زاراوەگەلێکن کە لەوانەیە رەنگدانەوەی لایەنێك بێت لەو لایەنە زۆرانەی تێکچوون کە هاوکاتە لەگەڵ نەخۆشی ئۆتیزم، بۆیە ئێستا وامان لێهاتووە کە ئاماژە بۆ ئەو منداڵ‌و کەسانە بکەین کە تووشی ئۆتیزم بوون بەپێی چەمکی (بەپێوەری پلەی تووشبوون بەنەخۆشی ئۆتیزم -contionuym of severity) ئەمەش جەخت لەبیرۆکەی گۆڕان دەکات لەنەخۆشییەکەدا، هەروەها زاراوەی (کۆنشانەی ئەسپەرجەر-Asperger Syndrome،) کە ئێستا لەسەر ئاستێکی بەرز بڵاو بەکاردەهێنرێت[1] وەك ئاماژەیەك بۆ نەخۆشی ئۆتیزم بۆ ئەو کەسانەی کە تواناکانیان جیاوازەو دەچنە ئاستێکی بەرزتر

١-نیشانەکانی نەخۆشی(کۆنیشانەی ئەسپەرجەر) تارادەیەکی زۆر لەنیشانەکانی نەخۆشی ئۆتیزم دەچێت، لەرووی بڵاوبونەوەی بەزۆری لە ناونێرینەدا، وەلەڕووی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی‌و تێکچوون لە شارەزاییە زارەکی‌و نازارەکیەکاندا‌و رەفتاری دووبارەو هی تر، بەڵام جیاوازی لەنێوان کۆنیشانەی سپەرجەرو ئۆتیزمدا ئەوەیە تووشبووانی بە ئەسپەرجەر ئاستێکی بەرزو لەرادەبەدەر زیرەکیان هەیەو هیچ تێکچوونێکیان نییە لە توانای زانیاریی.

لەپێوەری پلەی تووشبوون بەئۆتیزم بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی تر کە تووشی ئۆتیزم بوون.

بەهەرحاڵ بۆ ناسینەوەی زۆرتری لایەنەکانی توانای جیاوازی لەئۆتیزمدا، لەگەڵ گریمانەی ئەوەی کە بتوانرێت کۆمەڵە لقیەکان لەناو هەمان چوارچێوەی دەست نیشانکردندا دابنێن، هەندێك لەپسپۆڕان بەباشی دەزانن زاراوەی (شەبەنگەکانی تێکچوونی تووشبووان بەئۆتیزم- Autistic Spectrum Disorder) بەشێوەیەکی گشتی بەکاربهێنن، لەئایندەدا ئەم زاراوەیە بلاودەبێتەوە وەك بەڵگەیەك بۆ هەبوونی ئەوەی پێی دەگوترێت (شێوازە رووالەتییەکانی ئۆتیزم= Autism phenotype=[٢]) ئەمەو بەرەچاوکردنی ئەوەی ئەم دیدە هیچ چاکەیەکی نییە بەسەر رێگە دەستنیشانکردنە کۆنەکاندا، کە تارادەیەکی زۆر بە بەسوود دانانرێت، بەگوزارشتێکی تر، رەنگە بیرۆکەی (شێوازە رووالەتیەکانی ئۆتیزم) بەبیرۆکەیەکی بەسوود دابنرێت، بۆ ئەو پسپۆڕانەی کە لەناو ئەو خێزانانەدا ئیش دەکەن کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە، یان رێکەوتی ئەو خێزانانەیان کردووە، کەسانێکی تێدایە کەموکوورییەکی سادەیان هەیە لەپەیوەندیکردنی کۆمەلایەتی و نەخۆشی ئۆتیزم دەچێت، بەلام بێئەوەی نیشانەی ئەو تێکچوونانەیان لەسەر دەربکەوێت کە منداڵی ئۆتیزم هەیەتی.

لەلایەکی ترەوە د. لورنا وینج (١٩٧٩) یاریدەدەر بوو بۆ وازهێنان لەدەستنیشانکردنی حاڵەتەکانی ئۆتیزم بەگوێرەی ئەو لیستانەی کە دانراوە نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە تێدایە، ئەویش لەرێگەی چڕبوونەوە لەسەر چەند لایەنێکی دیاریکراوی رووداوەکانی کەموکووری کە تەنها تایبەتە بەنەخۆشی ئۆتیزم بۆ زێدەروونکردنەوە، ئەو کەموکورییانە کاردەکاتە سەر پەیوەندیکردنی کۆمەلایەتی نەخۆشیەکە ئەمەش بە (سیانەی رووەکانی کەموکووری کۆمەلایەتی= -Triad of Social Impairments)دەناسرێت، بۆیە بەم ناوە ناسراوە چونکە کاریگەری لەسەر سێ لایەن هەیە، لەوانە

٢- زاراوەی(شێوازی رواڵەتی)لەزانستی بووماوەدا بەو رووالەتە دەگوترێت کە لەسەر تاکی بوونەوەری زیندوو دەردەکەوێت، وەکو رەنگی چاو، ئاستی زیرەکی، ئەمە لەبەرامبەر ئەو نیشانانەی کە هەمان کەس هەڵیدەگرێ و بەلام لێی دەرناکەوێت.

دروستکردنی پەیوەندی، توانای پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تر، توانای تێگەیشتن و خەیاڵکردنەوە، پشت بەستن بەمە گەر ویستمان بزانین نەخۆشەکە دیاریبکەین کە ئایا تووشبووە بەنەخۆشی ئۆتیزم، پێویستە ئەوە دیاریبکەین کە ئایا نەخۆشەکە دەناڵێنێت بەدەست کەموکووڕی لەهەر یەکێك لەم سێ لایەنەوە، ئەم کارەش زۆر دوورە لەدەستنیشان کردنی ئەو منداڵەی کە نەخۆشە بەئۆتیزم لەسەر بنچینەی وابەستەنەبوونی منداڵەکە بەدایکیەوە، یان ناتوانی بەردەوام بێت لەگەڵیداو لەچاوی بڕوانێت، چەمکی ئەم (سیانەییە) ئاڵۆزە، پلەی رووەکانی کەموکووڕی دیاریکراو دەگرێتەوە کە زۆر وردە بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی کە بەسووکی تووشی نەخۆشییەکە بوون.

لەچلەکانی سەدەی رابردوودا (١٩٤٣) لیوکانر یەکەم کەس بوو کە پێناسەی دانا بۆ حاڵەتی ئۆتیزم لیستێکی دانا بۆ ئەو نیشانە سەرەکیانەی کە پێویستە دەستەبەربن بۆ کرداری دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە،لەوانەیە هەر ئەم هۆکارەش بێت تەنانەت تا دوای تێپەڕبوونی پەنجا ساڵیش دەستنیشان کردنی ئۆتیزم پەیوەست بکرێت بە لیستی نیشانەکانی ئۆتیزمەوە، ئەو نیشانانەی کە وەك نموونەیەکی پزیشکی لەدەستنیشان کردنی ئۆتیزمدا پشتیان پێ بەستراوە. ئەمەش پێچەوانەی ئەو راستیەیە کە دەڵێت رێگەکانی فێرکردن و کۆنترۆڵکردنی گونجاو رێگەچارەی جەخت لێکراوە، چونکە کاراییەکانی تاقیکراوەتەوە لەچارەسەرکردنی ئۆتیزمدا، ئێستا ئەوە جێگیر بووە- وەك لەسەردەمی کانەریشدا جێگیر بوو، منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم نەك هەر وەك منداڵانی سروشتی نین، بەڵکو بەزۆری لەمنداڵانی تر سەرەنجراکێش ترن، بۆیە جێی سەرسامی نییە کە ئەم لایەنە هانی "کانەر"ی داوە ئەو گریمانەیەی لا دروست ببێت کە ئەم منداڵانە زیرەکیش بن، بەتایبەت دوای ئەوەی لەهەندێك لایەنی دیایکراودا کۆمەڵێك لێهاتوویی و شارەزاییان تێدا دەردەکەوێت.

بۆ لێکدانەوەی ئەو هۆیانەی وادەکات منداڵی ئۆتیزم و گۆشەگیر و دوورەپەرێزبێت لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، "کانەر" پێیوایە هۆی ئەم حاڵەتە بۆ دایك و باوك دەگەڕێتەوە، بۆ زیادە روونکردنەوەی (کانەر) سەرزەنشتی دایك دەکات بۆگۆشەگیری منداڵەکەی یان ئۆتیزمەکەی، بەمانایەکی راستتر

دانیناوە بەتاوانبارێتی دایکەکەدا، وە (بەبێ هەستو (شعور) ناوی بردوون لەتووشبوونی منداڵەکانیاندا، لەسەر ئەمەوە چارەسەرکردنی تووشبووان پشت دەبەستێت بەهەڵسەنگاندنو راستکردنەوەی پەیوەندی نێوان دایكو منداڵەکەی بەرەچاوکردنی گریمانەکەی، هەرکات دایکەکە سەرکەوتو بوو لەدروستکردنی پەیوەندییەکی باشو دروست لەگەڵ منداڵە نەخۆشەکەیدا ئەوا بەتەواوەتی چاك دەبێتو دەگەڕێتەوە سەر قۆناغە سروشتیەکانی گەشەی خۆی، (چارەسەرکردن بەلەئامێزگرتن) لەنێو ئەو رێگەچارانەدا بووە لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئەم گریمانەیەدا سەریهەڵدا، سەرباری ئەوانەی پێشتر، پێناسەی ئۆتیزم وا نەماوە کە یەکێك بێت لەتێکچوونە هەستییە دانپێدانراوەکان- تارادەیەکی زۆر- ئەویش بەهۆی زۆربوونی زانیاریی لەسەر سروشتی بایۆلۆجی حاڵەتەکە، سەرەڕای ئەوەی زۆرێك لەپسپۆڕەکان ئەم لێکدانەوە ساکارە رەتدەکەنەوە کە هۆیەك بێت بۆ ئۆتیزم، بەڵام هێشتا هەندێك سەنتەری چارەسەرکردن هەیە پشتگیری لێدەکات، جگە لەوەی ژیانی خێزانی منداڵی تووشبوو بەشێکە لەکۆ وێنەکەی منداڵی تووشبووە، بەڵام تائێستا بەڵگە لەبەردەستدا نییە دان بەوەدا بنێت کە خێزان ببێتە هۆی تووشبوونی منداڵ بەئۆتیزم، بەسروشتی حاڵو دەزانرێت کە دایكو باوکی باشو خراپ کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر ژیانی هەموو منداڵان لەناو خێزانەکانیانداو لەنێوانیشیاندا ئەو خێزانانەی کە یەکێك لەمنداڵەکانیان تووشی ئۆتیزم بووە. ئەوەی تایبەتە کۆنیشانەی ئەسپەرجەرەوە، پەیوەستە بەو منداڵانەی کە "هانز ئەسپەرجەر" لەساڵی ١٩٩٤دا پۆلێنی کردن لەسەرەتادا بەسایکۆباتیە ئۆتیزمەکانیەوە[٣] بەستنەوە Autisic psychopathy (هانز ئەسپەرجەر) لەو پسپۆڕانەیە کە نووسینەکانی لەسەر رەفتار کۆکردۆتەوە، لەهەمان ئەو کاتەی کە لێکۆڵینەوەکانی (کانەر) لەسەر ئۆتیزم سەریهەڵدا، ئەسپەرجەر دانی بەوەدانا، کە تێکچوونەکانی رەفتار لەباری ئاساییدا لەسەر ئەو منداڵانە

٣- سایکۆباتی ئەو کەسەیە کە ناجێگیرە لەخەسڵەتەکانیدا، بەوەش وەسف دەکرێت کە زێدەرەوی دەکات لەخەیاڵکردنەوەو بەگومانیو لادانی رەفتارو بزربوونی جێگیری هەڵچوونو ناتوانێت خۆی رێکبخاتو هەستی ناکۆمەڵایەتی لاپەیدا دەبێت، دەست پاکیو راستیو هەوڵدانی لابزر دەبێت، بەڵام لەزۆرینەی کاتەکاندا ئەم کەسە سایکۆباتیە تووشی پشێوی نەبووە لە فرمانە ژیریەکانیدا.

دەرناکەوێت کە تووشی ئۆتیزم بوون، ئەمەش دوواتر هانی ئەوەیدا کە ڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ڕەفتار وەك ڕێگاچارە سەرهەڵبدات، لێرەدا چڕبوونەوەکە بەتەنها لەسەر لایەنێك لەلایەنەکانی حاڵەتەکەدا دەبێت بەبێ ئەوەی کار لەسەر هەڵسەنگاندنی یان خۆگرتنی حاڵەتەکانی تر بکرێت.

بەلاّم لەئێستادا زۆرتر بایەخ بەڕێگاکانی هەڵسەنگاندنی ڕەفتار دراوە ئەو ڕێگایانەی "لۆفاز" لەساڵی ١٩٦٦وە دایناوە، بۆ زێدەڕوونکردنەوە لۆفاز دەستکاری ئەم ڕێگایانەی کرد، بەجۆرێك کە کۆمەڵێك (پرۆگرامی دەستێوەردانی چارەسەری[٤]) خستەبەردەست دایك و باوکان هەتا بواریان بۆ بڕەخسێت هاوبەشی بکەن لەگەشەی منداڵەکانیاندا، جگە لەو گومانانەی کە لەسەر کارایی ئەم ڕێگە هەیە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردنی لایەنە کۆمەلاّیەتییەکان و شارەزایی بەردەوامبوونی لای منداڵ، بەلاّم ڕەنگە بەسوود بێت بۆ کەمکردنەوەی توندی تێکچوونە ڕەفتارییەکان کە منداڵ بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

بەتێپەڕبوونی ساڵ بایەخ بەلایەنی تری گەشەکردنی زۆر چڕ بووە، بەڵگەی ڕۆشن هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لەتووشبووان بەئۆتیزم بەشێوەیەکی نائاسایی- گەر سەرپەری تێدا نەبێت- وەلاّمی وروژێنەرە هەستییەکان دەدەنەوە، دواتر چڕبوونەکە گوێزرایەوە بۆ ئەم وەلاّمدانەوە نائاساییانە لەگەشەکردنی پرۆگرامەکانی چارەسەریاندا وەك (چارەسەرکردنی هەست تەواوی- Sensory Integration Therapy) وە مەشقەکانی بیستن تەواوی–Auditory Integration Training) لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەیەك دەرناکەوێت لەسەر هەبوونی تێکچوون لەفەرمانە هەستیەکان بۆ هەموو نەخۆشییەکانی، بۆیە ناتوانرێت ئەوجۆرە تێکچوونانە بکرێتە پلەی پێوانەی بۆ دەستنیشانکردنی تووشبوون بەئۆتیزم، بەلاّم پێویستە ئەو تێکچوونەی کە لەفرمانە هەستییەکاندا هەیە بەهەند وەربگیرێت وەك نیشانەیەکی زاڵ کە یاوەری حاڵەتی ئۆتیزمەو دواتریش دەبێت بایەخی پێبدرێت.

---

٤- پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەریی بەڕێگەیەکی چارەسەر دادەنرێت بۆ گۆڕینی هزرو هەست و ڕەفتاری کەسێك جێبەجێدەکرێت، ئەم پرۆگرامە پشت دەبەستێت بە هەندێك لایەنی دیاریکراوی وەك ڕەفتاری سایکۆلۆژی و دەروونی و زانیاری، پسپۆڕەکان خۆیان ئەم پرۆگرامە جێبەجێدەکەن، یان ڕێگە دەدەن بەکەسانی تر جێبەجێی بکات وەك نەخۆشەکە خۆی.

هەرچەندە ئەوە سەلمێندراوە کە فێرکردن زۆرترین ڕێگای کارایە لەچارەسەرکردنی ئۆتیزمدا، بەڵام لەمەدا گریمانەیەکی هەڵە هەیە کە پشت دەبەستێت بەخراپ تێگەیشتنی خودی حاڵەتی نەخۆشییەکە خۆی، باوەڕێك باو بوو کە گرنگی زۆری دەدا بەڕۆڵی پرۆگرامە چڕوپڕەکانی فێرکردن ئەویش بۆ تێپەڕاندنی لەمپەرەکانی ئۆتیزم و هەل دەستەبەرکردن بۆ تووشبووانی ئۆتیزم بۆئەوەی لەگەڵ دەوروبەریدا یەکبگرێت و سروشتی بێت، بەڵام سیستمی فێرکردنەکە بەلەبەرکردن بوو، Rotelearn نەك بەتێگەیشتن، ئەمەش هەرگیز بەڕێگەی لەبار دانانرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکان بەمنداڵ و ڕێگەیەکی باش نییە بۆ تێگەیاندنی دروستی منداڵان، دواتر ئەو ئەنجامە چاوەڕوانکراوەی کە لەجێبەجێکردنی ئەمجۆرە فێربوونەوە پەیدا دەبێت نادروست و ناپەسەندە.

لەلایەکی تریشەوە ئەوە سەلمێنراوە کە تێکچوونی بەڕواڵەتی زمان و هەتا ئێستاش لەنیشانە هەرە بنچینەییەکانی نەخۆشی ئۆتیزمە لەزۆرینەی کاتداو بەشێوەیەکی گشتی پسپۆڕانی چارەسەرکردنی ئاخافتن و زمان یەکەم کەسن ئەو منداڵانە دەدۆزنەوە، کە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت تووشی ئۆتیزم بووبن، هەمیشە قورسایی ئەو مەزندەو باوەڕە دەکەوێتە سەرئەوان و دەڵێن گەر منداڵ توانی قسە بکات ئەوا باقی کارەکان بەرەو باشە دەڕوات، لەم چوارچێوەیشدا ئەو تێکچوونانەی کە لەتوانای زانیاریدا ڕوو دەدەن و ئەو تێکچوونانەی لەڕەفتاردا ڕوودەدات هەموو ئەمانە بەتەواوەتی پشتگوێ دەخرێت، وای دادەنێن هیچ پەیوەندییەکی بەئۆتیزمەوە نییە، چونکە وا لەئۆتیزم دەڕوانرێت کە تێکچوونە لەزمان و قسەکردندا، لەهەشتاکانی سەدەی رابردوو دوو زاراوەی (تێکچوون لەتێگەیشتنی ماناکان و باش مەزەندەکردنی کارەکان) سەریهەڵدا بەم تێگەیشتنە هەڵەیەش دوواتر نەتوانراوە دەستنیشانی حاڵەتەکانی منداڵی تووشبوو بەتێکچوونی بەکارهێنانی زمان وەك حاڵەتێکی تووشبوون بەئۆتیزم بکرێت، هەتا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە تێکچوونی لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ هۆی راستەقینەی تووشبوونێتی بەئۆتیزم، ئەوە دانەنرا بەتەنها وەك ئەنجامێکی تووشبوو بەو نەخۆشییە، بەهەڵە

تێگەیشتنی دەرئەنجامەکانی خراپ بەکارهێنانی زمان، مەزەندەیەکی هەڵەی تریشی لەگەڵ خۆیدا هێنا ئەویش بەکارهێنانی (زمانی ئاماژە-manuat sign sytem) بوو ئەمەش وەك فەرەبووکردنەوەیەك بۆ ئەو تێکچوونانەی بەسەر گوفتارو زمانی منداڵەکەدا هاتووە، ئەمەش بەسروشتی باوەڕێکی سادەو ساکارە، چونکە رەچاوی سروشتی نەخۆشی ئۆتیزمی نەکردووە، ئۆتیزم نەخۆشییەکە کە کاردەکاتە سەر هەموو شێوازەکانی پەیوەندی بەکەسانی ترەوە جا بەشێوەی گوتراو بێت یان نەگوتراو، بەهەرحاڵ، هێشتا بوار لەبەردەستدا ماوە بۆ بەکارهێنانی زمانی ئاماژە لەپرۆگرامەکانی فێرکردندا، بەشێوەیەکی گشتی ئەو منداڵانەی کە دەناڵێنن بەدەست تێکچوونی بەکارهێنانی زمانەوە دەتوانن سوود لەم کارە وەربگرن ئەویش بەفێربوونی هەندێك لەئاماژە سەرەکییەکان بەهۆی ئەوەوە بتوانن گوزارش لەپێداویستییە سەرەکییەکانیان بکەن، بۆ ئەو منداڵانەی کە تواناییان باشتر لەوانەیە زمانی ئاماژە بتوانێت توانای وەرگرتنی هەندێك چەمکیان بەهێزتر بکات وەك (پیتەکانی جەرو راناوەکان).

سەرباری ئەوەی لایەنگرانی کۆمەڵەی (شارەزایی پەیوەندی ئاسانکراو facilited commun-) لەساڵی ١٩٩٣دا کۆکبوون لەسەر هەمان ئەو بیرۆبۆچوونە هەڵانەی کە پێشتر باسکرا، بەوەش راستییە زانستییەکانیان پشتگوێ خست، ئەوەش لەپێناو پشتگیریکردنی هەندێك راوبۆچوون کە هێشتا لەڕووی زانستییەوە نەسەلمێندراوەو جێگیر نەبووە زۆر دووریشە لەچەمکی راستەقینەی نەخۆشی ئۆتیزم.

جێگەی داخیشە کە هێشتا ژمارەیەك لەپسپۆڕان و باوکان ماون بەدووی ئەم راوبۆچوونە هەڵەو لەڕێگەلادەرە کەوتوون، زۆرێك لەپسپۆڕان سەریان هەڵداوەو بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زۆرێك لەم کارانە دەزانن پاشان زیان بەپیشەکەی خۆیان و ئەوانەشی چارەسەریان دەکەن، دەگەیەنن.

پێشتر باسمان لەوەکرد جۆراوجۆرێتی نیشانەیەکی زەقی نەخۆشی ئۆتیزمە، باسیشمان لەوەکرد کە دەکرێت ئەم نەخۆشییە گران فێربوون و بزرکردنی هەستیشی لەگەڵدا بێت، لەگەڵ ئەوەشی زۆر قورس و ئاڵۆزە بۆیە پێویستە روونکردنەوەی زۆرتر بدەین، منداڵانی ئۆتیزم نەك هەر مۆدیلی جۆراوجۆریان

نییە لەگەشەدا بەڵکو لەلایەنەکانی تریشدا جیاوازییان لەنێواندا هەیە، سەرباری ئەوەش رەنگە هەندێك فاکتەر دەربکەوێت کە حاڵەتەکەیان دەبەستێتەوە بەهەندێك فاکتەری ترەوە کە یاوەری نەخۆشی ئۆتیزمە، بۆنموونە هەریەك لە (کۆنشانەی شکستێتی - Fragile xsyndrome) وە (قۆقزە رەقبوون - التصلب الحدبی- Tuderous selerosis) وە کۆنشانەی ریت -Retts Syndrome) هەموو ئەمانە ئەو نەخۆشیانەن کە یاوەری ئۆتیزمن.

هەروەها لەم دووایانەشدا (هاوبەستەی تۆریتی-متلازمە توریتی-Tourette syndrome[5]) هاتە سەر ئەم لیستە.

کتێبەکەی (ئوتافریپ) کە لەساڵەی ١٩٨٩دا بلاوبۆوەو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر پرۆگرامەکانی چارەسەری نەخۆشی ئۆتیزم هەبوو، بۆ نموونە لەم کتێبەدا وەسفی ئەم کەموکووری زانیارییانەی کردووە کە لەگەڵ نەخۆشی ئۆتیزمدایە، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی (سیانەی- وینگز-wings trjad) ئەم کارەی فریپ لەسەر بیردۆزی ژیریو هەست دامەزراوە، هەروەها ئەو نارەحەتیو زەحمەتانەشی لەخۆگرتووە کە تووشبوانی ئۆتیزم رووبەرووی دەبنەوەو رێگەی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی ژمارەیەك لەرێگاکانی فێرکردنو پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری گونجاو، ئەوەی تایبەتە بەبیردۆزی ژیری لای منداڵانی ئۆتیزم، "فریث" دەڵێت، ئەم کەموکوورییە زۆر بەروونی دەردەکەوێت کە ئەم منداڵانە توانای وەرگرتنو تێگەیشتنی بیرو راوبۆچوونو هەستی خەڵکانی تریان نییە، بەگوزارشتێکی تر ناتوانن ژیریی کەسانی دەوروبەری خۆیان بخوێننەوە. ئەوەشی پەیوەندی بەهەستەوە هەیە ئەو گرفتانەشی کە لێی دەکەوێتەوە ئەوەیە کە منداڵی ئۆتیزم بەلایەوە زۆر گرانە بزانێت پابەندی چی بێتو لەچی دووربکەوێتەوە.

لەبەرئەوە لێکۆلینەوەکەی (فران هابی) ساڵی ١٩٩٤وە لێکۆڵینەوەکەی (سایمون بارون- کوهین)ی ساڵی ١٩٩٥ز جەختیان کردووە لەسەر دروستی بیردۆزەکەی "فریث" سەبارەت بەژیریو هەستو پەیوەندی هەریەکەیان بەنەخۆشی

٥ -کۆنشانەی تۆرێتی لە نەخۆشیەکانی تێکچوونی دەمارە کە هەندێك گرژبوونی لەگەڵدایە لەسەردەمو چاوو هەندێك بەشی تری لەش دەردەکەوێت، لەئاساییدا ئەم تێکچونە دەمارییە لە قۆناغەکانی منداڵی یان هەرزەکاییدا دەردەکەوێت، هەروەها هەندێك دەنگ یان وتەی ناپەسەندی لەگەڵدا دەبێت.

ئۆتیزمەوە (بۆ زێدە زانیاری بەشی یەکەمی ئەم کتێبە بخوێنەرەوە).
هەندێك لەلێکۆڵینەوەکان باس لەیەکێك لەو تێکچوونە سەرەکیانە دەکەن کە لەسەر ئاستی سایکۆلۆژی هاوکاتن لەگەڵ نەخۆشی ئۆتیزمدا، کە ئەویش بریتییە لەشکستهێنانیان لەجێبەجێکردنی فرمانە سروشتییەکانیان، ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەمانە رووبەرووی زەحمەتێکی زۆر دەبنەوە لەلایەنی پلاندانان و رێکخستندا، بۆیە توێژەرەوەکان دانیان بەوەداناوە ئەم گرانی و زەحمەتەیە کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی رەفتار دووبارەکردنەوەو بەردەوامێتی کە لەسەر زۆرێك لەتووشبوونی ئۆتیزم تێبینی دەکرێ (لەبەشی چوارەمدا لێکدانەوەی تری جێگرەوە دەکەین بۆ ئەم رەفتارە) لەو شتانەی تر کە مایەی مشتومرە ئەوەیە ئایا بەپێویست پەیوەندیی هەیە بە (توانای جێبەجێکردن) کەموکورییە لەتوانای پلاندانان و توانای رێکخستندا، دەکرێت ئەو گرانی و تێکچوونانەی لەهەستدا روودەدەن، واتە توانای پابەندبوون بەوەی کە پێویستە پابەندی بێت، وەدوورکەوتنەوە لەوەی کە پێویستە لێی دوور بکەوێتەوە کاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر توانای تاکەکە بۆ پلاندانان و رێکخستن، بەگوزارشتێکی تر هەست یارمەتی باشکردن و بەهێزکردنی تواناداری جێبەجێکردن دەدات لای تاکەکە.
لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەی کە پێشتر باسکرا پێویستە لەسەر هەموو ئەوانەی کە پسپۆڕن لەچارەسەر یان لەفێرکردنی ئەو منداڵانەی تووشی ئۆتیزم بوون کە بەدووی نوێترین دەرەنجامی توێژینەوەکان بکەون، دواتر پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری و کۆنترۆڵکردنی ئەمانە پشت دەبەستن بەو بیروبۆچوونانەی پاڵپشتە بۆ زانیارییان لەسەر ئەو حاڵەتانەی کە چارەسەری دەکەن، لەبری ئەوەی پشت ببەستن بەو بیردۆزو بانگەشانەی کە هێشتا بەکردەوە دروستیی و جێگیرییان نەسەلمێنراوە بەشێوەیەکی گشتی بەلای چارەسەرکەرانەوە جا مامۆستایان بن یان پزیشکە دەروونناسەکان بن یان دایك و باوك، گرانە فەرمان بدەن بەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکان لەرووی ئەوەوە هەتا چەند بەسوودە بۆیان، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ئاسانە ورەو تواناکیان لاواز بکەن بەوەی قەناعەت بکەن بەهەندێك راوبۆچوون، هەر بەتەنها

لەبەرئەوەی لەم بوارەدا زاراوەی ئەکادیمی پسپۆڕی بەکاردەهێنن.
بەلای ئێمەوە زۆر پێویستە ئەو کەسانە شارەزایی زانستی زۆرتر بەدەست بهێنن، ئەمەش یارمەتی ئەوەیان دەدات کە فەرمانی دروست دەربکەن لەسەر بەهای ئەو بیردۆزە نوێیانەی لەم بوارەدا سەرهەڵدەدەن، ئەم شارەزاییانە یارمەتی ئەوەشیان دەدا، ئەو بابەتانە بناسنەوە کە دەبنە پاڵپشت بۆ تێگەیشتن لەحاڵەتی ئەو منداڵانەی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.
وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا بیردۆزی ژیری و هەست بێگومان یارمەتی زۆری ئەوەیدا کە شارەزایی و تێگەیشتنێکی زۆر بەرز لەسەر نەخۆشی ئۆتیزم دروست بێت، ئەمەش هەلی بۆ زۆرێك رەخسان کە بیروبۆچوون و بیرۆکەی نوێ بەسوودی لادروست ببێت.
لەلایەکی تریشەوە نابێت هەر چارەسەرکەرێك کە پەیرەوی لەیەکێك لەپرۆگرامەکانی دەست تێوەردانی چارەسەری دەکات وای دابنێت کە ئەو پرۆگرامە چارەسەرێکی تەواو چاککەرەوە بۆ هەموو نەخۆشییەکان نەخۆشی ئۆتیزم بەیەکێك لەکۆسپ و لەمپەرەکانی بەردەم گەشەکردن دادەنرێ، بەو نەخۆشیانەی دادەنرێ کە توانای شفاو چاکبوونەوەی هەیە، لەباشترین حاڵەتدا چارەسەرکردن بەیەکێك لەپرۆگرامەکانی دەست تێوەردانی چارەسەری وادەکات سوود لەزۆرترین توانای نەخۆشەکە وەربگیرێت سەرباری ئەوەی وایان لێدەکات رێگەو شێوازی نوێ بگرنەبەر بۆ سازان لەگەڵ ئەو تێکچوون و شپرزەییەی بەدەستیەوە دەناڵێنن، لەلایەکی تریشەوە، بێگومان ئەمە یەکێکە لەو کارانەی کە بەلای دایك و باوکانەوە زۆر گرانە پەسەندی بکەن چونکە دایك و باوك زۆربەی کات بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێن کە بەتەواوەتی چارەسەری ئۆتیزم بکات، ئەمە کارێکە دەزانرێت و بەتەواوەتی لەبەر چاوگیراوە، بۆیە ئاسانە کە پزیشکی چارەسەر تورە بێت کاتێك دەبینێ باوك و دایکان کات و پارەی خۆیان بەفیرۆ دەدەن بەپەیرەوکردنی ئەو رێگاچارانەی کە هێشتا کارایی و دروستیان جێگیرنەبووەو نەسەلماوە، لەبەرئەوەی بەرگەی ئەوە ناگرن بڵێن رێگەچارەیەکی تر هەیە ئەمان نەیانگرتبێتەبەر، بەڵام لەسەر چارەسەرکار پێویستە ئەم کارە وەك شتی شەخسی وەرنەگرێت، زۆرێك هەیە و دەیانەوێت

کارەکان بزانن و بناسن لەرێگەی تاقیکردنەوەکانی خۆیانەوە، بێ گوێدانە ئەو ئامۆژگارییانەی کە لەم رووەوە ئاراستەیان دەکات.

لەکۆتاییدا زۆرینەی باوکان پەنادەبەنەبەر پەیرەویکردنی رێگا پەسەندو دروستەکان لەبری ئەو رێگایانەی کە هەر بەتەنها بەهیوای چاکبوونەوەیانن.

دواجار پێویستە ئەوەش بڵێین کە کارەکانی (ویندی رینالدی) (١٩٩٢-١٩٩٤) سەرنجی زۆر کەسی بۆ لای خۆی راکێشا، چونکە گرنگی زۆری هەبوو لەمەشق پێکردنی منداڵانی ئۆتیزمدا، لەسەر جێبەجێکردنی زۆرێك لەشارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها گەشەی دا بەپرۆگرامەکانی (بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی پرۆگرامەکانی زمان -social use of language programme) ناسراو بە (sulp) لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا، ئەویش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەموکووری لەهەستکردندا، ئەوەش بێئەوەی زانیاریی هەبێت بەتوانای جێبەجێکردنی بەسەر ئەو منداڵانەدا، پەککەوتن و کەموکوورییە راستییەکانیان لەبواری کۆمەڵایەتیدا، بەوەی چاکەوباشە کە بۆ ویندی رینالدی دەگەرێتەوە لەرووی هاوکارییەکانی لەسەر دروستبوونی بیرۆکەیەك یان چەمکێکی باشتر سەبارەت بەپێداویستییەکانی ئەو منداڵانە، ئەو رێگایەنەشی کە بەهۆیەوە دەست وەردەدەن بۆ باشکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانیان.

تێبینی: لەکۆتایی هەر بەشێکیدا لیستێکی ئاسانی سەرچاوە دەستە بەرکراوە، هەروەها لەکۆتایی کتێبەکەدا پاشکۆ ئامادەکراوە، کە نموونە و ناونیشان و پێشنیازی بەسوود لەخۆ دەگرێت لەبواری چارەسەری نەخۆشی ئۆتیزمدا.

# بەشی یەكەم

## هەڵسەنگاندن

لەو كاتەوە كە نەخۆشی ئۆتیزم زانراوە، كۆمەڵێكی زۆر توێژینەوە سەریهەڵدا كە پەیوەندییان هەبوو بەلایەنە جیاوازییەكانی ئەم نەخۆشییەوە، یەكێك لەو لێكۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنانە كە لەسەر ئەم توێژینانەوە كرا ئاستی ئێستای ئەو زانیارییانەی روونكردنەوە كە لەسەر ئەم نەخۆشییە هەیە ئەمە سەرباری هۆیەكانی، ئەوەشی دەرخست كە زۆر پێویستمان بەوە هەیە گەشە بدەین بەرێگەیەكی تەواوكاری بۆ هەڵسەنگاندنی ئەنجامی ئەو توێژینەوەیانەی، كە لەم بوارەدا دەكرێ، بۆنموونە ئەوانەی كۆمێنتیان هەبوو لەسەر ئەم توێژینەوەیانە پێشنیازیان كرد كە دەتوانرێت لێكۆڵینەوە بكرێت لەسەر لایەنەكانی بۆ ماوەیی، دەماری سایكۆلۆژی [٦]، دەماری ئۆرگانی [٧]، ئەمە سەرباری نووسینی راپۆرتێك لەسەر هەر زیادبوونێكی بەرچاو لەئاستی سەرهەڵدانی نەخۆشییەكە خۆیدا. بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بگەینە هەموو ئەوانەی باسكرا، ئەویش لەرێگەی فراوانكردنی پشتێنەی دەسنیشانكردنەكە، بەجۆرێك هەموو ئەوانەش بگرێتەوە كە نەكەوتونەتە بەر پرۆسەكانی دەسنیشانكردنە كلاسیكییەوە، لەكاتێكدا نیشانەكانی گۆشەگیری كۆمەڵایەتی‌و تێكچوونی شارەزاییە كۆمەڵایەتییەكانیان لەسەر دەركەوتووە، ئەمەش زۆر بەروونی ئاماژەیەكە بۆ تووشبوون بەنەخۆشی ئۆتیزم.

٦- ئەم زاراوەیە ئاماژە دەكات بۆلقێكی زانستی سایكۆلۆژی كە تایبەتە بە لێكۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان كۆئەندامی دەمار بەتایبەت مێشك‌و فرمانە ژیرییەكانی تری وەك زمان، بیرەوەری‌و تێگەیشتن

٧- ئەم زاراوەیە ئاماژە دەكات بۆ لقێكی زانستی بایۆلۆژی كە تایبەتە بە لێكۆڵینەوەی كۆئەندامی دەمار یان هەر بەشێك لەبەشەكانی.

بەلای ئەوانەوە کە ئەم کارە دەکەن تێبینی ئەوەیان کردووە، کە هەندێك رەوشی کۆمەڵایەتی نائاسایی هەیە لەناو ئەو خێزانانەدا کە منداڵێکی ئۆتیزمیان هەیە، ئەمەش کاردەکاتە سەر دایك و باوك و براکان بەتایبەتی باوك، یەکێك لەو لێکۆلینەوە پسپۆرییە پزیشکییە دەریخستووە لەکاتی ئاماژەدا بۆ ئەو شێوازە بەرووالەتی تێکچوونەکانی یاوەری ئۆتیزم، زۆر رێزدەگیرێت لەتێبینیەکانی ئەو کەسانەی کە لەو تویژینەوانەدا کاردەکەن کە تایبەتە بەتێکچوونەکانی یاوەری ئۆتیزم، ئەوانەی جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئۆتیزم لەئێستادا بەنەخۆشییەك دانانرێت کە دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دەگمەن بێت، یان بەگوزارشتێکی تر لەئێستادا رەگەزەکانی نەخۆشی ئۆتیزم بەشێوەیەکی گشتی زۆر بلاودەبێتەوە، لەبەر ژمارەیەك هۆکار، ئێستا لێکدانەوەی دەوێت دەربارەی ئەو منداڵانەی گەشەناکەن و پەرەناسێنن بەگوێرەی تێکرا چاوەروانکراوەکان، ئێستا دەتوانین دەستنیشانی زۆرێك لەو گرفتانە بکەین کە رەنگە کۆسپ بن لەبەردەم گەشەی منداڵدا، ئەمە لەرابردوودا پشتگوێ دەخرا یان لێکدانەوەیەکی بۆ دەکرا کە دوور بوو لەئۆتیزمەوە، لەدیدی پسپۆرانەوە ئەگەر منداڵی ئۆتیزم تووشی ژمارەیەك کێشە بکات کە کارێکی گەورە دەکاتە سەر ژیانی خێزانی، فێربوونی و سازانی کۆمەڵایەتی، لێرەدا جەخت لەوە دەکرێتەوە کە پێویستە کرداری دەستنیشانکردنی بۆ بکرێت لەتوێژینەوەکانماندا رێکەوتی هەندێك حاڵەتی ئۆتیزمان کردووە لەناو پێگەیشتواندا (البالغین)کە لەخوێندندا سەرکەوتووبوون، بەلام دەیاننالاند بەدەست هەندێك کێشەو گرانییەوە، کە لەژیانی رۆژانەیاندا رووبەروویان دەبێتەوە، ئەویش لەئەنجامی ئەوەدایە کە بەگران گوزارشت لەخۆیان دەکەن، بەلام دوای ئەوەی خرانە ژێر پرۆسەی دەستنیشانکردنەوە، هەرچەندە لەقۆناغی بیستەکانی تەمەنیاندا خراونەتە ژێر پرۆسەی دەسنیشانکردنەوە، هەستیان بەوە کردووە کە باوەریان زۆر بەخۆیان هەیەو ئاسودەن و سازاون لەگەڵ کۆمەڵگەکانیاندا.

لەسەر ئەوانەی پێشووەوە گەیشتینە دوو بەکارهێنانی بەسوود لەکرداری هەڵسەنگاندندا، یەکەمیان تایبەتە بەئامانجەکانی دەستنیشانکردن، دووەمیشیان خاڵی دەستپێکردنی پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەرییەکە تایبەتە بەچارەسەرکردنی ئۆتیزم، بەشێوەیەکی گشتی، دەتوانرێت پرۆگرامەکانی

دەستێوەردانی چارەسەریی بەسەرفێربوون و بەسەرچارەسەرکردندا بەیەکەوە جێبەجێ بکرێت، پاشان لەهەموو حاڵەتێکدا پێویست ناکات لێکیان جیابکەینەوە، رەنگە لەناو خوێنەرانی ئەم کتێبەدا هەبێت کار بکات لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە بەراستی خراونەتە ژێرکرداری دەسنیشانکردنی فەرمی حاڵەتی ئۆتیزمەوە، لەوانەیە لەنێوانیشیاندا هەبێت کە هێشتا گومانیان هەبێت لەبەراستی تووشبوونی ئەو منداڵانە بەئۆتیزم، لەبەرئەوەی تێبینی هەندێك نیشانەیان کردووە کە لەدەستپێکی ئەم کتێبەدا باسمان لێوەکردووە، بەهەرحاڵ ئەوەی بەلامانەوە گرنگە توانای دیاریکردنی ئەو تێکچوونانەیە کە منداڵەکە تووشی دەبێت لەرووی توانا کۆمەڵایەتیی و زانیارییەکانیەوە، ئەمە ئەو تێکچوونانەیە کە لەسیانیەکەی رووەکانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، کە لەدەستپێکی کتێبەکەدا باسمان لێوەکرد، بەگوزارشتێکی تر ئەمە ئەو پرسیارەیە کە خۆی دەسەپێنێت لەم بارەیەوە، ئایا پشتێنەی ئەو زەحمەت و گرانیەی منداڵەکە بەدەستیەوە دەناڵێنێ دێتە ژێر چەتری ئۆتیزمەوە؟! گەر کارەکە وەها بوو، ئیتر هیچ پێویست ناکات گفتوگۆ و مشتومڕەکان لەدەوری ناوی ئەو زەحمەت و گرانیانە چڕبکەیتەوە، ئایا ئەم ناوەیە یان هەرناوێکی ترە، بەشێوەیەکی گشتی پێویستە هەڵسەنگاندنەکان دەربڕی پێداویستییەکانی تاکی منداڵەکە بێت، پێویستیشە گشتگیر بێت و هەموو ئەو جۆراوجۆرێتیی و دژبەیەکانە لەخۆ بگرێت کە لەحاڵەتی نەخۆشی منداڵەکەدا هەیە، بەهەرحاڵ خڕبوونەوە ئاسان دەبێت لەدەووری توانا تایبەتییەکان و هەڵخەڵاتن بەچەمکەکانی، هەروەها چڕبوونەوە هەڵخەڵەتانیش ئاسان دەبێت دەربارەی ئەو قورسی و گرانیەی لەکردارەکانی گەشەکردنی منداڵدا روو دەدات وەك تێکچوونی (پاڵپشتە جووڵە pyspraxia[8]).

لەبەرئەوەی حاڵەتەکانی منداڵانی تووشبوو جیاوازن لەیەکتر، بۆیە دەکرێت پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەپرۆسەی کۆکردنەوی بەشەکانی وێنەی پازڵ بچوێنین Jigsaw puzzle کە هەنگاو بەهەنگاو ئەنجام دەدرێت، هەموو لایەنە تێکچووەکانی شارەزاییەکانی منداڵ کۆدەکرێتەوە بۆئەوەی وێنەیەکی لێ پەیدا

8 – پاڵپشتە جووڵە دەربڕینی ئەو پشێوی و ناڕێکییە لەهاوئاهەنگی جووڵەییدا روو ئەدات یان لەهاوئاهەنگی جووڵەکانی لەشدا رووەدات.

بکەین مانای هەبێت، کۆمەڵەی نەتەوەیی بەریتانیا بۆ ڕەچاوکردنی منداڵانی ئۆتیزم ڕووی منداڵەکە بەدروشمێکی دەربڕو پەیوەندیدار بەو حاڵە تایبەتەی هەیەتی دادەنێن، لەکۆی گشتیدا پێویستە ئەوە بەبیر خۆماندا بهێنینەوە کە بەردەوامێتی نەخۆشی ئۆتیزم،، ژمارەیەك گۆڕان بەسەر منداڵەکەدا دێت لەکاتی گشەکردنیداو ڕەنگە هەندێك نیشانەو خەسڵەتی ڕۆشنی نەخۆشییەکە هەر نەمێنێت، لەسەر ئەمەوە ڕەنگە ئەم وێنەیە لەناوەڕاستی قۆناغی منداڵیدا بەتەواوەتی بگۆڕدرێ لەچاوئەوەدا کە لەقۆناغەکانی گەشەکردنی یەکەمدا ماوەی شیرە خۆری هەیبووە، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە نەخۆشی ئۆتیزم لەو نەخۆشیانە نییە کە بەتەواوەتی شفای هەبێت و نەمێنێ، بەڵام لەقۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵدا بەچەند ڕێگەیەك دەگۆڕێت، لەئەنجامی ئەم گۆڕانەدا جێگەی سەرسوڕمان نییە کە پزیشکە تایبەتەکە سەرنەکەوێت لەتێبینیکردنی ئەوەدا کە منداڵەکە دەناڵێنێ بەدەست تێکچوون لەشارەزاییە کۆمەڵایەتیەکانەوە سەرباری تێکچوون لەشارەزاییەکانی ڕەفتار و شارەزاییەکانی بەردەوامی لەگەڵ ئەوانی تر.

بەگوزارشتێکی تر، دەشێت ئەم کارە بۆیە ڕوودات، چونکە پشت دەبەسترێت بە گریمانەی ئەو کێشانەی ئێستا کە لەبەرچاون بێ گەڕانەوە بۆ ماوەکانی پێشووی منداڵەکە، کە دەکرێت ئەمە وابکات دەستنیشانکردنەکە ئاسانتر بێت، دوواتر هەرئەوەندە بەس نییە کە چاوێکی خێرا بخشێنینەوە بەتۆمارە پزیشکییەکەی منداڵە تووشبووەکەدا، بەڵکو پێویستە جەخت لەسەر پێویستی درێژبوونەوەی هەڵسەنگاندنکە بکەین بۆ پشت ئەو دانیشتنانەی کە لەنۆڕینگە تایبەتیەکاندا دەبەسترێت، بەجۆرێك ئەو تێبینیە نووسراوانەش لەخۆ بگرێت کە تایبەتە بەمامەڵەکردنی منداڵەکە لەناو کۆمەڵگەکەداو هەڵسوکەوت و پەرچەکرداری دەربارەی ئەو هەڵوێستانەی لەژیانیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە، پرۆسەی هەڵسەنگاندن پێویستە کەی دەست پێبکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانە (هەر لەسەرەتاوە) بۆ زێدە ڕوونکردنەوە، ڕەنگە لەو قۆناغەدا کە منداڵەکە لەسکی دایکیدایەتی لەقۆناغی بوونەوە زانیاریمان دەست بکەوێت لەم بارەیەوە، ڕەنگە فەوتانێك لەمێشکیدا ڕوودات، ڕەنگە منداڵەکە تووشی هەندێك نەخۆشی بێت، ئەوانیش بەدووای خۆیاندا نەخۆشی تر بهێنن کە

ببنە هۆی گران گەشەکردنی منداڵەکە، رەنگە هەموو ئەم هۆیانەش بەیەکەوە ببنە هۆی هەبوونی زەحمەتو گرانی لەفێربوونی ئەو منداڵەدا کە تووشی ئۆتیزم بووە، لەبەرئەوەی نەخۆشی ئۆتیزم لەنەخۆشییە بۆماوەییەکانە، بۆیە تۆماری پزیشکی خێزانەکەش زۆر زانیاریمان دەداتێ لەسەر حاڵەتی منداڵەکە، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی سوودێکی زۆری هەیە، چونکە دەتوانین ئەوە بزانین کە ئایا ئەگەری دووبارەبوونەوەی تووشبونێکی تر هەیە بۆ هەر سکپڕبوونێك لەئایندەدا، چونکە تێکڕای تووشبوون بەزەحمەتو گرانی زانیاریی لەناوبراو خزمەکانی تووشبوو بەئۆتیزم زۆرترە، لەتێکڕا ناوەنجیەکە، دواکەوتنی زمانو گرانی خوێندنەوەش لەخۆ دەگرێت سەرباری ئەو دیاردە ئاشکرایانەی تر کە جەخت لەسەر تووشبوون بەئۆتیزم دەکەن یان جەخت لەو رەفتارە لێکچوانەی دەکەن.

مێژووی درێژی گەشەکردنی منداڵی ئۆتیزم لەو فاکتەرانەیە کە گرنگییەکی زۆری هەیە، ئەمە سەرباری گرنگی گەڕانەوە بەشێوەیەك لەشێوەکان بۆ گەشەکردنی کۆمەڵایەتی زووی ئەم منداڵە لەبری چڕکردنەوە لەسەر تەنها گەشەکردنی جەستەیی، بەشێوەیەکی گشتیو لەباری ئاساییدا گەشەکردنی جەستەیی لەوانەیە سروشتی بێت یان زوو بێت لەناو ئەو منداڵانەدا کە تووشی پەککەوتنێکی مەترسیداربوون، هەرکەسێکی ئاسایی کە شارەزایی هەبێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ منداڵی سروشتی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانێت ئەو منداڵە گۆشەگیرە یان ئەوانەی بایەخ نادەن بەشۆڕبوونەوە بۆ ناو ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیانەی دەوریداون بناسێتەوە، رەنگە ئەم منداڵانە وەڵامی هەندێك کاریگەری دەرەکی بدەنەوە، بەتایبەت بۆ ئەوجۆرە یارییانەی کە توندوتیژی تێدایە وەك لێدانو کەوتن تەقلەلێدان، ئەمانە کارێکن رەنگە ئەو تێکچوونانە داپۆشن کە تووشبووانی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەیانە بەجۆرێك نەتوانرێت تێبینیان بکرێت، ئەمجۆرە منداڵانە سەرکەتونابن لەئاخافتن لەڕێگەی چاوەوە یان دەستپێکردنی هەرجۆرە گفتوگۆیەك بەبێ بەکارهێنانی وشە، ئەمانە هیچ ئەرکێك ناکێشن لەهاوبەشیکردنی هەر چالاکییەکدا، هەوڵیش دەدەن کە پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا دەکەن بەتەنها لەپێناو بەدیهێنانی خواستەکانی خۆیاندا دەیکەن، یەکێك لەلێکۆڵینەوەکان

سەلماندویەتی ئەم ئاماژە پێشوەختانەی لەکەموکووڕی کۆمەڵایەتیدا هەیە دەکرێت ئەمانە نموونەی سەرەتاو چەکەرەی تووشبوون بن بەئۆتیزم، لیستی نیشانەکانی نەخۆشی ئۆتیزم لای شیرە خۆرە chat کە کورت کراوەی check list for autismin toddlersسەلماندوویەتی کە کاریگەریەکی بەسوودە لەدۆزینەوەی ئەو منداڵانەی کە دووچاری مەترسی تووشبوون دەبنەوە بەو نەخۆشیە هەر لەتەمەنێکی زوودا، واتە هەر لەدەستپێکردنی ساڵ و نیوێکی تەمەنەوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو لیستە لەدووبەش پێکدێت، بەشی یەکەم کۆمەڵێکە لە ٩ پرسیاری ئاسان پێکدێت کە لەلایەن دایک و باوکەوە بە (بەڵێ یان نەخێر) وەڵام دەدرێتەوە، بەشی دووەمی لیستەکە، تێبینیە تایبەتیەکانی پزیشکی خێزانە-یان هەر پزیشکێك کە چارەسەری منداڵەکەی کردبێت، ئەوەش بۆ هەڵسەنگاندنی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵەکەیە، سەرباری ئەوە بەشی یەکەمی لیستەکە وا دیزاین کراوە کە ئایا منداڵەکە لەگرنگی پێدانەکانیدا هاوبەشی کەسانی تر دەکات؟ ئەو شتانەی کە پێویستی پێیەتی لەرێگەی ئاماژەوە داوای دەکات؟ ئایا یاری خەیاڵئامێز دەکات، وەك ئەوەی قۆری و پیاڵەی بەدەستەوە بێت وا دەریبخات چا تێدەکات، بەشی دووەمی تۆمارەکە ئەو وەڵامدانەوەیانەی منداڵ تێدایە لەسەر هەندێك داخوازی کە پەیوەندیدارە بەلایەنی هاوبەشییە کۆمەڵایەتیەکانی کە هەیەتی گەر ئەم تاقیکردنەوانە سەلماندی منداڵەکە هەژارە لەتوانای خەیاڵکردنەوە لەیاریکردندا، لەتوانای هاوبەشی پێکردنی کەسانی تر لەو لایەنانەی کە ئەم بایەخی پێدەدات لەتەمەنی یەك ساڵ و نیویدا، لێرەدا برێك مەترسی هەیە ﴿بڕوانە نموونەی دەیەم لەپاشکۆی أ﴾ لەلایەکی ترەوە منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم بەشێوەیەکی سروشتی دەردەکەون و رەنگە سەرەنجراکێشیش بن، ئەمە لێکدانەوە دەخوازێ، ئەمشێوەیە وادەکات کە دایك و باوکان بەزەحمەت هەست بەوە بکەن کە بەڕاستی پەککەوتنێکی مەترسیدار هەیە لەگەشەکردنی منداڵەکەیاندا، بۆیە پێویستە لەسەرەتای پرۆسەی هەڵسەنگاندندا تێبینییە وردەکان مانای هەندێك رەفتاری نامۆی منداڵەکە روونبکەنەوە، ئەوانەی کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە هەڵنەسەنگێنراون وەك دان جیڕکردنەوە لوولکردنی

جەستە، چەپڵە لێدان، دووبارەکردنەوەی ئەو جوڵانەی کە هیچ مانایەکیان نییە، گرنگی پێدانە نامۆکان یان کۆنترۆڵکراوەکان، هەژاریی لەتوانای ئاخافتن لەرێگەی چاوەوە.. هتد، ئەمە مانای ئەوە نییە ئێمە ناتوانین نەخۆشی ئۆتیزم دیاری بکەین گەر بەهۆی هەبوونی ئەم نیشانانەوە نەبێت، زۆرێك لەو منداڵانەی کە تووشی ئۆتیزم بوون، ژمارەیەکی بەرچاوی رەفتاریان جێگیرە، بۆنموونە رەنگە بتوانن بەردەوام بن یان لەگەڵ گەورەدا بدوێن لەهەڵوێستی تاکیدا، بەڵام رەنگە نەتوانن ئەوە بزانن کە چۆن هاوبەشی دەکەن لەیارییە بەکۆمەڵەکان لەگەڵ منداڵانی تردا.

سەرباری هەموو ئەوانەی باسکرا پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەئاگای و چرکردنەوە بەپرۆسەیەکی زۆر گرنگ دادەنرێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەو منداڵانەی تووشی ئۆتیزم بوون برێکی زۆر کەم توانای کۆنترۆڵکردنی چرکردنەوەی هۆشیان هەیە لەسەر هەرشتێك جگە لەوەی خۆیان هەڵیدەبژێرن، هەتا ئەوکاتەی کەسە پێگەیشتووەکە بۆی دیاری دەکات کە هۆشی بەلای چ چالاکیەکدا هەبێت هەتا ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بێت، خۆی هیچ ئامادەییەکی فێربوونی تێدا نییە، لێرەوە رۆڵی پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری دەست پێدەکات، بۆ زیاتر رونکردنەوە، ئامانجەکە پێدانی هەلە بەمنداڵەکە بۆئەوەی کار لەسەر ژیریی منداڵەکە بکرێت هەتا گەیشتن بەقۆناغی چربوونەوەی تەواو تا ئەو رادەیەی دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت و پارێزگاری باشی لێبکرێت.

لەلایەکی تریشەوە ئاساییە منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم تووشی پشێوی تێکچوون ببن لەفرمانە هەستیەکاندا، لەهەندێك کاتدا زاراوەی (بەرگری هەستی-sensory defensiveness) بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی ئەمجۆرە تێکچوونانە لەفرمانە هەستیەکاندا، بەتایبەتی لەناو ئەو منداڵانانەدا کە توانایان لەئاستێکی بەرزدایە، بۆیە دەبینین پسپۆران لەچارەسەرکردندا جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکەن لەبری جەختکردن لەسەر ئەو تێکچوونانەی کە لەفرمانە کۆمەڵایەتییەکاندا روودەدات، زۆرترین فاکتەرێك کە کاردەکاتە سەر ئەم پەککەوتنەوەی هەست ئەوانەی کە پێشوازی لەبینین و بیستن دەکەن،

هەندێك منداڵ هەن دەناڵێنن بەدەست هەستەكانی بۆنكردن و دەست لێدانەوە، بۆیە هەندێك منداڵی ئۆتیزم دەبینین لەسەر پەنجە دەڕۆن، چونكە پێیەكانیان زۆر هەستەوەرە، رەنگە ئەمانە لێكدانەوەی تریش هەڵبگرێت.
كەسانێكی زۆر هەن لەنێویاندا پسپۆڕانیش زانیارییان نییە دەربارەی ئاڵۆزیی كرداری یاریكردن، هەندێك لەباوكان و ئەوانەی بەدووی منداڵی ئۆتیزمدا دەچن، دەڵێن منداڵی ئۆتیزم بەشێوەیەكی سروشتی یاری دەزانێ، بەڵام هەموو ئەوەی دەیزانی لەیاریكردن بەئوتومبێل بریتییە لەدانانی ئۆتومبێلەكان بەشێوەی ریزێكی رێكوپێك، یان رێكخستنەوەی شەش پاڵوەكانی یاری لیگو (ئەمانە بریتین لەژمارەیەك شەشپاڵوی بچووك كە بەجۆرێك بەسترا شێوەیەك لەشێوەكان دەردەچێت) بەڵام لەم حاڵەتەدا هەموو ئەوەی منداڵی ئۆتیزم دەیزانی بریتییە لەوە ئەو شەش پاڵوانە بەشێوەی ریزێكی ریكۆپێك دابنێت، لەهەمانكاتیشدا ئەوانە خۆیان نەداوە لەمەسەلەی دروستبوونی بیرۆكەیەكی باش لەسەر چەمكی دروستی زاراوەی (یاری داهێنەرانە)، هەروەها هەڵەیە وا لێكبدرێتەوە ئەو یارییانەی منداڵەكە فێری بوو بكرێتە نیشانە بۆ یاری داهێنەرانە بۆیە تێبینیكەری ئاسایی لەمشێوەیەدا بەهەڵە دادەچێت، بەڵام گەر تاقیكردنەوەی زۆرو تێبینی زۆری منداڵەكە كرا ئەوكات ئەنجامەكان ئەوە دەردەخەن كە رێگاكانی یاریكردنی ئەو منداڵە گەشەی نەكردووە، كە تەنانەت یارمەتی ئەوەشی نەداوە بگاتە شتێكی بەسوود، بەڵكو یاریكردن تەنها ئامانج بووە نەك رێگەیەك بێت بۆ گەیشتن بەشتێك، لێرەدا چڕكردنەوەو جەخت دەبێت لەسەر جۆری یاریكردنەكە بێت نەك لەسەر ئەوە بێت كە منداڵەكە یاری دەكات یان نایكات.
سەرباری ئەوە زۆرێك لەمنداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم چێژ وەردەگرن لەیاری بەكۆمەڵ، لەهاورێیەتی منداڵانی تر چێژ وەردەگرن جگە لەوەی دەیانبینین ئارەزوویان لەیاریەكانی راكردن و راونان و تەقلەلێدان هەیە، ئەوانەی تەمەنیان گەورەترە دەزانن یارییەكانی كۆمپیتەر بكەن بەتایبەت ئەو یاریانەی كە دەخوازێت لەهەندێك رێساو رێبازی دیاریكراوی نەگۆڕی هەبێت، بەڵام بەزەحمەت ئەو یاریانەیان بۆ دەكرێت كە رێساو رێبازی ئاسانی كۆمەڵایەتی

دەوێت، ئەوان نازانن چۆن هاوبەشی کارا دەکەن لەوجۆرە یاریانەدا ئارەزوویان لەڕەفتاری ناجۆرو نائاساییە کە ڕەنگە لەهەندێجاردا توندوتیژیو شەڕانگێزی پێوە دیار بێت.

* باسی «بیردۆزی خوێندنەوەی ئەقڵەکان» مان کرد لەگۆشە نیگای ئۆتا فریث-ی زاناوە بوو، بۆ زیاتر روونکردنەوە "ئۆتا فریث" ئەو توێژەرەوەی تریش زاراوەیەکی دیاریکراویان بەکارهێناوە کە وەسفی توانای تێگەیشتن لەبیرو هەستو نیازی کەسانی تر دەکات ئەم لایەنەیە کە کەسانی تووشبوو بەئۆتیزم لاوازیان تێدایەو کەموکووڕیان هەیە، جگە لەمە هەموو ئەو نەخۆشیانەی یاوەری ئۆتیزمە بەکەموکووڕی لەتوانا ژیرییەکاندا لێکنادرێتەوە "ئۆتا فریث" هەندێکی گێڕایەوە بۆ لاوازیی کەموکووڕی لەدەرك پێکرندا بەگوزارشتێکی تر زاراوەی درك پێکردن (الادراك) ئاماژە بۆ کرداره زانیارییەکان کە زانیارییەکان پوختە دەکرێن بۆ ئەوەی بگەینە بیرۆکەی بەئامانجو پەیوەندیدار دەربارەی ئەو جیهانەی دەورووبەرمان لەبەرئەوەی ئەو منداڵانەی ئۆتیزمیان هەیە هەژارن لەم هەستەدا بۆیە جیاوازن لەو کەموکووڕییانەی کە بەدەستیەوە دەناڵێنن لەتواناکانی زانیاریدا، ڕەنگە ئەمە ئەو بیرۆکەیەی دروست کردبێت کە منداڵانی ئۆتیزم لەگەڵ ئەو بوونەوەرانەی کە لە هەسارەیەکی ترەوە هاتوون پێکەوە ببەستنەوە، چونکە هەردووکیان توانای پەیوەندیکردنیان لەگەڵ کەسانی تردا نییە, تەنها ڕێگا لەبەردەم تووشبووان بەئۆتیزم بۆ تێگەیشتن لەو جیهانەی دەوریداون بریتییە لە(توانا هزریەکانیان)، لەوانەی بتوانین بەمە ئەوە لێکبدەینەوە کە بۆچی منداڵانی ئۆتیزم رووبەڕووی کەموکووڕی توانای فێربوون دەبنەوە ئێمە بێ ئەوەی هەستی پێبکەین یان ماندوو ببین بڕێکی یەکجار زۆر زانیاری لەسەر ئەو جیهانەی دەووری داوین کۆدەکەینەوە دەتوانین زۆر بەئاسانی ئەو زانیاریانە پراکتیزە بکەین بەجۆرێك خۆمان بگونجێنین لەگەڵ هەڵوێستە گۆڕاوەکانو ئەو شارەزاییە نوێیانەی لەژیاندا رووبەڕوومان دەبێتەوە ئەم توانایانە لای تووشبووان بەئۆتیزم لاوازو کەمە، نموونەی بەرچاوی ئەو کەموکووڕییە لەژیانی ئەواندا ئەو زەحمەتو گرانییەکە دێتە ڕێگەیان کاتێك دەیانەوێت زنجیرەیەك وێنە دروست بکەن بەمانایەکی تر

وەك "فران هالی" روونیکردۆتەوە لەکتێبەکەیدا کە ساڵی ١٩٩٤دایناوە سەبارەت بەئۆتیزم لەبەر رۆشنایی بیردۆزە سایکۆلۆژیەکان جۆری ئەو چیرۆکانەیە کە تووشبوو بەزەحمەت تێدەگات و وەریدەگرێت ئەو چیرۆکانەی دەخوازێت لەبیرکردنەوەی کەسانی تر تێبگەین هەتا نەتوانین مەزەندەو تێگەیشت بۆ بیرکردنەوەی کەسانی تر نەکەین.

**خستنەڕووی ئەم نموونەیەی خوارەوە باشە بۆ چەمکی "گاڵتەجاڕی":**

دایکی ئان کاتیَکی زۆری بەسەربرد بۆ لیَنانی ئەو ذەمە خۆراکەی بەلای ئانەوە خۆشة ئەویش ماسیء جبسة، بەلاَم کاتیَك بۆی دانا ئەو سەیری تەلەفزیۆنی دەکرد سەیری دایکی هەر نەدەکرد ثیَشی نەوت سوثاس، دایکی بەمة دلَتەنط بوو، بەلاَم ثیَیووت باشة ئەمة وەلاَمدانەوەیەکی باشة لەتۆوة، لەڕِووی ئەدەبیشەوة هەروا دەوتریَت.

باشة بائیَستا بثرسین

ئایا دایکی ئان بەڕِاستی بەکردەوة مەبەستی ئەوەبوو؟

دایکی ئان بۆ ئەو توانجەی طووت؟

**ئەم نموونەیەی خوارەوەش باشە بۆ چەمکی "درۆی سپی":**

(هیَلین) زۆر ضاوەڕِوانی رۆذی جەذنی لەدایکبوونی دەکرد، ضونکة بەنیازبوو بەدایكء باوکی بلَیَ لەورِۆذەدا کەرویَشکیَکی وەك دیاری ثیَشکەش بکەن، ضونکة ئیَجطار حەزی لەکەرویَشك بوو، کاتیَك رۆذی جەذنی لەدایکبوونی هات هیَلین زۆر ثەلەی بوو لەکردنەوەی ئەو سندوقة طەورةیەی کة دیارییەکەی دایكء باوکی تیَدابوو، دلَنیاشبوو لەوەی کە کەرویَشکەکەی تیَدایەو لەو قەفەزەشدایة کە خۆی حەزی لیَیەتی، کاتیَك سندوقەکەی کردەوة بە بەرضاوی هەموو ئەندامانی خیَزانەکەیەوة بینی کۆمەلَیَك کتیَبء فەرهەنطی کۆنی تیَدایة، هیَلین ئەمانەی نەدەویست، بەلاَم کاتیَك دایكء باوکی لیَیان ثرسی رای ضییة بەرامبەر بەدیارییەکە لەوەلاَمدا وتی زۆرباشة سوثاستان دەکەم ئەمة ئەوەیة کە من دەمەویَت.

**ئایا ئەوەی هێلین لێرەدا وتی راستە؟**
**بۆچی ئاوا وەڵامی دایك و باوكی دایەوە؟**

بەشێوەیەكی گشتی هەموو ئەم چیرۆكانە لەم كتێبەدا هەیە زۆر بەسوودن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو منداڵانەی تەمەنیان گەورەترەو توانای ئەقڵیان باشترەو دەتوانین سوود وەربگرین لەبەكارهێنانی وێنەو شێوەی كارتۆنی نووسراوەكانی ناو هەندێك رۆژنامە، نەك هەر بۆ رونكردنەوەی رووەكانی ئەو كەموكوورییەی بەدەستیەوە دەناڵێنن، بەڵكو بۆ باشتركردنی ئاستی تێگەیشتنیان لەلایەكی ترەوە دەتوانین پێوانە دەروونییەكان (psychometrics [٩]) بەتەواوەتی جێبەجێی بكەین بەسەر منداڵانی ئۆتیزمدا وەك هەموو ئەو منداڵانەی تر كە تووشی هەر كێشەیەك دەبن، بەڵام لەزۆرینەی جارەكاندا ئەمە لەپرۆسەی هەڵسەنگاندندا جێبەجێناكرێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نیشانانەی لەمنداڵەكەدا دەردەكەوێت دەبنە ئاماژە بۆ دەست تێوەردانی چارەسەری، بۆنموونە ئەو منداڵانەی گرفتی درەنگ قسەكردنیان هەیە رەنگە وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ پرۆگرامە جۆربەجۆرەكانی چارەسەركردنی گرفتی قسەكردن و بەگەڕخستنە دروستەكانی بەكارهێنانی زمان، بێ گوێدانە ئەو راستیەی كە دان بەوەدا دەنێت هێشتا ئەو منداڵە نەگەیشتۆتە قۆناغی بەگەڕخستنی دروستی بەكارهێنانەكانی زمان، بەگوزارشتێكی تر بەلەبار نازانرێت كە پرۆگرامێكی فێركاری یان چارەسەری بەسەر منداڵدا بسەپێنرێت بێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ زانینی ئاستی گەشەكردنی ئەو تواناو زانیاریانەی كە هەیەتی، دواتر گەر دەركەوت كێشە بنچینەییەكانی منداڵەكە لەدووری كەموكووری و مەترسیداری فێربوون خڕبۆتەوە بۆیە پێویست دەكات دواتر ئەم فاكتەرە بێتە تەوەری چڕبوونەوە،

٩- پێوانەیە دەروونیەكان لەبارودۆخێكی دەرەكی زۆر جێگیردا دەكرێت توێژەر خۆی پێوەری جیاواز دادەنێت بۆ خەسلەتەكانی تاك توانای پشت بەستن بەبەرگریەكی دیاریكراو بۆ تاقیكردنەوەكان بەدەست دێنێت كەباش بێت و بگونجێت لەگەڵ بارودۆخەكەدا لەم ساڵانەی دواییدا ئاراستەیەكی تر سەری هەڵدا بۆ دارشتن و ئەنجامدەرانی نموونە پێوانەییە دەروونیەكان وا دەكات بتوانرێت رەچاوی هەموو هەڵوێستە گۆڕاوەكان و خەسلەتە تاكیەكانی هەركەسێك بكات.

پاشان دەتوانرێت شیکردنەوە بکرێت بۆ ئۆتیزم وەك لایەنێکی کەموکووڕی سەربار نەك بنچینەیی، پێویستە لێکدانەوەو روونکردنەوەی تەواو بۆ دایكو باوکان بکرێتو زۆرینەی ئەو خوێندنگایانەی کە تایبەتن بەو منداڵانەی کێشەی کەموکووڕی مەترسیداریان هەیە لەفێربووندا بەتەواوەتی ئەوە دەزانن کە پێویستییەکانی منداڵی ئۆتیزم چییە، پسپۆڕو لێهاتوو لێوەشاوەشیان هەیە کە دەتوانن هاوکاری ئەو منداڵانە بکەن لەگەشەپێدانی تواناو ژیریی‌و زانیارییەکانیاندا.

بەلای باوکانەوە وشەی ئۆتیزم باشترە لەوشەی (هۆش پەککەوتە)یان کەموکووڕی لەتواناکانی فێربووندا ئەمە وادەکات کە ئەو پەککەوتنە لەتوانا زانیارییەکاندا بخەنە لایەکەوە وا لەگەڵ هەڵوێستەکەدا مامەڵە بکەن کە حاڵەتێکی شاراوەو نادیارە بەمەش هیوایەك دەهێڵنەوە بۆ چارەسەرکردن گەر راستیش نەبێت، گەرچی ئەو راستیەمان لاپەسەندە کە دەڵێت جیاوازییەکی روونو بەکردەوە هەیە لەنێوان ئەو منداڵانەی کە تووشی کەموکووڕی بوون لەتواناکانی فێربووندا سەرباری تووشبوونیان بەئۆتیزم، لەنێوان ئەو منداڵانەیشدا کە بەتەنها تووشی کەموکووڕی بوون لەتواناکانی فێربووندا، هەست بەوەش دەکەین کە جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە لەنێوان ئەو منداڵانەدا کە ئۆتیزمیان هەیە تووشی ئاستێکی کەم بوون لەتێکچوونی فەرمانە ژیریی‌و زانیارییەکانو ئەوانەی کە تووشی ئاستێکی بەرزبوون لەو تێکچوونانەدا.

بەڵام گەر منداڵانی تووشبوو بڕێکی باش زانیاریان هەبێت ئەوکات پێویستە لێکۆڵینەوەو پشکنین بۆ رووەکانی کەموکووڕی کۆمەڵایەتیان بکرێت، چونکە بەپێویست ئەمانە دەبنە هۆی دواکەوتنیان لەفێربووندا.

لەکۆی گشتییدا هەموو منداڵانی توشبوو بەئۆتیزم دەناڵێنن بەدەست کێشەو کەموکووڕییەکانی لەهەموو شێوەکانی بەردەوامی بەیەکگەیشتندا، بەگوزارشتێکی تر ئەو کێشەو کەموکووڕییانە دەکەونە خانەی نەبوونی تەواوی بایەخدان بە بەردەوامی کۆمەڵایەتی هەتا دەگاتە لایەنە وردەکانی کەموکووڕی کە کاردەکاتە سەر فرمانەکانی زمانو بەگەڕخستنی، لەبەرئەوەی منداڵانی تووشبوو بە ئۆتیزم هەندێك دەربڕینو وشە دەڵێن کە لەپێکهاتەدا ئاڵۆزن، رەنگە ئەمە ببێتە هۆی دروستبوونی گریمانەی هەڵە دەربارەی وەرگرتنی

تاكەكانی وشە، توێژینەوەكان ئاماژەیان بۆ ئەوە كردووە كە منداڵانی توشبوو بەئۆتیزم ناتوانن شارەزاییەكانی زمان بەشێوە ئاساییە سروشتیەكە بەدەست بهێنن، واتە لەڕێگەی سیستمی فراوانبوونی پلەپلەی دەستەو ڕێزمانەكان (روبرتز ١٩٨٩) لەبری ئەوە ئەو منداڵانە لەڕێگەی (دەنگدانەوەی وتەیی لاساییكردنەوەی ڕاستەخۆی دەنگییەوە فێردەبن Echolalia[١])

لەڕێگەی ئەو هۆكاری فێركردنەی باسكرا بەشێوەیەكی لەسەر خۆ پلەپلە كۆمەڵێك شارەزایی زمان لای منداڵ پەیدا دەبێت، پاشان باش بەگەڕدەخرێت بەلایەنی گونجاودا دەبرێت، بەتێپەڕبوونی كات بەلای ئەوانەی بەدەووری منداڵەكەوەن بەزەحمەت ئەوە دەناسنەوە كە ئایا ئەو منداڵە بەڕێگەی دەنگدانەوەی وتەیی‌و لاساییكردنەوەی ڕاستەوخۆی دەنگی ئەوە فێربووە یان بەڕێگە سروشتییەكەی بەدەستهێنانی شارەزاییەكانی زمان فێربووە، بەمشێوەیەش شارەزاییەكانی منداڵانی ئۆتیزم بەتایبەتی ئەوانەی ئاستێكی باشیان هەیە لەتوانای بەدەستهێنانی زانیاریی بەم ڕێگەیە، بەتایبەت لەكاتی قسەكردن لەسەر ئەو بابەتانەی كە جێگەی بایەخپێدانی خۆیانە، وەك نموونەیەك بۆ ئەم توانایە، ئەم كارە زۆر بەڕوونی لەناو خێزانێكدا دەركەوت كە سەردانی شوێنە بازرگانییەكانیان كرد كچەكەیان كە تەمەنی ٤ساڵ بوو حەزی لەبینینی فیلم دەكرد پۆلیسێكی هاتووچۆ بەرەو ڕووی هات هاواریكرد سەیركەن (پۆلیس هات).

هەروەها ئاساییە ئەو منداڵانەی كە دواتر حاڵەتەكەیان بەئۆتیزم دەسنیشان دەكرێ، پیشانی پزیشكی پسپۆڕ بدرێت بۆ چارەسەركردنی گرانیەكانی قسەكردن‌و بەكارخستنی زمانی لەگەڵ قۆناغێكی زووی تەمەنیدا، ئەوەی یەكەمجار سەرەنجڕادەكێشێ دوواكەوتنی قسەكردنە پێش هەر شتێكی تر، پێویستیشە كار بۆ هەڵسەنگاندنی شارەزایی پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ كەسانی تردا بۆ بكرێت بەرەچاوكردنی ئەوەی تاقیكردنەوە پێوانەییەكانی شارەزایی قسەكردن‌و بەگەڕخستنی زمان هەمان گرنگی پێبدرێت، ژمارەیەك

[١] – زاراوەی دەنگدانەوەی ووتەیی و لاساییكردنەوەی ڕاستەوخۆی دەنگی(الصدى اللفظي او المحاكات الصوتيه المباشر–Echolalia) ئاماژەیە بۆ ووتنەوەی نادروستی قسە، بریتیە لەووتنەوەیەكی ئۆتۆماتیكیانەی قسەی كەسێكی تر، ئەم كارە لەتێكچوونە ژیرییەكاندا تێبینی دەكرێت وەك شیزوفرینیا، ئۆتیزم، تێكچوونی مێشك، جا لەمنداڵاندا بێت یان لەناو پێگەیشتواندالەهەندێكجاریشدا و لەقۆناغە زووەكانی قسەكردندا منداڵە ئاساییەكانیش ئەم قسانە دووبارە دەكەنەوە.

لەباوکانو چارەسەرکەران چاوەڕوانی ناڕاستیان لادروست دەبێت لەسەر ئەوەی کە چارەسەرکردن چی پێشکەشی رووەکانی کەموکورتی دەکات لەقسەکردنو زماندا، بۆیە گریمانەکە ئەوەیە هەڵسەنگاندن بێتە یاریدەدەر بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری گونجاو دابێت بیرۆکەی باشتریان لادروست بێت سەبارەت بەسروشتی ئەو زەحمەتو گرانیو کەموکوورییانەی رووبەڕووی منداڵ دەبێتەوە لەپاڵ تواناکانی دیاریکردنی پرۆگرامەکانی دەست تێوەردانی گونجاو لەمکاتەدا، ئەم کارە رەنگە نەیار بێت لەگەڵ ئەم چاوەڕوانییە زووانەی کە دایكو باوكو پسپۆڕانیش چاوەڕێی دەکەن، بەتایبەتی لای ئەوانەی باوەڕیان وایە کە تەنها چارەسەر لەم بارودۆخانەدا گرێدانی دانیشتنە تایبەتیەکانە (کە بەتەنها منداڵەکەو چارەسەرەکە دەگرێتەوە) ئەو دانیشتنانە بۆ جێبەجێکردنی پرۆگرامەکانی چارەسەری قسەو زمانە، بەگەیشتن بەم قۆناغە هەڵسەنگاندنو دەسنیشانکردن بەیەك دەگەن، پێویستیشە دایكو باوکان لەوە تێبگەن ئەو زەحمەتو گرانیە سەرەکیانە کامانەن کە لەڕوووی کۆمەلایەتییەوە رووبەڕووی منداڵەکانیان دەبێتەوە، ئەوانەی کە کەموکوورییەکانی بەدەستهێنانی شارەزای زمانو قسەکردن تێدەپەڕێنن، بەگوزارشتێکی تر پێویستە چەمکی ﴿سیانەی کەموکوورییە کۆمەلایەتییەکان﴾یان بۆ روونبکرێتەوەو مەودای پەیوەندیان بەوکەموکوورییانەی منداڵەکە تووشی بووە، روونبکرێتەوە. ئەمەش رەنگە روانگەیەك دروست بکات کە زۆر جیاواز بێت لەوەی لەلایان هەیە دەربارەی ئۆتیزم ﴿بڕوانە نموونەی سێیەم پاشکۆی أ﴾ سەرباری ئەوەی باسکرا، پێوەری پلەی تووشبوون بەئۆتیزم ئەو چوارچێوە سەرەکییە دەستەبەر دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی شارەزاییەکانی پەیوەندیکردن، ئەو شارەزاییانەی کە تێگەیشتنو دەربڕینی باشو بەکارهێنانی زمان لەخۆ دەگرێت، ئاساییە منداڵانی ئۆتیزم درەنگ شارەزاییەکانی بەدەست بهێنن، بەڵام ناکرێت وای دابنێنن ئەم دواکەوتنە هۆی سەرەکی نەخۆشیەکەیە لەناو هەندێك لەو منداڵانەدا کە ئۆتیزمیان هەیە، بەڵام ئاستێکی باشی توانای زانیارییان هەیە، کێشە راستەقینەکان هەتا دووای پەرەپێدانی زمان دەرناکەون، ئەوەش لەوکاتانەدا تێبنی دەکرێت کە ئەم منداڵانە سەرکەوتوو نابن لەبەکارهێنانیدا بەشێوەیەکی لەبار، یان سەرکەوتوو نابن لەبەیەکگەیشتنو بەردەوامی لەگەڵ کەسانی تردا، زۆرجار دایكو باوکان

دەڵێن منداڵەکەیان وتەو وشەی زۆر دەزانێ، گەرچی کەموکووڕی هەیە لەبەکارهێنانیدا، بۆنموونە زۆرجار وشەی کۆن و نامۆو سەیر بەکاردەهێنێ، ڕەنگە لەچیرۆك و فیلمەوە سەرەنجی ڕاکێشابێت و فێری بووبێت، جگەلەوەی منداڵی ئۆتیزم ئەوانەی توانای زانیارییان باشە توانای هەیە دەرەنجامی باش لەهەڵسەنگاندنە پێوانەییەکاندا ئەوانەی لەگەڵ تەمەنیدا دەگونجێن، بەڵام ئەمە بەپێویست مانای ئەوە نییە کە دەتوانێت لەهەڵوێستە ڕاستەقینەکانی ژیانی ڕۆژانە تێبگات، بەگوزارشتێکی تر، ڕێگەی وەرگرتنی وشەو گوتە لای منداڵانی ئۆتیزم بەرێگەی پیتە (حرفیە) نەرم و ئاسان نییە، ناشتوانن لەماناو ناوەڕۆکەکان بگەن، وتە خواستن و نیشانە جیاوازەکانی وشە تێناگەن، ئەم نموونەیەی خوارەوە ئەم مەسەلەیە ڕووندەکاتەوە، لیستێکی خۆراکی ناو خوێندنگە کە خراپە بەردەم منداڵێکی تەمەن ٩ ساڵ لەناوەکاندا (دایکی عەلی) هەبوو، کە منداڵەکە لیستەکەی بینی قیژاندی و دەستیکرد بەگریان و وتی ناتوانم دایکی هاورێکەم بخۆم، ئەگەر ئەم لیستە بخرێتە بەردەم منداڵێکی ئاسایی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە، ڕەنگە پرسیار بکات مانای ئەو وشەیە چییە؟ دەتوانێت لەوە تێبگات ئەوەی لەم لیستەدا هاتووە شیاوی خواردنە.

هەندێك منداڵی ئۆتیزم هەیە شارەزای باشیان هەیە لەبەکارهێنانی زمانی دەربڕیندا، بەڕادەیەك دەتوانن ماوەیەکی درێژ قسە بکەن لەسەر ئەو بابەتانەی خۆیان مەبەستیانە، توانایەکی باشیان هەیە لەوەدا دەتوانن گفتوگۆکە بەو ئاقارەدا ببەن کە خۆیان بەلایانەوە گرنگە، ئاساییە کە منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم شارەزاییەکی پێشوەختیان هەبێت لەسەر خوێندنەوەو نووسین، بەڵام هەڵەیە وا دابنرێت ئەو منداڵانەی فێری خوێندنەوەو نووسین دەبن بەهرەدارن لەڕووی زانستیەوە، بەڵام لەوانەیە ئەم شارەزاییانە لەجیاتی بەشێکی جیاکەرەوە بن لەو تواناییانە، پێویست بەشێوەیەکی سروشتی چاوەڕوانکراو گەشە ناکات.

سەرباری ئەو پلە پێوانەییە کە بۆ دەستنیشانکردنی ئۆتیزم دەوڵەتانی لەسەر ڕێکەوتوون وەك (DSMIV لەساڵی) ١٩٩٤وە (ICDIO ١٩٩٢ز) ئەمە ئەو ڕێگایانەن کە بەردەوام بەرێکوپێکی نوێ دەکرێنەوەو پوختە دەکرێن، لەتەك ئەمانەدا هەندێك سیستمی پۆلێنکردنی نوێ سەریهەڵداوە (PL-ADOS )کە

کورتکراوەی ﴿Pre-Linguistic Autism Diagnostic Observation Schedule﴾ کە "دیلافور"و چەندانی تر ساڵی ١٩٩٥ دایانمەزراند، بەشێوەیەکی گشتی لیستەکانی دەستنیشانکردن زۆر بەسوود دادەنرێن بۆ ناسینەوەی ئۆتیزم، بەتایبەت لەوحاڵەتانەدا کە بەشێوە کلاسیکیەکەی خۆی سەریهەڵدەدا، بەلاّم کەمتر سوودبەخش دەبێت بۆ ئەو مندالاّنەی کە ئۆتیزمیان بەشێوەیەکی سووك‌و سادە لەسەر دەردەکەوێت، بۆیە دەبێت ئەوە بزانین کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو پلەی پێوانەییەی کە پێویستە بۆ مەبەستەکانی توێژینەوە زانستییەکە، واتە ئەو ڕێگەیەی کە راست ترە بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکە بەپشت بەستن بەپێداویستیەکانی منداڵ، ئەمەش کارێکە مامۆستایان‌و ئەو پسپۆرانەی چارەسەرکردنی قسەو زمان هەموو ئەوانەی لەم بوارەدا کاردەکەن تیایدا پسپۆڕن، لەزۆرکاتدا پسپۆری کارا لەم بوارەدا بەرێگەی هەستی شەشەم یان (هەستێکی ناوەکییەوە) دەزانێت ئەو منداڵە تووشی ئۆتیزم بووە یان نا، ئەمەش لەناسینەوەی رووەکانی کەموکووری منداڵەکەوەیە هەندێکیش ئەم کارە بەپەلەکردن بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە دادەنێن، پێشتر ئەمەمان باسکردو ناومان لێنا لێکداناوەی هەڵە بۆ کرداری هەڵسەنگاندنن. بۆیە جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە ئامانج لەهەڵسەنگاندنەکە تواناکەیە لەروونکردنەوەی پێداویستییەکانی منداڵ، نەك خۆبەستنەوەی توند بەپلەکانی پێوانەی دەسنیشانکردنی کە لەکۆتاییدا دەریدەخات (کە بێگومان هەڵەیە) بەلاّم منداڵەکە بەهیچ شێوەیەك تووشی ئۆتیزم نەبووە، بەهەرحاڵ دەبێت خێزان زۆر بەئاگابێت لەسروشتی نەخۆشی ئۆتیزم بۆئەوەی بتوانن رەفتاری منداڵەکە شیبکەنەوەو بزانن تاچ مەودایەك سوودی لەسەرچاوەکانی فێرکردن‌و ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستی کۆمەلاّیەتی لەبەردەستدایە، وەرگرتووە.

ئێمە لەم کتێبەدا لەسەر گەشەکردنی چەمکی ئۆتیزم وەك نەخۆشییەك چڕکردنەوە دەکەین نەك وەك کۆمەڵە نیشانەیەك کە لەلیستی دەستنیشانکردنەکەدا بوونی هەبێت، پێویستە لەسەرمان پسپۆڕان هانبدەین کە بەگفتوگۆ لەگەڵ دایك‌و باوکان چارەسەرەکە بکەن، نەك لەمجۆرە گفتوگۆیانە دووربکەوینەوە یان لەبەر ترسی ئەو دەنگدانەوە خراپەی بێت

کە لێی دەکەوێتەوە یان لەترسی ئەو خەرجیە زۆرە بێت کە چارەسەری ئەم نەخۆشییە دەیەوێت.

لیستەکە

لای خۆت وادابنێ هەر منداڵێك یەکێك لەم نیشانانەی خوارەوەی تێدا دەرکەوت توانای تووشبوون بە ئۆتیزمی تێدایە:

١- دەرکەوتنی کەموکووڕی لەبایەخدان بەمنداڵانی دەوروبەر، ئەمە گومانی ئەوەمان لا دروستدەکات کە ئەم منداڵە گۆشەگیرە یان تووشی ئۆتیزم بووە، یان رەنگە ئارەزووشی هەبێت لەگەڵ ئەو منداڵانەدا یاری بکات، بەڵام نازانێ چۆن ئەم ئارەزووە بەدی بهێنێت و ئەم کارە جێبەجێبکات، رەنگە هەست بەدڵخۆشی بکەن کاتێك هاوبەشی لەو یاریانەدا دەکەن کە توندوتیژی تێدایە وەك راکردن، بازدان، قەڵەمباز و تەقلەلێدان.

٢- منداڵەکە ناتوانێت زمانی بەکاربهێنێت بۆ بەردەوامی بەیەکگەیشتن و بەردەوامی لەگەڵ کەسانی تردا، هەرچەندە تاکەکانی وشە زۆر دەزانێت، دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە وتەکانی هەندێك ئاڵۆزی تێدایە، کە رەنگە لەدەرەوە یان خۆی دروستی کردبێت.

٣- لەبەرئەوەی یارییەکەی سنوردارەو هیچ ئامانجێکی دیاریکراوی نییە، بۆیە دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە جۆری یارییەکان دووبارە دەکاتەوەو بەهیچ جۆرێك نایگۆڕێت، بۆیە منداڵەکە بایەخ پێدانێکی نائاسایی یان ناتێگەیشتووی تێدا دیاریی دەدات، ئەمەش ئەوجۆرە بایەخ پێدانانەیە کە بەشێوەیەکی گشتی کۆنترۆڵی دەکات، زۆر بایەخ بەتەماشاکردنی فیلم دەدات، لێرەدا پێویستە سەرزەنشتی دایك و باوکان بکرێت.

(ئەو سێ دیاردەیەی سەرەوە پێکهاتەکانی سیانیەکەی "وینگ"ەکە پێشتر باسکرا)

٤- وا دەردەکەوێت کە منداڵەکە ناتوانێت پوختەی ماناو مەبەستی هەندێك هەڵوێستی و شارەزایی نەزانێت کە لەژیاندا دێتە رێگەی، بێگوێدانە ئەوەی کە ئایا توانای هەیە زانیاریی بەدەست بهێنێت و پارێزگاری لەهەندێك راستی و کاری باوەڕپێهێنراودا بکات.

(ئەو نیشانەیە بۆ هەبوونی لاوازی یان کەموکووڕی لەهەستی منداڵەکەدا).

٥- منداڵەکە بایەخ نادات بەپەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر، هاوبەشی ناکات لەچالاکییە بەکۆمەڵەکان، گوێ نادات بەپێداویستیو بایەخپێدانەکانی کەسانی تر.

ئەمە پەیوەندی بەبیردۆزی ژیریو خوێندنەوەوە هەیە.

٦- ئەوانەی لەدەرەوەی منداڵەکەن چەند سیفەتێکی دەدەنە پاڵ وەك ﴿رەفتاری نامۆ، زۆر ڤیرسیچمەی﴾ ئەمانەش جۆرە خەسڵەتێکن لەسروشتی حاڵدا مامەڵەکردن لەگەڵیاندا گرانە.

٧- رەنگە منداڵەکە یەکەمجار زۆر هۆگری یەکێك لەدایكو باوکەکان بێت، ئەمەش رەنگە لەوەوە بێت کە پێشتر رووی بەهیچ کەسێك نەداوە.

## بەشی دووەم

## ئامادەسازی بۆ پڕۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەرکردن

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پسپۆڕانی چارەسەرکردنی قسەکردن و زمان ئاساییە کە لەپسپۆڕەییە یەکەمەکان بن منداڵی تووشبوو بەئۆتیزمیان پیشان بدرێت، سەرنەکەوتن لەبەدەستهێنانی شارەزاییەکانی زماندا کە یەکەم فاکتەرەکە زەنگی ترسناك لای باوك و دایکان لێدەدات دەربارەی ئەگەری ئەوەی، کە منداڵەکەیان تووشی پشێوییەك هاتووە، بۆیە دایك و باوکان چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە منداڵەکەیان بخرێتە ژێر هەندێك دانیشتنی چارەسەریی بۆ کەمکردنەوەی ئەو پشێوییەی کە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەڵام زۆر پەلە دەکەن لەئەنجامە باشەکانی ئەمجۆرە دانیشتنانە، بۆیە دەیانبینن هیچ جۆرە توانج و کۆمێنتێك پەسەند ناکەن جگە لەوانەی ئاماژە دەکەن بۆ باشبوونی حاڵەتی منداڵەکە.

گەر لەمەودوا گومانێکیان هەبێت، دەیگێڕنەوە بۆ هۆکاری ناڕاست، ئەمەش بۆ روونکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی کە ئەو گرانی و زەحمەتانەی هێناوەتە گۆڕێ کە منداڵەکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت. کە ئەمەش لەبارێکی ئاساییدا هۆکارێکی زانراو و دووبارە بوونەوەیە وەك ئەوەی دەڵێن (ماوەیەکی درێژ سەیری

تەلەفیزیۆن دەكات) یان (لەوەتەی هاتووینەتە ئەم ماڵە تازەیە، تووشی ئەم حاڵەتە زەحمەتە هاتووە) یان دەڵێن (لەوەتەی ئەو خوشكەی یان برایەی بووە تووشی ئەم رەفتارە هاتووە) یان (هەتا تەمەنی گەیشتۆتە ٥ساڵ قسەی لەگەڵ باوكی، مامی، براكانی، خاڵی نەكردووە)، لەمەی ئێستاوە بۆمان دەردەكەوێت راست نییە كە دایكو باوكان لەو پەیوەندییە تێبگەن كە لەنێوان گەشەكردنی شارەزاییە كۆمەڵایەتییەكانو گەشەكردنی شارەزاییەكانی زمانی منداڵدا هەیە، بەڵام لەراستیدا دایكو باوك هەست بەوە دەكەن كە منداڵەكە سەرباری دواكەوتنی لەقسەكردندا، منداڵانی دیكە پشتگوێ دەخات، بایەخپێدانەكانی نامۆو یارییەكانی لەبەردەمی خۆیدا لەشێوەی ریزێكی رێك دادەنێو بێئەوەی بەكردەوە یارییان پێ بكات كارلێك لەگەڵ كەسانی تردا ناكات، تەنها لەوكاتەدا نەبێت كە پێداویستییەكانی خۆی پێ دابین بكاتو ئارەزووەكانی بهێنێتە دی. بەڵام باوكو دایكان هەموو ئەمانە والێكدەدەنەوە كە ئەمە لەنیشانەكانی كەسێتی منداڵەكە خۆیدایە، ئەمە دەربڕی هیچ گرفتێكی منداڵەكە نییە، لێرەدا بەرپرسیارێتییەكی گەورە دەكەوێتە ئەستۆی پسپۆڕان لەنەهێشتنی ئەم بیرە چەوتانە، چوارچێوەیەكی كارای وەها دابنێن كە هۆكارە راستەقینەكانو هۆكارە كردارییەكانی ئەم دیاردانە روونبكاتەوە، دواتر لەسەركەوتنی هەر هەوڵدانێك لەدیاریكردنی ئەو ئەستەمیانەی منداڵەكە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، كاریگەرییەكی خراپ دەكاتە سەر خێزانەكەش، لەوانەیە ئەوەی باسمان كرد وەك ئاگاداركردنەوەیەك وابێت، بەڵام ئەنجامی شارەزایی زۆرێك لەدایكو باوكان ئەوە روونیدەكاتەوە، كە دوای رێگەی نادروستو ساختە كەوتوونو هەر لەسەرەتادا دوای دانیشتنە چارەسەرییە نەگونجاوەكان كەوتوون، چونكە لەبناغەدا دەستنیشانكردنی حاڵەتی منداڵەكە بەشێوەیەكی گشتی هەڵە بووە.

جگە لەوەی ئەو تێكچوونو هەڵوەشاندنەوەیانەی كە هەندێك خێزان بەدەستیەوە دەناڵێنن بۆتە فاكتەرێكی باوی كۆمەڵگەی سەدەی بیستو یەك، بەڵام ئەو منداڵانەی كە لەناو ئەم خێزانە هەڵوەشاوانەدان كەم رێك دەكەوێت بیانبینینو زەحمەتو گرانی وایان هەبێت شایەنی باس بێت، بەڵام هەر گرانیەك یان كێشەیەك سەریهەڵدا لەلایەنی كۆمەڵایەتیو رەفتاری ئەم منداڵانەدا مەرج نییە بیگێڕنەوە بۆ تووشبوونی منداڵەكە بەئۆتیزم، بەڵام بۆ بەدبەختی لەباری

ئاساییدا گرفتە خێزانییەکان فاکتەری یەکەمن بۆ تووشبوونی هەندێك منداڵ بەئۆتیزم، لەوکاتەدا نیشانەکانی لەو منداڵە ئۆتیزمانەدا دەردەکەوێت کە خاوەنی شارەزایی زارەکین، بەڵام سەر بەو خێزانە هەڵوەشاوانەن، هەرکات کێشە خێزانییەکان بوونە چەقی گردبوونەوە ئەوکات باوك‌ودایکان هەموو ئەو گرفت‌و ئەستەمیانەی منداڵەکە بەدەستییەوە دەناڵێنێت دەیگێڕنەوە بۆ ئەو گرفتە خێزانیانە، خۆیان گێل دەکەن لەهەموو ئەو هۆکارە سەرەکیانەی تر کە ڕەنگە زۆر دووربن لەو کێشانەوە.

لەبەر گۆڕانی ئەو زاراوانەی بەکاردەهێنرێن بۆ گوزارش لەو ناوچانەی پشێوی‌و تێکچوون کە منداڵ بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەمەش بۆ کەمکردنەوەو سووککردنی کاریگەرییەکانی نەخۆشییەکە لەهەندێك کۆمەڵگەدا زۆر زەحمەت‌و گرانە، کە باوك‌و دایك لەحاڵەتی دەروونی منداڵەکەیان تێبگەن، بۆنموونە زاراوەی (تێکچوونی تواناکانی فێربوون) لەبری زاراوەی (هۆش پەککەوتن) بەکاردەهێنرێت، هەروەها ئەمجۆرە زاراوانە کە زۆر بەکاردەهێنرێن لەوانە دەستی دایك‌و باوکان ببڕی بەهەڵەیاندا بەرێ یان واتێبگەن کە کێشەی منداڵەکەیان بەئاسانی چارەسەر دەبێت‌و بۆ هەتاهەتایە زاڵ دەبن بەسەریاندا، لەسەر ئەمەوە زۆر پێویستە زانیاریی دروست‌و چارەسەری دروست بگاتە باوك‌و دایکان، ئەوەش لەڕێگەی ئەو گفتوگۆ کراوەو ڕاشکاوانەی لەگەڵیاندا دەکرێت هەتا دواتر بتوانن وێنەیەکی ڕاستەقینە دروست بکەن لەسەر ڕەوشی ئێستای نەخۆشی منداڵەکەیان‌و کاریگەریی چی دەبێت لەسەر منداڵەکەیان لەئایندەدا.

ئەوەش سەلمێنراوە کە ناکۆکی هەیە دەربارەی ئەو زاراوانەی باسکرا، لەهەندێك لەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانەی کە ئاراستەی خوێنەری کۆمەڵگەی خۆرئاوا دەکرێت لەوێ بڵاودەبنەوە، ئەو زاراوانەی وەك (دواکەوتنی گەشەی هۆشمەندی) یان (هۆش پەککەوتن) زۆر بەکاردێت بەبێ هیچ کۆت‌و پێوەندێك، بەڵام لەناوەندەکانی فێرکردندا باشتروایە زاراوەی وەك (نەتوانینی فێربوون)و (گەشە دواکەوتن) بەکاربهێنرێت بەشێوەیەکی زۆرتر دروستبوون‌و هەبوونی شارەزاییەکی زۆر لەسەر سروشتی ئەو زەحمەت‌و گرانیەی منداڵەکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت بەهەنگاوی یەکەم دادەنرێت لەپرۆگرامەکانی دەستێوەردان، دواتر

ئەو گرنگی و بایەخپێدانەیە کە لەبەرێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی حەکیمانەی پێداویستییەکانی منداڵ و تەندروستی دەروونی خێزانەکە لەم قۆناغەدا، بەڵام جگە لەڕوونکردنەوەی گرنگی دەستنیشانکردن دروستی سروشتی ئەو گرانی و زەحمەتانەی منداڵەکە پێوەی دەناڵێنێت، هەندێک فاکتەری تریش کە پێویستە ئاماژەیان بۆ بکرێت، ئەوەش ئەو فاکتەرانەیە کە لەسەر چارەسەرکار پێویست دەکات بۆ دایک و باوکانی دەستەبەر بکات، بۆئەوەی بتوانن پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری بەوپەڕی متمانەو باوەڕەوە جێبەجێبکەن، بۆ زیاتر روونکردنەوە جیاوازی لەنێوان ئەو فاکتەرانەدا هەیە لەنێوان دڵنیا نەبوون لەنێوان دایک و باوکاندا لەسەر نەگونجان و سازانی کرۆمۆسۆنەکانیانداو لەنێوان تووشبووواندا لەهەندێک نەخۆشی تر، کە پێشتر پشتگوێیان خستبێت، یان لەکاتێکی زوودا تووشی هاتبن، وەک نۆبەتەکانی (نۆرەکانی) بورانەوە، تا، هەستەوەری، هەرگیز پسپۆرێک نابینی چارەسەری هەموو ئەو کێشانە بکات کە تێبینی دەکات، دەبێت پسپۆڕان بەئاگابن لەهەموو ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستیاندایە بۆ رابەریکردنی دایک و باوکان بەرەو رێگە دروستەکانی چارەسەرکردن ئەوەی کە پێویستە لەسەری بڕۆن بۆنموونە پزیشکە دەروونییەکان شارەزایی باشیان هەیە لەمامەڵەکردن لەسەر ئاستێکی بەربڵاو لەسەر ئەو پشێوی و تێکچوونەی دووچاری لایەنی رەفتاری دەبێت، ئەمە ئەو تێکچوونانەیە دەبێتە مایەی بەدبەختی و نارەحەتی بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکە، بۆیە دەبێت سیستمی پورتاجی ناوەکی (portage schene) دەستەبەر بکات، یان هەر پرۆگرامێکی تری دەستێوەردانی ناوماڵی وەک (هانین-Hanen) بۆ پاڵپشتکردن و چارەسەرکردنی ئەو منداڵانەی، کە دەناڵێنن بەدەست ئاستێکی مەترسیدار لەگرانی و زەحمەتی، دەبێت دایک و باوکان ئاگادار بکرێنەوە لەهەموو ئەوانەی کە نوێن و پەیوەندیان هەیە بەرێگاکانی چارەسەرکردنەوە، وەک ئەو گرانی و زەحمەتیانە بۆئەوەی ئەوانیش بتوانن بڕیاری گونجاو بدەن، بەڵام پشت نابەستن بەکتێبخانەو دوکانەکانی کتێب فرۆشتن بۆ دەستەبەرکردنی ئەو کەرەستانەی تایبەتن بەباوکان، بۆیە باشترە باوکان هەوڵبدەن منداڵەکانیان بخەنە دایەنگە یان تیمی یاریکردن، چونکە لەم شوێنانەدا منداڵ هەست بە بەردوامی و بەیەکگەیشتن

دەکات لەگەڵ منداڵانی دەووروو بەری، لەهەندێك کۆمەڵگەدا واباشترە باوکەکە داوا لەبەڕێوەبەری فوتابخانەکان بکەن کاری هەڵسەنگاندن بکەن، کە لەوانەیە ببێتە هۆی دانانی یاسایەك بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەی خاوەن پێداویستی تایبەتن، لەئێستادا زۆر لەبەڕێوەبەرایەتییە فێرکارییەکان راوێژکار دادەنێن بۆ یارمەتیدانی باوکان بۆئەوەی زەحمەت و گرانییەکانی ئەم قۆناغە تێپەڕێنن، بۆ هەندێك باوکان هاوبەشیکردن لەیەکێك لەو کۆمەڵانەی پاڵپشتی خۆجێیی بەملوانکەی رزگاربوون دادەنرێت لەو بەڵایەی تووشی هاتوون، جگە لەوەی پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش بۆچوونی دیدی هەندێك باوکانی ترە بەرامبەر بەم کۆمەڵە خۆجێیانە، کە دەڵێن ئەوە بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە بۆ هەبوونی خراپترین ترسێك کە لێی دەترسن لەئایندەدا تووشیان ببێت، ئەم کارە بەسەر ئەوانەشدا جێبەجێدەبێت کە هاوبەشن لەکۆمەڵەی نەتەوایەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشانەی کە لەو ناوچانەدا دەژین، ئەمانە ئەو کۆمەڵانەن کە خزمەتگوزاریی و زانیاریی دەستەبەر دەکەن بۆ هەموو ئەو باوك و چارەسەرکەرانەی ئۆتیزم و تووشبووان بەئۆتیزم.

لەسەر هەموو ئەمانەی باسکرا، ژیانی هەندێك لەباوك و برایانی منداڵی تووشبوو بەئۆتیزم بارگاوی و گرژە لەسەر لێواری دارمانە، ئەم کارەش وا دەکات کە پەنابردن بۆ یەکێك لەسەنتەرەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کارەدا پێویستییەکی زۆر گەورە بێت، لەبەریتانیا دەتوانرێت پەیوەندی بەو سەنتەرە خزمەتگوزارییانەوە بکرێت لەرێگەی بەشەکانی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی، یان لەرێگای پەیوەندیکردنی راستەوخۆ بەیەکێك لەو دەزگایانەی وەك کیدز (Kids) یان سەنتەری نەتەوایەتی بۆ هۆش پەککەوتەکان (Mencap) بەشێوەیەکی گشتی دەبێت هانی باوکان بدەین پەنا ببەنەبەر ئەو سەنتەری خزمەتگوزاریانە، گەر لەبەرژەوەندی خۆشیان نەبێت رەچاوی منداڵە سروشتییەکانیان بکەن، ئەوانەی پێویستیان بەکات و بەهەلە بۆ هاوبەشیکردن لەو چالاکیانەی کە ناهێڵێت برایەك یان خوشکێك لەماڵەکەدا هەبێت تووشبووی ئۆتیزم بێت، لەهەندێك شوێندا چالاکی و بەیەکگەیشتن بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەوجۆرە کەسانە رێکدەخرێت، ئەمەش یارمەتی ئەوەیان دەدات کە ئەو فشارو تەنگەتاوییانەی کە هەستی پێدەکەن وەك منداڵێکی سروشتی سووکتر

بێت.
لەلایەکی ترەوە هەندێك باوك هەیە، جگە لەو هەموو ئەرکەی دەکێشێت لەپێناو یارمەتیدانیاندا، ناتوانن بەرەوپێش بچن لەتێگەیشتن‌و درك پێکردنی‌و قبوڵکردنی سروشتی ئەو زەحمەت‌و گرانیانەی رووبەرووی منداڵەکەی دەبێتەوە، لەوە دەچێت لەبازنەیەکی بەتاڵدا بسورێتەوە لەئازارو دەردی سەری‌و ناگەنە هیچ ئامانجێك، بۆیە دەبێت پەنا بۆ پزیشکێکی پسپۆر بەرن راوێژی پێبکەن لەم بوارەدا، هەرچەندە ئەمە کارێکی زەحمەتە کە دان بەوەدا بنێین کە پێویستمان بەو راوێژکردنە هەیە.
لەئەنجامی چەند هۆیەکی مێژوویدا پسپۆڕانی چارەسەرکردنی کەموکووری قسەو زمان لەهەندێك لەدەوڵەتاندا وێنەیەکی زۆر لاوازی ئەو رووبانەی یارمەتیدانیان پێشکەش کرد، جێی سەرسوڕمان نییە کە لەسایەی (قەتیسمانی) ئەم پسپۆڕانە لەنێوان لایەنە تەندروستیەکەو لایەنە فێرکارییەکە تێبینی ئەمە بکرێت، ئەمە سەرباری کەمیی‌و سنووورداری ئەو دەرامەتانەی لەبەردەستیاندایە، سەیر نییە کە دواتر باوکان پەنا بۆ پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەریی بەتەکنۆلۆجیای بەرز بەرن بێ گوێدانە ئەوەی کە ئەنجامەکانی گومانی لەسەرەو تێچوونیشی زۆر بەرزە، بەشێوەیەکی گشتی پرۆگرامەکانی چارەسەری قسەو زمانی لەسەرخۆو دوور لەپڕوپاگەندەی ناڕاست، بڕێك دەرئەنجامی راستی لێدەکەوێتەوە، بێگویدانە ئەو راستیەی کە دەڵێت ئەوەی بۆ منداڵەکە دەستەبەر دەکرێت ئەوەیە کە بەڕاستی پێویستی پێیەتی، نەك هەرلەلایەنی (منداڵ فێربکرێت چۆن قسە دەکات) بەڵکو لەلایەنی ئامادەکردنی کەشی لەبار بۆ گەشەپێکردنی شارەزاییەکانی پەیوەندیکردن لەسەر ئاستێکی فراوان بەدەووروبەریەوە، پوختەی قسەکە ئەوەیە، شارەزایی چارەسەرکردنی کەموکووری قسەو زمان لای پزیشکە چارەسەرکەرەکان هەیە، بەلام توانایان کەمە لەپەرەپێدانیدا، چونکە دەرامەتیان کەم لەبەردەستدایە، لێرەدا واپێویستە دان بەوەدا بنرێ کە پزیشکە دەروونییەکان بەرپرسیارێتییەکی زۆر گەورەیان لەئەستۆدایە بۆئەوەی ئەو پزیشکانە بتوانن لەئاست ئەو بەرپرسیارێتییە گەورەیەدابن پێویستە هەلی پسپۆڕییان بۆ برەخسێت، بەوەی هەرچی سەرچاوەو دەرامەتێکیان پێویستە بۆ

پەرەپێدانی هەندێك خزمەتگواری چارەسەرکردن بۆ ئەو منداڵە تووشبوانە.
لەکۆتاییدا پێویستە دان بەوەدا بنێین کە بەڕاستی پەرەسەندن روویداوە لەهەستکردن بەچەمکی ئۆتیزم، گەرچی دەستەبەربوونی کرداری دەسنیشانکردنی بەبێ پێشکەشکردنی راستەوخۆی بەپەلەی خزمەتگوزارییە چارەسەرییەکان کارێکی مەترسیدارە، زۆر پێویستە زانیاریی تەواو بدرێت بەباوکان سەرباری ئەوەی هانبدرێن کە هاوبەشی بکەن لەکۆمەڵە و سەنتەرانەی کە پسپۆڕن لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بەکردەوە، رووبەڕوویان دەبێتەوە.

لیستەکە

١- ئایا گفتوگۆی باش کراوە دەربارەی کرداری دەسنیشانکردن؟
٢- ئایا باوکان ئەرکەکانی خۆیان لەم بارەیەوە دەزانن؟
٣- ئایا پێویست دەکات منداڵەکە پیشانی پزیشکێکی دەروونی جیاواز بدرێت؟
٤- ئایا منداڵەکە پەیوەندیی کردووە بەدایەنگەیەکەوە یان تیمێکی یاریکردنەوە؟
٥- ئایا پێویست دەکات کاری هەڵسەنگاندنی فەرمی بۆ منداڵەکە بکرێت؟
٦- ئایا دایك و باوکان کتێب و نووسراویان لەبەردەستدا هەیە کە بتوانن سوودی لێوەربگرن؟
٧- ئایا هیچ شتێکی خێزانی هەیە کە پێویستە باسبکرێت بۆ گفتوگۆکردن و چارەسەرکردنی؟
٨- ئایا منداڵەکە سودمەند دەبێت بەوەی پەیوەندی بکات بەکۆمەڵەیەکی پشتگیرییەوە؟
٩- ئایا پێویست بەوە دەکات راوێژ بەپسپۆڕێکی کارا بکرێت بۆ ئەم کارە؟

## بەشی سێیەم

### دەستێوەردانی چارەسەری پێش چوونە قوتابخانە

بەشێوەیەکی گشتی لەهەر پرۆگرامێك لە پرۆگرامەکانی دەستێوەردان پێویستە، رەچاوی ئاستی گەشەی منداڵەکە، لایەنەکانی شارەزاییەکەی لەپاڵ ئەو کەموکوورییە تایبەتیانەی کە هەیەتی هەردوو لایەنەکە وەك یەك رەچاوبکرێت، ئەوانەی ئاستێکی باشیان هەیە لەتوانای زانیارییەکانیاندا، دەیانبینین سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست دەهێنن بە بەراوورد لەگەڵ ئەوانەی کە دەناڵێنن بەدەست کەموکووری لەو توانایانەدا.
ئەوەی تایبەتە بەمنداڵە بچووکەکان ئەوانەی کە لەم دواییانەدا دەستنیشان کراون کە تووشی ئۆتیزم بوون، لەحاڵەتی ئەماندا گرانە مەودای گران فێربوونی ئەم منداڵانە دەربخرێت، چونکە زۆر جومگەو لایەن هەیە هێشتا باسی لێوەنەکراوە، بەتایبەت لەبواری گەشەکردنی جەستەییو شارەزاییە هەستییە بینراوەکان، هەموو منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم سوودمەند دەبن، لەچوونە دایەنگەو دامەزراوە پسپۆرییەکانی فێرکردنی منداڵی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەکان، پێش ئەوەی بچنە قوتابخانە، بەگوزارشتێکی تر، ئەم کارە جێگەی گونجاوتر بۆ منداڵەکە دەستەبەر دەکات لەچاودێریکردنی رەفتاریو

توانا ژێرییەکانی لەناو منداڵانی تردا، بۆیە دەستێوەردانی چارەسەریی لەم قۆناغەدا پێویستە بەشێوەی ئاموژگاریکردنی ئەو کەسانە بێت کە لەم دەزگایانەدا کاردەکەن یان سەرپەرشتییان دەکەن، دەربارەی رێگا گونجاوەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمجۆرە منداڵانەدا، کە ئەمە دواتر وادەکات کە منداڵەکە برێکی باش سوود وەربگرێت لەئەزموونەکە، بێئەوەی پشێوی بخاتە سیستمی کۆمەڵەکەیەوە یان منداڵانی دەووروبەری بێزار بکات.

لەلایەکی ترەوە لەم بارەیەوە هەندێك کێشەی چاوەڕوانکراومان رووبەڕوو دەبێتەوە، لەوانەیە سەرهەڵدانی هەندێك رەفتاری شەرەنگێزانە لای ئەو منداڵانەی ئارەزووی یاریکردنیان هەیە، چونکە هیچ بیرۆکەیەکیان نییە دەربارەی جێبەجێکردنی ئەم ئارەزووە، بۆیە منداڵەکە لەماڵەکەدا دەست دەکات بەڕاکردن و بازدان، یان هەرچی لەبەردەستدایە دەیشکێنێ، یان نازانێ چۆن ئامێرێکی دیاریکراو بەکاربهێنێت بۆیە دەیشکێنێ یان توانای هاوبەشیکردنیان نییە لەگرووپی یارییەکەدا، چونکە بایەخ نادات بەو چالاکییانەی ئەوان دەیکەن، هەموو ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی ئەوەی منداڵەکە نەتوانێ هۆشی لەسەر شتێکی دیاریکراو چڕبکاتەوە جگە لەوانەی، کە بەتەنها بایەخپێدانەکانی ئەم تێر دەکەن لەسەر ئەمەوە دەبێت ئاموژگارییەکانی لەوەدا چڕبکرێنەوە، کە روونکردەوە بێت لەسەر ئەو زەحمەتەو گرانیانەی کە منداڵ لەچوارچێوەی نەخۆشی ئۆتیزمدا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، دواتر سەرپەرشتیارەکە وانەڕوانێتە رەفتارەکانی کە ئاسایی نین و بێ بەهاو لەدەرەوەی سنووری ئەدەبن، ئەمە ئەوەش ناگەیەنێت کە چاو بپۆشرێت لەم رەفتارانەو ئاسەوارەکانیشی پەراوێز بخرێت، بەڵام دەبێت بگەینە رێگەی دروست بۆ هەڵسەنگاندنی، وەك دەستەبەرکردنی برێکی زۆری پشتگیری و پاڵپشت بۆ ئەم منداڵە، دوای ئەوە دەتوانرێت دانیشتنی چارەسەریی چڕبکرێتەوە لەنێوان منداڵەکەو چارەسەرکەردا کە هەر بەتەنها لەنێوان خۆیاندا بێت، ئەوەش لەپێناو ئەوەدایە کە منداڵەکە فێر بکرێت لەسەر رێگاکانی هاوکاری نێوان ئەوو منداڵەکانی تری هاورێی، ئەمە سەرباری ئەوەی فێری هەندێك لەرێگاکانی یاریکردن کارا بکرێت کە وای لێبکات لەهەندێك چالاکی بەسوود تێوەچێ، لەبری تێوەچوون لەو چالاکییە رووخێنەرانەی ناوماڵ، لەهەندێجاردا دەتوانرێت ئەو منداڵانەی برێکی باش

شارەزایی کۆمەڵایەتیان هەیە پەرەیان پێداوە ئەو منداڵانە رازی بکرێن کە لەیارییەکانیاندا هاوبەشی بەمنداڵانی ئۆتیزم بکەن، لەهەندێك کاتی گرنگدا کە هەموو منداڵەکان هاوبەشی دەکەن لەگوێگرتن بۆ چیرۆکێك یان گۆرانییەك دەبێت منداڵی ئۆتیزمیش هانبدرێت هاوبەشیان لەگەڵدا بکات هەتا ئەگەر بۆ چەند خولەکێکیش بووە، رەنگە کاتەکانی نانخواردن خاڵێکی باش بێت بۆ جێبەجێکردنی ئەم کارە، چونکە خواردن لەباری ئاساییدا هاندەرێکی باشە بۆ هاوبەشیکردنی منداڵەکە تیایدا لەگەڵ هاورێکانی، پوختەی قسەکە ئەوەیە، زۆرێك لەمنداڵانی ئۆتیزم پێویستیان بەبرێکی گونجاو لەیارمەتیو پاڵپشتی هەیە بۆئەوەی هەلیان بۆ برەخسێ تاچالاکی نوێ جێبەجێبکەنو شارەزاریی نوێیان دەست بکەوێت بەسروشتی حاڵ بەرهەڵستکردنی گۆران قورسترین نموونەکانی رەفتارەکە دەتوانرێت راستبکرێتەوە.

بەدیوەکەی تردا منداڵانی ئۆتیزم ئاسایی جیهانی دەوورووبەریان بەسەرسورهێن دەبینن، بۆیە هەمیشە لەحاڵەتی پێشنیازو چاودێری رووداوەکاندان، ئەمەش بارگرژیو بێمتمانەیی لێدەکەوێتەوە، هەتا لەکاتی ئەنجامدانی ساکارترین جۆری چالاکییدا، ئەمە دەخوازێ کە هاوکاری هەندێك لەو منداڵانە بکرێت (هاندان لەرێی هەستی بینینەوە) وەك وێنە (فۆتۆ) جا چ یەك وێنە بێت بەتەنها یان وێنەیەك لەکۆمەڵێك وێنەدا، ئەمە وا لەمنداڵ دەکات کە بیرۆکەیەکی لا دروست ببێت لەسەر ئەوەی چی پێویستە بیکات، یان دووای ئەوەچی روودەدات، دەتوانرێت وێنەی خێزانەکە بگیرێت، یان وێنەی خێزانەکانی هاورێی منداڵەکە، وێنەی خانووەکانیان، سەرپەرشتیارەکانیان لەدایەنگە، خزمەکان، بۆنە خێزانییەکان، پاشان ئەم وێنانە بەکاربهێنرێت بۆ یارمەتیدانی منداڵەکە لەجیهانە تایبەتیەکەی خۆی باشتر تێبگاتو وەریبگرێت.

هاوکات لەگەڵ ناسینەوەی منداڵەکە لەناسینەوەی کۆمەڵی منداڵانی دەوروبەری، زۆر کاری تر هەیە کە پێویستە لەرێگەی دایكو باوكو بەرپرسانو سەرپەرشتیکەرانی منداڵەکە لەماڵەوە جێبەجێبکات، پێویست ناکات منداڵانی سروشتی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە فێری ئەوە بکرێن چۆن هاوبەشی کەسانی تر دەکەن لەچالاکییەکاندا، ئەمان بەسروشتی خۆیان بەخۆرسکی خۆیان دەزانن

چۆن دەست دەکەن بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەووروووبەریاندا، ئەمە کارێکە تارادەیەکی زۆر چێژی لێوەردەگرن، تەنانەت منداڵی شیرەخۆرەیش دەتوانێ بەیەکگەشتنی کۆمەڵایەتی دەست پێبکات، ئەویش دەزانێ چۆن سەرەنجیان بۆ لای خۆیان رادەکێشێت، بۆئەوەی وەڵامی دەست بکەوێت لەسەر ئەوەی کە ئەنجامی دەدەن، لەسەر ئەمەوە ئەم کارلێکە پاڵپشت (دوای قۆناغی قسەکردن) دەبێت بۆ گەشەسەندنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ، بەپێچەوانەی ئەمەوە شیرەخۆرانی تووشبوو بەئۆتیزم ئەو توانایەیان بەوشێوەیە تێدا نییە کە سەرنجی باوك‌ودایك بۆخۆیان راکێشن، باوك‌و دایکانیش بەسروشتی حاڵ دەیانبینن، هەست بە رەوشە سروشتییەکە ناکەن بۆیە ناتوانن بزانن کێشەی منداڵەکەیان چییە! بەتێپەربوونی کات کە هەست دەکەن‌و بۆیان دەردەکەوێت منداڵەکە یان تووشی ئۆتیزم بووە، رادەکەن‌و پەلە دەکەن هەتا یارمەتی‌و پشتگیریی کۆمەڵایەتیان دەست بکەوێت بۆ فەراهەمکردنی چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی کە یارمەتی منداڵەکە بدات بۆ بەدەستهێنانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییە بنچینەییەکان، پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە جیاوازییەك زۆر هەیە لەنێوان یاریکردنی ئەو منداڵانەی تەمەنیان ٦مانگە لەکۆشی دایکیان دان‌و لەنێوان یاری ئەو منداڵانە تەمەنیان ٤ ساڵەو هەر لەکۆشی دایکیان دان، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە ئەمە ئەو چارەسەرە بێت کە پێویستە پەیرەوی لێبکرێت، لەحاڵەتێکدا کە ئارەزوو هەیە بۆئەوەی منداڵەکە فێری هەندێك شارەزایی بکرێت، وەك بەردەوامی لەرێگەی چاوەوە، یان رۆڵ گۆرینەوە یان چربوونەوەی سەرنجدان، رەنگە بەسوودیش بێت منداڵەکە فێری هەندێك گۆرانی منداڵان بکرێت لەوانەی دووبارەبوونەوەیان تێدایە پاش بەندەکانیان دێتەوە سەریەك، ئەم گۆرانیانە چری سەرنجدانی منداڵەکە باشتر دەکەن بەتایبەت ئەوانەی توانای چرکردنەوەیان سنووردارە، سەرباری ئەمانەش دەتوانرێت چیرۆکی وێنەداری منداڵانە بەکاربهێنرێت بۆئەوەی هانبدرێن هاوبەشی لەسەرنجداندا بکەن لەگەڵ ئەوانی تر، ئەویش لەرێگەی چرکردنەوەو ئاماژەکردنی بۆ وێنەکانی چیرۆکەکە خۆی، لەوەی باسکرا بۆمان دەردەکەوێت کە خوێندنەوە پێویستە لەرێگەی شێوە چالاکی هاوبەشی منداڵان گەشەی پێبدرێت، واتا پێویستە هەر بەتەنها هەلێکی رووت نەبێت

بۆ هەڵدانەوەی وێنەکان، بەڵکو دەبێت ئاشنابوون بێت بەژمارەی لاپەڕەکان‌و هەندێك وێنەی دیاریکراویش.

سەرباری ئەوەش دەتوانرێت کارە رۆتینییە رۆژانەکان بگۆردرێت بۆ چالاکی بەسوود بۆ منداڵەکان، وەك کاتی خۆشتن، جل لەبەرکردن، ئامادەکردنی مێزی نانخواردن، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئامانجەکە لێرەدا هاندانی منداڵەکەیە هەتا وای لێبکات زۆرتر پەی بەری‌و شارەزا بێت بەچالاکی‌و رۆڵ گۆرینەوە لەسەر ئاستی بنچینەیی دیاریکراو، بۆیە پێویستە هاوکاری دایك‌و باوکان بکرێت کە تێبگەن ئەمجۆرە چالاکییانە بە بەردی بناغەی پرۆسەکانی گەشەپێدانی شارەزایی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، ئەمە لەبری چرکردنەوە لەسەر دانیشتنە چارەسەرییە تاکەکان، یان چارەسەرکردنی بەتەنها زمانگرتن لای منداڵان، لێرەدا پێویستە دان بەوەدا بنێین کە بیرۆکەی ئەوەی کە پسپۆران بەتەنها خۆیان دەتوانن هاوکاری منداڵەکە بکەن لەگەشەکردنی شارەزاییەکانیدا، پاڵپشتیکردنی ئەم بیرۆکەیە بێ سوودە، بەڵام دایك‌و باوکان دەبێت لەوپەری ئامادەباشی‌و متمانەبەخۆبوون بن، دەربارەی تواناکانیان لەرووبەڕووبوونەوەی ئەوەی منداڵەکەیان بەدەستییەوە دەناڵێنێت، ئەویش کەمتوانایی بەردەوامییە لەگەڵ کەسانی تر، بەهەرحاڵ هیچ کەسێکی تر نییە بتوانێت هاوبەشی منداڵەکە بکات لەهەڵوێستەکانی فێربوونی سروشتیدا، ئەمەش ئەو هەڵوێستانەیە کە لەژیانی رۆژانەیەوە پوختە دەکرێت کە منداڵی ئۆتیزم بەتەنها خۆی بەزەحمەت فێری دەبێت، لێرەدا پێویستە دایك‌و باوك ئاگادار بکرێن ئەمە کارێکە پەیوەندی نییە بەو کۆتە داراییانەوە کە هەیە، یان پەیوەندی نییە بەکەموکووری لەو دەرامەتانەدا کە لەبەرامبەریاندا دەستەبەرن، بەڵام پۆزەتیڤترین رێگەیە بۆ فەراهەمکردنی پشتگیری‌و پاڵپشتی بۆ منداڵەکە.

لەکۆی گشتییدا فێرکردنی منداڵەکە بۆ بەکارهێنانی ئاماژە بۆ گوزارشتکردنی لەپێداویستییەکانی بەرێگە گرنگەکان دادەنرێت بۆ چالاککردنی شارەزاییەکانی پەیوەندیکردن لای منداڵەکە، بۆیە رەنگە ببینین منداڵێکی ئۆتیزم هەر کەسێکی پێگەیشتووی نزیکی بەکاربهێنێت بۆ بەدەستخستنی ئەوەی دەیەوێت، ئەوەش روونە گەر فێربوون داخوازییەکانیان بەئاماژە دەربڕن ئەوە نیشانەیە

بۆئەوەی کە بەرەوپێشەوە دەچن لەڕێگەی سەربەخۆیی خودی خۆیان‌و پشتبەستن بەخۆیان، بۆ زیاتر روونکردنەوە، پرۆسەی ئاماژەکردن ئەوەیان بۆ دەرەخسێنێ کە توانای ئەوە بەدەست بهێنن هەڵبژاردنەکانیان بخەنەروو جەخت لەوە بکەنەوە کە بەتەواوەتی لەوە تێگەیشتوون کە دەیانەوێت بیکەن، لەبەرئەوەی منداڵەکە بەپێویست فێر دەبێت دەستی بەکار بهێنێت بۆ ئاماژەکردن، ئەمە لەقۆناغە زووەکانی تەمەنیدا، هەرکات توانی ئەم کردارە جێبەجێبکات باوك‌ودایکان ژمارەیەکی زۆر یارییان لەبەردەمدا دەبێت کە لەڕێگەیانەوە بتوانن بەهرە لەئاماژەکردن بەشێوەیەکی سوودبەخش بۆ منداڵەکە وەربگرن، ئەمانە یاریی ساکارو ئاسانن منداڵەکان چێژیان لێوەردەگرن‌و زۆریشیان دەبەستنەوە بە بەرستە دووبارەکانی پاشبەند وەك یەکەکان‌و گۆرانی، بۆیە دەبینین ئەمجۆرە یاریانە کتێب‌و چیرۆکی وێنەدارو کاسێتی تۆمار کراویان هەیە.

پێشتر باسمان کرد ئەمە کە مەودای گرنگی گۆرینی ئەو کارە رۆژانانەی منداڵ دەیکات وەك کاتی خۆشتن، جل لەبەرکردن، ئامادەکردنی مێزی نانخواردن، ئەمانە بگۆردرێت بەهەندێك چالاکی کە سوودبەخش دەبێت لەگەشەپێدانی شارەزاییە سەرەتاییەکانی پەیوەندیکردن لای منداڵەکە، بۆیە هەندێك باوك هەیە لەوانەی کە پێویستیان بەوە هەیە فێربن چۆن گفتوگۆ دەست پێبکەن دەربارەی فێرکردنی منداڵەکە چۆن سوود لەچالاکییە رۆژانەییەکان وەربگرێت، لەسەر ئەمەوە دەتوانرێت لەم رووەوە سوود لەیاری ئاماژە وەربگیرێت، بۆنموونە لەکاتی خۆشتندا لەوکاتەدا منداڵ دەتوانێت فێری چالاکی رۆڵ گۆرینەوە بێت لەڕێگەی یاریکردن لەئاودا، دروستکردنی گڵۆپ‌و بڵق لەسابونەکە، یان دەتوانێت ئاوێنەی گەرماو بەکاربهێنێت بۆ ئاماژەکردن بەهەموو ئەندامەکانی جەستەی خۆی‌و هەریەکەیان بەناوی خۆی، هەروەها ئاماژە بکات بەجل‌وبەرگەکانی یان بیان بەستێتەوە بەرەنگەکانیانەوە دەتوانێت سوود لەم یارییانە وەربگرێت لەکاتی ئامادەکردنی مێزی نانخواردندا، جا بۆ ئەندامانی خێزانەکە بێت یان بۆ میوانەکان ئەم کارە یارمەتی منداڵەکە دەدات کە هۆشی‌و ئاگایی گەشە پێبدات‌و ئەوانەی تر بناسێتەوە، جگە لەوەی درك بەوە بکات لەداهاتوودا چی روودەدات، پاشان ئەو ئامانجە لەپشت جێبەجێکردنی ئەم چالاکیانەوە بەدروستکردنی

پردێکە لەتێگەیشتن و هۆشیاریی کە منداڵەکە دەبەستێتەوە بەژینگەکەی دەووروبەری و ئەو جیهانە گەورەیەی تیایدا دەژی، بەهەرحاڵ دەتوانین سوود لەهەندێك سەرچاوە وەربگرین وەك ئەو کتێبانەی کە تایبەتن بەگفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی پەککەوتەدا یان ئەوانەی تایبەتن بەپرۆگرامەکانی چارەسەرکردن لەناوماڵدا، وەك (هانین و پورتاج) ئەویش بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەی لەبار بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەمجۆرە منداڵانەدا، لەوەش گرنگتر سوود وەرگرتنە لەخەیاڵەکانی پزیشکی چارەسەرکەر خۆی، کتێب و هەموو ئەو پرۆگرامانە باسی لێوەکرا هەژارن لەنەرمێتی تەواو بۆ دیاریکردنی نیشانە کەسێتییەکانی منداڵی ئۆتیزم، بۆیە دەبینین زۆرترین باوك و زیرەکترینیان لەتوانای مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵە ئۆتیزمەکانیاندا، بەلایانەوە باشە پێشنیازکردنەکانی چارەسەرکردنیان بەشێوەی نووسراو دەست بکەوێت، ئەمە بەلایانەوە باشە بواریان بۆ بەجێبهێڵرێت بۆ یەکگرتنی بیرۆکە تایبەتییەکانی خۆیان لەم بوارەدا.

لەرێگەی سوود وەرگرتن لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی (بارون- کوهین) ، کە لەسەر لیستی نیشانەکانی ئۆتیزم لای منداڵی شیرەخۆرە (CHAT) دایناوە، پسپۆرەکانی دەروونزانی هەستیان بەجۆرێك متمانە کرد بۆ دەستنیشان کردنی تووشبوون بەئۆتیزم لەتەمەنێکی زوودا، کە لە(ساڵ و نیوەوە دەست پێدەکات) هەرچەندە شارەزاییەکان فێریان کردووین کە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکە بەبێ پاڵپشتیکردنی بەرێگا لەبارەکانی چارەسەرکردن بێسوودە بگرە تارادەیەکی زۆر زیان بەخشە، بەڵام پەیرەویکردنی رێگا لەبارەکانی چارەسەرکردن لەکاتێکی زوودا نەك هەر یارمەتی بەرەوپێشەوەچوونی منداڵەکە دەدات بەڵکو باوکەکانیش لەهەمانکاتدا دەرەنجامی بوونیاتنەرانە و هەست پێکراویان دەست دەکەوێت، زۆرێك لەباوکان ئەوە دەردەبرن کە بێ دەسەڵاتن لەئاست ئەوەی منداڵەکەیان بەدەستیەوە دەناڵێنێت، بەڵام نەیانتوانیوە هیچ یارمەتی و رێنوێنیەکیان دەست بکەوێت کە پاڵپشت بێ بۆ رۆڵی ئەمانە لەچارەسەرکردندا، بۆیە دوواتر بوونەتە نێچیرێکی ئاسانی رێگە ئەڵتەرناتیڤەکانی چارەسەرکردنی تێچوونی بەرز کە ئەوەی لێناکەوێتەوە بەدڵی ئەمان بێت لەسەر حاڵەتی دەروونی منداڵەکانیان.

لەسەر ئەوەی پێشوو باسکرا، دایكو باوك دەبینین پێویستیان بەکەسێك هەیە شارەزایی تەواوی هەبێت لەسەر نەخۆشی ئۆتیزم، ئەمە ئەو تاکە کەسەیە کە دەتوانێت بەراستگۆیی وەڵامی هەموو پرسیارەکانیان بداتەوەو کار بکات بۆ بەگەیاندنی باوکانو سازکردنی بەیەکگەیشتن لەنێوانیاندا، ئەمە سەرباری توانایان لەدەستەبەرکردنی ئامۆژگاریو ڕێبەرێتی دروست دەربارەی مامەڵەکردنو دەستەبەرکردنی پرۆگرامە بەردەوامەکان کە دەتوانێت منداڵەکە بگەیەنێتە ئارامیی، سەرەتا لەناوماڵداو دوواتر لەدایەنگە، لەلایەکی تریشەوە زۆرێك لەو باوکانەی کە منداڵەکانیان تووشی ئۆتیزم بووە، بەداخەوە ناتوانن لەو ئامانجانە تێبگەن کە لەپشت ڕێگاکانی چارەسەرکردنە پەیڕەوکراوەکانەوەیە، هەروەها دایكو باوکان باوەڕیان وایە کە کۆششە بەردەوامەکانیان بۆ پەیڕەوکردن لەپرۆگرامە جیاوازەکانی چارەسەرکردن ڕەنگە منداڵەکەیان چاك بکاتەوە بەخێرایی لەئۆتیزم ڕزگاری ببێت، بەڵام پێویستە ئەوە بزانن ئەمە بەرەهایی بیرکردنەوەیەکی نالۆژیکیانەیە پێویستە لەسەریان هەست بەوە بکەن ئەم کارە بێسوودە هەتا ئەگەر بەبێ مەبەستیش ئەم کارە بکەن، پرۆگرامەکانی چارەسەرکردن زۆرتر لەسەر گەشەی منداڵ چڕدەبێتەوە، ئەمە سەرباری ئەوەی ئەزموونی باشو بەردار دەدات بەدایكو باوكو باوەڕیان بەتواناکانی خۆیان بەرزدەبێتەوە لەڕووی پەرەپێدانی شارەزاییەکانی منداڵەکەیان کە ڕەنگە پێشتر ئەوەیان نەزانیبێت، بۆیە دەکرێت ئەڵقە ئاراستەکارییەکانی باوکان بەڕێگەیەکی کارا دابنرێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کۆسپانەی دێتە ڕێگەیان لەمنداڵە ئۆتیزمەکانیانەوە، وەك فێرکردنی ڕەفتارەکانی خەوتن، نانخواردن، چوونە گەرماو یان هەر چالاکییەکی دیکەی ڕۆژانە.

## ئەڵقە ئاراستەکارییە ئازادەکانی باوکان

پەیوەندیکردن بەیەکێك لەئەڵقە ئاراستەییە ئازادەکانەوە لەهەر قۆناغێکی تەمەنی منداڵەکەدا بێت زۆر بەسوودە، وەك ئەوەی لەقۆناغی پێش چوونە قوتابخانەوە دەست پێدەکات هەتا قۆناغە یەکەمینەکانی ساڵی پێگەیشتن، سەرەتا بێگوێدانە تەمەنی منداڵەکە، زۆر پێویستە باوكو دایکان

هانبدرێن‌و هاوبەشی بکەن لەمەشقەکانی هۆش هەژاندن‌و بیرکردنەوە ئامانجە سەرەکیەکەی یارمەتیدانی دایك‌و باوکانە لەسەر چڕکردنەوە دەربارەی سروشتی ئەو زەحمەت‌و گرانیەی رووبەڕووی منداڵەکە دەبێتەوە، پێشکەشکردنی پێشنیازەکان دەربارەی گەشەکردنیان لەئایندەدا (لەکۆتایی ئەم کتێبەدا، لەپاشکۆی - أ - دا نموونەیەکی هەڵسەنگاندن‌و زانیاریی گشتی هەیە لەم بارەیەوە) سەرباری ئەوانەی باسکرا سازاندنە کردارییەکان مەرج‌و فاکتەری بنچینەیین بۆ سەرخستنی ئەو ئەڵقە ئاراستەییە ئازادە، پێویستە سەرپەرشتیارەکانی ئەم ئەڵقانە بەوردی کاتەکانی بەستنی بپشکنن، ئەوەش بەمەبەستی زامنکردنی زۆربوونی ژمارەی ئەو کەسانەیە کە ئامادە دەبن بەڕەچاوکردنی کاتی ئیشی باوکان، بەگوزارشتێکی تر باشتروایە ئەم ئەڵقانە لەئێواراندا یان لەپشووەکانی هەفتەدا ببەسترێت.

پێویستە ئەو نەرمیە کە بەسەر کاتەکەدا جێبەجێ دەکرێت بەسەر شوێنەکەشدا جێبەجێ بکرێت بەشێوەیەکی گشتی هەموو شوێنەکان باشن بۆ گرێدانی ئەم ئەڵقانە، بەڵام دەبێت رەچاوی ئەوە بکرێت شوێنەکە لەگەڵ ژمارەی ئامادەبوواندا بگونجێت، لەگەڵ کەشی ئەو گفتوگۆ نافەرمییەکانی کە دەکرێت، بۆنموونە دەتوانرێت ئەم ئەڵقانە لەماڵێکی تایبەت، یان لەنۆرینگەیەك، یان لەخوێندنگەیەك تەنانەت لەژوورێکی بچووکیشدا دەکرێت.

ئەو پێداویستییە سەرەکیانەی کە دەبێت لەگرێدانی ئەم ئەڵقەیەدا دەستەبەر ببن وەك دەفتەری تێبینیەکان، نموونەکانی هەڵسەنگاندن، ئەو کاغەزانەی کە زانیاریی پێوستیان تێدایە یان هەر کەرەستەو کتێبێکی تر کە پێویستی بەراڤەکردن بێت یان پیشانی ئامادەبووان بدرێت.

زۆرێك لەباوکان کە منداڵەکانیان تووشی ئۆتیزم بووە هەست بەدابڕان‌و تەنیایی دەکەن بۆیە دەیان بینیین زۆر بەگرنگیەوە دەڕواننە ئەم بەیەکگەیشتنە، کە لەگەڵ کەسانێکە رووبەڕووی هەمان گرفتەکانی ئەم بووەنەتەوە، بۆیە دەبینن زۆر ئاسانە ئەو باوکانە قەناعەت پێبکرێن بەو راستیەیی کە منداڵەکەیان ئۆتیزمە، بەڵام هەمیشە نکوڵی لێدەکەن، خۆدەبەستنەوە بەهیوای درۆزنەوە، وا هەست دەکەن کە پێویستە هەر زوو هەستیان بخەنەڕوو لای ئەو کەسانەی کە زۆرتر پۆزەتیڤن، ئەو رەوشەی کە بەڕاستی تێیدا دەژین قبوڵی دەکەن.

پوختەی باسەکە ئەوەیە کاتێك باوکان بەیەکدەگەن کە هەمان کێشەیان هەیە دواتر یەکتری دەناسن، رەنگە ئەنجامێکی کاراترو پۆزەتیڤ تر، بۆنموونە ئەم کارە هانی باوکان دەدات کە کۆمەڵەی پاڵپشتی بەردەوام دروست بکەن، هەروەها هەستیش بەبرێکی باش دان بەخۆداگرتن دەکەن دەربارەی باشبوونی تواناکانی منداڵەکانیان لەئێستاو ئایندەدا، بۆیە لەکۆتاییدا رەنگە وایان لێبێت تۆرێکی زۆر بەسوودی زانیاریی دروست بکەن.

پرسیاری داهاتوومان ئەوەیە، کەی منداڵەکە ئامادە دەبێت بۆ سوودوەرگرتن لەچوونە ناو کۆمەڵەی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان؟ وەڵامەکەشی ئەمەیە، لەئاساییدا ئامادە نابێت ئەگەر ئامادەبوونی بەتەنها لەدانیشتنە چارەسەرییە تاکیەکاندا بەس بێت، لەم کاتەدا دەبێت توانا دەستەبەر بێت بۆ چربوونەوە لەسەر هەموو چالاکییەکان نەك بەتەنها لەسەر ئەو چالاکیانەی کە خۆی هەڵیدەبژێرێت بۆنموونە دەبێت ئاستی توانای لەتێگەیشتنی زماندا لەسێ وشە کەمتر نەبێت، ئەمەش بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی پرۆژەی چارەسەرکردنی زمانگرتن لە (دیر بیشلر-Derbyshire Assessment) ساڵی ۱۹۸۰، پاشان کاتێك منداڵ دەگاتە قۆناغی پێشچوونە قوتابخانەکە دەگاتە ئەم ئاستە دەیانبینین گەیشتونەتە ئەو ئاستەی گەشەکردنی زانیاریی پێویست، بۆ سوود وەرگرتن لەمجۆرە شارەزاییانە لەم تەمەنەدا.

لێرەدا پرسیارێکی تریش دێتە گۆڕێ ئەویش ئەوەیە: دەبێت چی بکرێت کاتێك بارودۆخی منداڵەکە رێگە نەدات بە پەیوەندیکردن بەیەکێك لەم کۆمەڵانەوە جا لەبەر هەر هۆیەك بێت؟ وەك ئەوەی لەکوێرە دێیەکدا بژیو هۆیەکانی هاتووچۆی لەباریشی تێدا نەبێت، یان هیچ منداڵێك نەبێت هەمان کێشەی ئەمی هەبێت، یان جێگەی لەبار نەبێت بۆ سازدانی ئەم کارە بەکۆمەڵانە، وەڵامەکەیشی ئەمەیە، لەم حاڵەتەدا زۆرشت دەتوانرێت بکرێت، دەتوانرێت هەمان کەشی کۆمەڵەکان ئامادە بکرێت لەلایەن خێزانەکان خۆیان، لەحاڵەتی پاڵپشتیکردنو پێدانی ئەو زانیارییانەی لەم بارەیەوە پێویستیان پێیەتی، لەوکاتەدا کە هەندێك باوك هەر بەغەریزە هاوکاری منداڵەکەیان دەکەن، هەندێك باوکی تر دڵنیانین لەتوانای خۆیان کە بتوانن هاوکاری منداڵەکانیان بکەن، ئەمە سەرباری ئەوەی کە نەزانێت لەبناغەدا چۆن دەست بکات

بەوهاوکاریکردنەکە، بەهەرحاڵ ئەمە هەندێك لەو کارانەیە کە دەبێت خۆت هەوڵبدەیت بیدۆزیتەوە:

١- منداڵەکە بخرێتە یەکێك لەو دایەنگایانەی کە ئامۆژگاری قبوڵ بکات دەربارەی ئەو ڕێگەیەی کە بەهۆیەوە دەتوانێت هاوکاری منداڵەکە بکرێت هەتا رزگاریی بێت لەو کێشەیەی بەدەستیەوە دەناڵێنێت.

٢- ئایا نووسینگەی خزمەتگوزاری هەیە کە چارەسەرکردن بەپرۆگرامەکانی پورتاج یان هەر بەرنامەیەکی تری ناوماڵ کە پەیوەندی بەم کارەوە هەیە دەستەبەر بکات؟

٣- ئایا شوێنێکی یاریکردن هەیە نزیك ماڵەکەتان؟

٤- ئایا لەنزیکتانەوە هیچ لەو کۆمەڵانە هەیە کە پاڵپشتی لەو باوکانە دەکەن کە منداڵەکانیان تووشی ئۆتیزم بووە، یان تووشی هەر پەککەوتنێکی تایبەتی هۆش بووە؟

٥- دەستەبەرکردنی ناونیشانی ئەو کتێبانەی کە سوودبەخشن بۆ باوکان، لەبەریتانیادا دەستەبەرکردنی زانیاریی پێویستە لەسەر کۆمەڵەی نەتەوایەتی بۆ چارەسەرکردنی ئۆتیزمەکان.

٦- دەستەبەرکردنی بیرۆکەی باش ئەوانەی یارمەتی باوکان دەدەن کە شارەزاییاکانیان گەشە پێبدەن ببنە پاڵپشت بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵەکە، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت ئەم بیرۆکانە وا لێبکرێت کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستی ئاستە جیاوازەکانی پێشکەوتنی منداڵەکەدا.

هەروەها پێویستە ئامۆژگاریی و ڕێنوێنی بەشێوەیەکی بەردەوام دەستەبەر بێت، ئەمە لەگەڵ توانای گەڕاندنەوە بۆ هەر کەرەستەیەکی چاپکراوەو بڵاوکراوەکە لەم رووەوە سوود بەخش بێت بۆ باوکان.

**ناسینەوەی پرۆگرامەکانی تایبەت بەباشکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ**

بەشێوەیەکی گشتی پێویستە خوێنەر ئەوە بزانێت کە ناکرێت هەر پرۆگرامێکی چارەسەری بینی یان هەر چارەسەرێك وەك یەکێك لەشێوەکانی چارەسەر خرایەڕوو، ئیدی وەك جۆرێك لەجۆرەکانی چارەسەرکردنی ئۆتیزم دابنرێت، چونکە ئامانج لەپرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەر بریتییە

لەفێرکردنی رێگە سەرەکییەکانی شارەزایی بەیەکگەیشتنی کۆمەلایەتی لەگەڵ کەسانی تردا، ئەمەش کارێکە منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم پێویستیان بەکەسانی تر هەیە کە هاوکارییان بکەن لەبەدەستکەوتنیدا، بۆیە ئەم شارەزاییانە پێویستیان بەوە هەیە مەشقیان لەسەر بکرێت کە هەلوێستەکانی ژیانی رۆژانەدا جێبەجێ بکرێن جا لەماڵدا بێت یان لەقوتابخانە یان لەهەر شوێنێکی تردا، بەگوزارشتێکی تر، ئێمە ئاماژە دەکەین بەو رۆڵە زیندووەی کە پێویستە باوکان ئەوکەسانەی کە چاودێری منداڵەکە دەکەن ببینین، سەرباری مامۆستایان چارەسەرکەرانیش، رۆڵی ئەم کەسانە کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر سەرکەوتنی پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری، زۆر پێویستیشە هەرکەسێك لەمانە جەخت بکەنەوە لەوەی کە دەتوانن بەکرداری و راستی چاوەڕوانی ئەو دەستکەوتانە بن کە پرۆگرامەکانی چارەسەرکردن بەدەستی دێنن بۆ منداڵەکانیان، بۆیە ئەو باوکانەی وا خەیاڵ دەکەنەوە کە منداڵەکانیان خێرا باش دەبن کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەدەگمەن تواناکانی منداڵەکە لەدانیشتن و گوێگرتندا بەرەوپێشەوە دەچێت، گەر باوکەکە نەیتوانی پەیوەندی بکات بەیەکێك لەو ئەڵقە ئازادانەی ئاراستەکردن، ئەوکات پێویستە لەو دانیشتنە بەراییانەدا ئامادەیی هەبێت پێش ئەوەی پەیوەندی بکات بەیەکێك لەو کۆمەڵانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە چارەسەرەکە فاکتەرەکانی گەشەکردنی شارەزاییەکانی پەیوەندیکردنی بۆ باوکان روون بکاتەوە، پێویستە باوکان دووربکەونەوە لەهەر بەدحاڵی بوونێك و بێ هیواییەك کە کار لەهەستیان بکات، پێویستە باوکان بیرۆکەیەکی باشیان هەبێت لەسەر ئەو بنچینانەی کە شارەزاییەکانی پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تری لەسەری بەندە، لەبەر ئەم هۆیانە دەکرێت هۆیەکی فێرکردنیان بدرێتێ وەك ئەوەی لەشێوەی ژمارە-١-دا دەرخراوە کە هۆیەکی باشە بۆ یارمەتیدان، ئەم پلانرێژییە قوچەکیە یارمەتی چارەسەرکەرانیش دەدات کە بەرێگەیەکی باش و بەسوود راڤەی ئەو هۆیانەی بکات کە لەپشت رەچاونەکردنی دووبارەکردنەوەی هەندێك وشە لای منداڵەکە یان بیرکردنەوەیەکی باشی هەبێت و بەڵگەی حاشاهەڵنەگر هەبێت لەسەر گەشەکردنی شارەزاییەکانی پەیوەندیکردن لای منداڵەکە.

شێوەی ژمارە -١- پلانڕێژی قوچەکی




شارەزایی زانیاریی منداڵ کارێکی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ئاستی ئەو شارەزاییە کۆمەڵایەتیانەی کە دەتوانێ بەدەستی بهێنێت، بەگوزارشتێکی تر ڕێگاکانی گەشەکردن و پەروەردەکردن تارادەیەکی زۆر وابەستەی فێربوونی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆیە ناتوانین پێداگرین لەسەر گونجانی پرۆگرامەکانی چارەسەرکردن لەگەڵ هەموو منداڵانی تووشبوو بەئۆتیزم، گەر ڕەفتاری کاولکاری هەمیشەی هێندە مەترسیداربێ بەپلەیەك کاربکاتە سەر سەرکەوتنی کۆمەڵەکە لەبەجێگەیاندنی کارەکانیدا، بێگوێدانە ئەوەی کە ئەم منداڵە ئاستێکی باشی تواناکانی زانیاریی هەیە - باشتروایە دووربخرێتەوە لەو کۆمەڵەیە، لەم حاڵەتەدا بەرپرسێتی سەرنەکەوتنی پرۆگرامەکانی چارەسەرکردن

ناخرێتە ئەستۆی منداڵەکە، مامۆستاکە، چارەسەرکەرەکە بەڵکو بەدیهێنانی سەرنەکەوتن دەخرێتە کاتێکی ترەوە.

ژمارەیەکی کەمی منداڵان بەدەست ئەستەمییەوە دەناڵێنن کاتێك لەدایكوباوکیان جیادەبنەوە، لەم حاڵەتەدا رەنگە واباشتر بێت یەکێك لەدایكوباوك ئامادە بێت، لەپشتی کورسی منداڵەکەوە دابنیشێ، گەر هەستی بەوە کرد منداڵەکەی بایەخ دەدات بەچالاکییەکانی کۆمەڵەکە پێویستە زۆر لەسەرخۆو بەئارامی بکشێتەوەو منداڵەکەی بەجێبهێڵێت لەگەڵ هاورێکانیدا.

هەمیشە واچاکە کە کۆکردنەوەی منداڵان بەگوێرەی ئاستی بەجێگەیاندنی کارەکانیان بێت، ئەوەش بۆئەوەیە بتوانین پلەی سازان و گونجاندنی داواکراو بەدیبهێنین، لەسەر ئەمەوە دەبێت جۆرێك لەکاری هەڵسەنگاندن بکرێت، پێش ئەوەی کۆمەڵەیەك دروست بکرێت بۆ چارەسەرکردنی پێکەوەیی منداڵان، باشتروایە تا دانیشتنی سێیەم وەك ماوەی تاقیکردنەوە بێت، پاشان ژمارەی منداڵانی ناو کۆمەڵەکە جۆراوجۆر دەبێت، ئەویش بەگوێرەی قۆناغە تایبەتیەکانی گەشەی خۆیانە، لەکۆی گشتییدا پێویستە ئەو کۆمەڵەیەی کە لەمنداڵانی تەمەن پێش چوونە قوتابخانە کە دروست دەکرێت ژمارەیان کەم بێت، بەڵام دەبێت بۆ هەر ٦ منداڵێك دوو چارەسەرکەر دابنرێت، دەبێت ئەو کەسانەش رەچاوبکرێن کە هاوکاری باوکان دەکەن، بەڵام لەقۆناغە درەنگەکانی منداڵی و لەهەرزەکاریدا چارەسەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەخۆ بگرن ئەمە یارمەتی ئاسانکردنی گفتوگۆکاران دەدات، وابەستەیی بەرێکخستنی پەیرەوکراو لەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی فراوانترو گشتگیرتردایە، بەهەمانشێوەیش پێویستە ماوەی هەر دانیشتنێك جۆراوجۆر بکرێت.

## گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ لەساڵە یەکەمینەکانی تەمەنیدا

دیسان جەخت لەوە دەکەینەوە کە چوونە دایەنگە گرنگە، چونکە لەم شوێنەدا هەندێك شارەزایی دەست دەکەوێت کە هانی دەدات بۆ هاوبەشیکردن لەچالاکییە ئامانجدارەکاندا نەك لەو چالاکیانەی کە خۆی کورتی دەکاتەوە لەوانەدا کە

جێی بایەخی بەتەنها خۆین و دووبارەن، ئەو شارەزاییانەی لەدایەنگە دەستی کەوتووە پەیوەندیدارە بەئامانجە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەپێدانی شارەزایییە کۆمەڵایەتییەکان لەم روانەوە:

١- پەرەپێدانی توانای کۆنترۆڵکردن و بیرچڕی، ئەمەش لەڕێگای شارەزایییەکانی دانیشتن، بینین، گوێگرتنی باش.

٢- پەرەپێدانی بەئاگا بوون بەمندالانی تری ناو کۆمەڵەکە ئەمەش لەڕێگەی رۆڵ گۆڕینەوە.

٣- چڕکردنەوە لەسەر بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زمان ئەویش لەسەر رێگای شارەزایییەکانی هەڵبژارن، سلاوکردن، داواکرد، بەخشین.

٤- دروستکردنی بنچینەکانی تێگەیشتن لەو جیهانەی دەوری داوون ئەویش لەڕێگەی ئەو چالاکیانەی پەیوەستن بەشارەزایییەکانیان و کاروباری ژیانی رۆژانەوە.

بەجێهێشتنی منداڵ لەلایەن دایك و باوکەوە، پاشان گەڕاندنەوە بۆ لایان بەشێکی بنچینەی دانیشتنەکانی چارەسەرکردنە، دەبێت منداڵەکان ئەو جێگەیە بزانن کە دایك و باوکیان چاوەڕوانیان دەکەن، دەبێت ئەوە بزانێت چۆن سلاویان لێدەکات و ماڵئاواییان لێدەکات و بزانێت چۆن لەکۆمەڵەکەدا دەجوڵێت لەنێوان ژوورەکانداو شوێنی گەرماوو توالێت و هی تر...، بۆنموونە پێویستە منداڵ فێربکرێت چۆن بەیەکەوە بەڕێکوپێکی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەڕۆن ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی پەتێکەوە کە چەند گرێیەکی لێ درابێت ئەوکات هەر منداڵە لەتەنیشت ئەو گرێیەوە دەڕوات کە دەستی پێوەگرتووە، دەتوانرێت منداڵ فێربکرێت گۆرانیەك بڵێت بۆئەوەی هانبدرێت زۆرتر چێژ لەم چالاکییە وەربگرێت، پێویستە هەریەك لەمنداڵەکان و باوکانیش بزانن ژمارەی سەعاتەکانی دانیشتنەکان چەندەو چەند هەفتەی دەوێت بۆ جێبەجێکردنی، هەروەها دەبێت ئەو دانیشتنانە ئامانجی هەبێت و پێویستە بهێندرێتە دی، نابێت بەتەنها هەڵوێست بێت و کۆتایی نەبێت، ئەو هێڵە کاتییە ئاسانەی شێوەی ژمارە-٢-، کە منداڵەکە دەتوانێت لەهەر رۆژێکی هەفتەدا بۆی بگەڕێتەوە، ئەمە وادەکات کە ئەم دانیشتنانە سوودی هەبێت، بۆ زیاتر روونکردنەوە، دەکرێت ئەم هێڵە کاتییە شێوەی شریتێك وەربگرێت کە

رۆژەکانی هەفتەی لەسەر نووسرابێت بەرەچاوکردنی ئەوەی رۆژەکانی بەیەك گەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵەکە بەرێگەیەکی تایبەت جیابکرێتەوە لەرۆژەکانی تر، پاشان وێنەی ئوتومبێلێك یان بۆقێکی لەسەر دابنرێت بەجۆرێك وابێت شیاوی گوێزانەوە بێت لەرۆژە جیاکەرەکەوە بۆ رۆژێکی تری دوای خۆی، ئەمە دوای هەر دانیشتنێك ئەنجام بدرێت، دواتر منداڵەکە دەتوانێت وێنایەکی تایبەتی بینراو دروست بکات بۆ ئەو رۆژانەی تێدەپەرێت بۆ ئەوانەشی کە دێت، پاشان دەتوانێت فێری ئەوەبێت چۆن چاوەروانی ئەوە بکات کە لەئایندەدا روودەدات خۆی بۆ سازدا.

هەتا بۆ بچووکەکانیش، دەتوانرێت هاوکارییان بکرێت لەدانان و رێکخستنی کورسییەکانی خۆیان کە لەسەری دادەنیشن، هەر لەسەرەتای دانیشتنەکەوە بەشێوەیەکی بازنەی، دەتوانرێت لەسەرەتادا بەتەباشیر بازنەیەك لەسەر زەوی ژوورەکە بکێشرێت، دواتر هۆشیان چربکرێتەوە لەسەر ئەو شوێنەی کورسیەکەی لێدادەنێن، گەر ئەم کارە ئاگادارکردنەوەی زارەکی خواست یان بەهێواشی و نەرمییەوە پاڵێکیان پێوە بنرێت، هەر بەهەمانشێوە دەبێت فێربکرێت لەکۆتایی دانیشتنەکەدا کورسی و کەرەستەکانی تر بگێرنەوە شوێنەکانی خۆیان، ئەمجۆرە سازدانە ئێجگار بەسوودە بۆ منداڵ و ماوە بەمنداڵ دەدات چۆن فێری ئەوە ببێت پشت بەخۆی ببەستێت و لەشتەکانی دەووروبەری تێبگات، بەڵام پسپۆران پێش دانیشتنەکە شوێنەکە بەتەواوتی ئامادە دەکەن، هەتا منداڵەکە نێگەتیف دەردەچێت نازانێت چۆن کاردەکاتە سەر ژینگەکەی و چۆن خۆی لەگەڵدا دەگونجێنێت.




## شێوەی ژمارە ٢ هێڵی کات

دەبێت بابەتی قسەکردنەکە لەهەر دانیشتنێکدا دیاریبکرێت وەك قسەکردن لەسەر ماڵ، خێزان، ئاژەڵە ماڵییەکان، جۆرەکانی خواردن، پێویستە لەنێوان دانیشتنێك و یەکێکی تردا کارێك بدرێتە منداڵەکە کە لەماڵەوە ئەنجامی بدات، ئەمەش بۆ کارکردنە لەسەر پەرەپێدانی بیرۆکەی پێکەوەبەستن و هۆشیاریی بەردەوامێتی لای منداڵ، بۆنموونە گەر قسەکردنەکە لەسەر خۆشتن و گەرماو بوو، دەبێت لەدانیشتنی داهاتوودا شتێك بهێنێت لەوانەی لەخۆشتندا بەکاری دەهێنێت، ئەم کارە بوار دەدات کە باوکەکەنیش رۆڵێکی باش ببینن لەپرۆگرامەکانی چارەسەرکردندا، ئەو (کاری ماڵەوە)وەیە بەچوارچێوەی کاری تایبەت بەوان دەستەبەر دەکات، دەبێت زۆر سووربن لەسەر گەشەکردنی بۆ سوود بەدەستهێنانی کاری کۆمەڵەکە، لەو هۆیانەی تر کە دەبێت لەکرداری رێکخستنی کۆمەڵەکەدا دەستەبەر بێت، کە دەبێت خشتەیەکی کاتی بینراو دروست بکرێت لەکۆمەڵێك وێنەو فۆتۆ پێکهاتبێت و بگونجێت لەگەڵ زنجیرەی چالاکییەکانی ناو دانیشتنەکەدا، دواتر منداڵەکان شارەزای چەمکی (رووداوی دواتر) دەکرێن، بەڵام رەفتاری ئەو منداڵانەی کە بەگران دێنە ژێربار پەیوەندی هەیە بەبێ توانای دەربارەی وەرگرتن و تێگەیشتنی ئەو چەمکەی باسکرا، بۆیە باشتروایە سوود لەشارەزاییەکانی بینین وەربگرین، ئەم شارەزاییانەش لەتواناد بۆ منداڵە ئاست باشەکانی ئۆتیزمە، بۆیە بریاردان لەسەر بەکارهێنانی خشتەی کاری وێنەدار دەگەڕێتەوە بۆ پسپۆڕەکان خۆیان، لەناو کۆمەڵەکانی گەشەپێدانی

توانا کۆمەڵایەتییەکاندا، جێبەجێکردنی زنجیرەی وێنەکان بەسەر کارەکاندا دەبێت لەکاتێکی کورتدا پێشکەش بکرێت، لەلایەکی ترەوە، دەتوانرێت ئەم زنجیرەیە بەکاربهێنرێت بۆ بەکارهێنانیو خستنەرووی پرۆگرامی رۆژەکە هەمووی، دەتوانرێت هێڵکارییە وێنەدارەکان بەکاربهێنرێت بۆ خستنەرووی هەندێك چالاکی، وەك خوێندنەوە، ژمارەکان، کۆمەڵەکانی وشە، دەنگەکانی کۆمپیوتەر، یاریکردن، خواردنی ژەمەکان...هتد.

بۆ ئەو منداڵانەش کە لەقۆناغەکانی زووی تەمەنیاندا توانیویانە چۆنیەتی ناسینەوەی وێنە فێر بووبن، دەتوانرێت هاوکارییان بکرێت لەپەرەپێدانی شارەزاییەکانی تێگەیشتنیان بەکردنی خشتەیەکی نووسراو نەك وێنەدارە پوختەی قسەکە، پرۆگرامی(TEACCH) کە یەکەمجار لەویلایەتی کالیفۆرنیا سەریهەڵدا توانی زۆرێك لەم بیرۆکانە پێشکەشی ئەو قوتابخانە تایبەتیانە بکات کە منداڵی ئۆتیزم لەبەریتانیا فێردەکەن.

## هەندێك پێشنیاز دەربارەی جۆری چالاکییە بەسوودەکان بۆ منداڵانی ئۆتیزم

### ١- یاری دانیشتن بەشێوەیەکی باش

باشتروایە هەموو دانیشتنێك بەگوێگرتن لەموزیك دەست پێبکات، بەوەش کۆتایی پێبهێنرێت کە موزیکێکی ئارام بێتو تەنها یەك خولەك بخایەنێت، دەبێت منداڵان بەجێگیری دابنیشنو دەستیان لەسەر قاچیان دابنێن، هۆشو بیری هاورێکانیان پەرت نەکەن، ئەم چالاکییە خاڵی دەستپێکی راهێنانە لەسەر هۆش چەقکردنەوە، بەڵام بۆ ئەو منداڵانەی کە بەزەحمەت دەتوانن بەجێگری دانیشنو هەست بەبێزاری ئەکەن، باشتروایە بەتەباشیر لەسەر زەویەکە چوارگۆشەیەك بکێشرێ بۆ دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە پێویستە منداڵەکە پێی لەسەر دابنێ، لەهەمانکاتدا دوو تۆپی نەرمی دەدرێتێ کە بیخاتە ناو دەستیەوە ئەوکات دابنیشێو دەست لەسەر قاچ دابنێ، بەشێوەیەکی گشتی ئەمکارە بۆ ئەمجۆری منداڵانە بەسوودە، هانیان دەدات هۆشو هەستیان گەشەپێبدەن بەوەی کە لەشیان دەیکات، بەڵام بۆ ئەو منداڵانەی کە بەزەحمەت بەجێگیری دادەنیشن، هەر کە ویستیان شتێك بڵێن لەشوێنەکەی خۆیانەوە باز

دەدەن، پێویستە بەردەوام بەبیریان بهێننەوە کە دەبێت بەجێگیری لەشوێنەکانی خۆیان دابنیشن جا بەهەرشێوەیەك بێت، وەك ئەوەی پشتییەك بخەینە پشتەوەیان، کە لەبازداندا پشتیەکە کەوت بیریان دەکەوێتەوە کە دەبێت لەسەر کورسیەکە بەباشی دانیشن‌و نەجوڵێن، بەهەرحاڵ بەکارهێنانی ئامرازێکی وەبیرهێنانەوەی ماددی بەسوودە وەك چالاکییەکی بەکۆمەڵ لەدانیشتنەکاندا.

**٢- یاری سڵاوکردن:**

یەکێك لەچارەسەرکارەکان سڵاو لەمنداڵێك دەکات پاشان ئەم منداڵە سڵاوی لێدەکاتەوە، دواتر دەتوانرێت پەرە بەقۆناغەکانی یارییەکە بدرێ وەك ئەوەی کە سڵاوەکە وەڵام دەداتەوە، لەهەمانکاتدا سەیری ئەو کەسەش بکات کە سڵاوەکەی لێکردووە، پاشان منداڵەکە سەیری منداڵێکی تری گروپەکەی دەکات‌و سڵاوی لێدەکات، بەوجۆرە یارییەکە بەردەوام دەبێت هەتا هەموو منداڵەکان هاوبەشی دەکەن، پێویستە هەنگاوەکانی ئەم یارییە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بڕوات، چونکە هەموو منداڵەکان ڕوانینیان چڕدەکەنەوەو لەئامادەیدان کە ڕەنگە جاری داهاتوو سڵاویان لێبکرێت.

**٣- سەیرکردنی ئەو منداڵەی لەتەنیشتەوە دانیشتووە:**

دەکرێت لێرەدا تۆپێکی نەرم یان زەرفێکی بچووکی پڕ دانەوێڵە بەناو تاکەکانی گروپەکەدا تێپەڕێنرێت داوا لەهەموو منداڵێك دەکرێت سەیری ئەو کەسە بکات کە تۆپەکەی دەداتێ‌و پێی بڵێت (سوپاس) پێش تێپەڕینی بۆ کەسەکەی تر.

**٤- یاری پێڵاو:**

هەر منداڵێکی ناو گروپەکە تاکێك لەپێڵاوەکانی دادەکەنێت‌و دەیخاتە ناو کیسێکەوە، دواتر ئەم کیسە لەشێوەی ئەڵقەیەکدا بەناو منداڵەکاندا تێدەپەڕێت بەڕیزو داوا لەمنداڵەکان دەکرێت هەریەکە تاکێك دەربهێنێت‌و هەوڵبدات بزانێ خاوەنەکەی کێیە.

**٥- یاریکردن بەیاوەری موزیك:**

دەکرێت هەندێك یاری ئەنجام بدرێت بەموزیکەوە هەتا منداڵەکە فێربکرێ چۆن جووڵەی لەشی دەسازێنێ لەگەڵ ئاوازی مۆسیقاکەی گوێی لێدەبێت،

بۆنموونە پارچە موزیکێك یان گۆرانیەك لێدەدرێ داوا لەمنداڵەکان دەکرێت لەئەڵقەیەکدا بسورێتەوە، بەهەنگاوی خێرا یان لەسەرخۆ بەگوێرەی ئامۆژگاری مامۆستاکەو بەسازان لەگەڵ موزیکەکەدا، یان دەکرێت داوا لەمندالان بکرێت خۆیان ببنە ژەنیارو لەسەر هەندێك ئامێری موزیکی وەك تەپڵ و جەرەس، ئەوەش بەگوێرەی نۆتەی موزیکەکەو ئەو دەنگەی دەیبیستن، بەشێوەیەکی گشتی، ئەو گۆرانیانەی لەیارییەکاندا بەکاردەهێنرێت و منداڵ لەدایەنگەکاندا فێری دەبن زۆر بەسوودن، بەتایبەت ئەوانەی ئاماژەن بۆ رەوشی جیاواز، لاسایی کردنەوەی ئاسانی هەندێك دەنگ، ئێستا لەبازارەکاندا ژمارەیەکی زۆر کاسێت و سیدی هەیە ئەو گۆرانیانەیان تێدایە.

**٦- کاتەکانی خواردنی ژەمە سووکەکان:**

دەکرێت بەم چالاکییە رۆژانەیە هەندێك منداڵ تواناو چرکردنەوەی تایبەت بەدەست بهێنن، بۆنموونە لەرێگەی پێشکەشکردنی برێك شەربەت و بسکیت منداڵان فێری هەندێك شارەزایی کۆمەڵایەتی بکرێت وەك: (داواکردن، وەڵامدانەوە، بەیارمەتی خۆت، سوپاس، چاوەروانی، رۆڵ گۆرینەوە، هەتا پاکوخاوێنیش) دەکرێت هەر منداڵێك بەروانکەیەك لەمل بکات و رۆڵی شاگرد ببینێ، پاشان دەکرێت رۆڵە جیاوازەکان بخرێنەروو هەتا منداڵ لێیان هەڵبژێریت، بەمەش بواریان بۆ دەرەخسێ کە ئەوە هەڵبژێرن کە لەبارە بۆیان و دەگونجێ لەگەڵ تواناکانیاندا، لەمکاتانەدا تاکەکانی گروپەکە شارەزاتر دەبن لەچاودێریکردنی هاورێکانیانداو راستکردنەوەی هەندێك کاریاندا.

لەلایەکی ترەوە هەندێك بەلایانەوە زەحمەتە چاوەروان بکەن هەتا خواردن و خواردنەوەکەیان دەگاتێ، بۆیە ناکرێت هەموو شەربەتەکان لەسەر سینیەك دابنرێن و دوایی ئارەزووی فراندنی بکەن، بەڵکو دەبێت هانی ئەوە بدرێن فێری چاوەروانیکردن ببن.

**٧- یاری برین و پێوەلکاندن:**

دەتوانین سوود لەو گفتوگۆیانە وەربگرین کە لەو دانیشتنانەدا باس دەکرێن و بیانکەینە بنچینە بۆ یاری برین و پێکەوەلکاندن، بەگوزارشتێکی تر چارەسەرکەران دەتوانن یارمەتی منداڵەکە بدەن لەبەرهەمهێنانی نامیلکەیەکی بچووکی وێنەدار یان یەکێکی تر کە پارچەی براوی سەرنجراکێشی تێدا بێت.

**٨- یاری گەڕانەوە بۆ شوێنە بنچینەییەکانی خۆیان:**

داوا لەمنداڵەکان دەکرێت کە بەشێوەیەکی بازنەیی لەژوورەکەدا راوەستن، گەر گوێیان لەدەنگی تەپڵەکە بوو دەستبەجێ بەپەلە بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، لەکاتێکی دواتردا دەکرێت داوایان لێبکرێت بگەڕێنەوە بۆ کورسی جیاواز.

**٩- ڕێگەی چڕکردنەوە بەسەیرکردن:**

چارەسەرکەرەکە سەیری خوارەوە دەکاتو دەست بەچاوییەوە دەگرێت، منداڵەکانیش کە لەشێوەی بازنەدا دانیشتوون سەیری دەکەن، پاشان چارەسەرکەرەکە سەرهەڵدەبڕێتو راستەوخۆ سەیری منداڵێکی دیاریکراو دەکاتو چاوی تێدەبڕێت، ئەوە دەردەخات کە دەزانێت سەیری ئەو دەکرێتو دەڵێت (تۆ سەیری من دەکەیت).

**١٠- یاری گەڕان بەدووای لیکێنراوەکەدا:**

یەکێك لەمنداڵەکان لەژوورەکە دەهێندرێتە دەرەوە، شتێك بەجلەکانیەوە یان بەجەستیەوە دەلکێندرێت، بەمەرجێك بەدەرەوەبێت کە دەگەڕێتەوە ژوورەکە، دواتر داوا لەمنداڵەکان دەکرێت بەدوای ئەو شتە لکێندراوەدا بگەڕێنو شوێنەکەیشی بەتەواوەتی دیاریی بکەن.

**١١- مەشقی رۆڵ گۆڕینەوەی یەکەم:**

لێرەدا وا باشترە یارییەك بێت منداڵەکە بیناسێتو بەئاسانی بەشوێنێکی بەرزدا هەڵبواسرێ و بەرەوخوار شۆڕبووبێتەوە، پاشان هەل بۆ هەر منداڵێك دەرەخسێندرێت کە ئەو یارییە شۆڕبووەوەیە بەدەستبخات (تەنها یەك هەل).

**١٢- مەشقی رۆڵ گۆڕینەوەی دووەم:**

کۆمەڵێك لەو یاریانەی لەشێوەی ئاژەڵەکانی ناو کێڵگەدایە دەخرێتە سندوقێکەوە، ئەمە بەیاوەری گۆرانییە بەناوبانگەی ئەو مامە پیرەیەی کێڵگەکەی هەیەو ئاژەڵانی تێدایە، هەر برگەیەك لەبرگەکانی گۆرانیەکە لەسەر ئاژەڵێکە، ناوەکەی، کارەکەی لەکێڵگەکەدا (مامە عەبە مانگایی هەیە... هاهاها...هوهوهو) هەر ئاژەڵێك وەردەگرێت، لەبرگەی داهاتووی گۆرانییەکەدا بەکاریدەهێنێت.

**١٣- مەشقی ڕۆڵ گۆڕینەوەی سێیەم:**
بەهاوەڵی موزیك و سەرباری كورسییە بچووكەكان كورسیەكی گەورەش دادەنرێت، لەبری هەڵپەكردن بۆ كورسییە ناتەواوەكان (وەك یاری كورسییە موزیكییەكان). هەركە موزیكەكە وەستا هەر منداڵە لەسەر ئەو كورسییە دادەنیشێت كە لەبەردەمیدایە، پاشان چارەسەركەرەكە پرسیاردەكات (كێ لەسەر كورسیە گەورەكە دانیشتووە) منداڵەكان هەموو ئاماژەی بۆ دەكەن و بەدەنگی بەرز ناوەكەی دەڵێن.

**١٤- مەشقی ڕۆڵ گۆڕینەوەی چوارەم:**
دەتوانرێت زۆر سوود وەربگیرێت لەمەشقەكانی ڕۆڵ گۆڕینەوە ئەوانەی كە لەڕێگەی لاسایكردنەوەی شێوەی شەپۆلەكانی دەریان، منداڵەكە بەشێوەی بازنەیی ڕادەوەستن دەستیان یەك لەدوای یەك بەرز و نزم دەكەنەوە، بەمانایەكی تر كاتێك منداڵێك دەستی نزم دەكاتەوە ئەوەی دوای بەرزی دەكاتەوە.

**١٥- چێشت لێنان (چێشتە قوڵی):**
دەتوانرێت سوود لەكاتی ژەمە سووكەكان وەربگیرێت و منداڵان فێری هەندێك لەسەرەتاكانی چێشت لێنان بكرێن، بەوەش توانای مەزندەكردنی پەیوەندی نێوان چێشتخواردن و چێشت لێنان گەشە دەكات، بۆنموونە فێربكرێن چۆن گیراوەیەكی چبس و شوكۆلاتە بەشلەقاندن دروست دەكرێن و ئامادە دەكرێن، دەتوانرێت فێری ئەوەش بكرێن چۆن پارویەك سەمون ئامادە دەكەن و شتەكانی تێدەكەن، باشتروایە پێش ئەنجامدانی ئەم چالاكییە باوك و دایكان ئاگاداربكرێنەوە كە ئایا منداڵەكەیان هەستیاری بەرامبەر هیچ خواردنێك هەیە.

**١٦- كتێب پەڕە پەڕەكردن:**
وەك پێشتر باسكرا ژمارەیەكی زۆر كتێبی وێنەداری سەرنجراكێش لەبەردەستدایە بۆ فێركردنی منداڵان، بۆنموونە ئەو كتێبانە كارتی هەڵگەڕاوەیان تێدایە بەسوودن بۆ ئەنجامدانی مەشقەكانی ڕۆڵ گۆڕینەوە.

كۆمەڵەیەكی ئاسان بیرۆكەمان پێشكەشكرد بێ خۆبەستنەوە بەسازدانی دیاریكراو لەخستنەڕوویاندا، ئەمانە كۆمەڵەیەكن كە دەتوانرێت جێبەجێبكرێن لەگەڵ گروپێك لەو منداڵە بچووكانەی كە تووشی ئۆتیزم بوون، دەتوانین

بڕێکی زۆرتر لەو مەشقە بەسوودانە دابهێنن، دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین ئەو فاکتەرانە کامانەن کە دەبنە کۆسپ و ناهێڵن جێبەجێبکرێن، وەك ئەوەی منداڵەکە -یان منداڵەکان- ڕەتی بکەنەوە پیلاو دابکەنن، یان پەرچەکردارێکی توونديان هەبێت بەرامبەر بەهەندێك دەنگ، دەبێت چارەسەرکەر چاوەڕوانی ئەوەش بکات لەکاتی ئەنجامدانی مەشقکردندا منداڵان هەندێك لەکەرەستەکانی بەکارهاتوو بشکێنن و بدڕێنن وەك کتێب و کورسی و یاری لەوشێوانە.

گومانی تێدا نییە یاریکردنی ئازاد لەپێکهاتە بنچینەییەکانی کارکردنە لەگەڵ هەر گروپێکی ئۆتیزم، پاشان پێویستە کاتێکی دیاریکراو و تایبەت دابنرێت بۆ یاریکردنی ئازاد، دەکرێت هاوکاری منداڵان بکرێت لەتێگەیشتنی بیرۆکەی چالاکییەکانی یاری هاوبەش، دەتوانرێت وێنەی ئەمجۆرە پرسیارانەشیان ئاراستە بکەین (دەتەوێت یاری چی بکەیت) یان (دەتەوێت لەگەڵ کێ یاری بکەیت).

لەکۆی گشتییدا، لەوانەیە هەندێك منداڵ پێویستیان بەبڕێکی زۆر هاوکاری هەبێت هەتا لەو بیرۆکانە تێدەگەن کە باسمان کرد، بۆئەوەی لەکۆتاییدا لەبیرۆکەی (یاری کرداری) گەرچی دەتوانن لەچالاکییە بەکۆمەڵییەکاندا سەربکەون، بەڵام گەر پێویست بوو لەیارییەکاندا خۆیان بڕیار بدەن، ئەوکات تووشی شڵەژان و سەرسوڕمان دەبن، هیچ بیرۆکەیەکیان نییە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامرازە جیاوازەکانی یاریکردن، هەندێك منداڵ تووشی شڵەژان دەبن بەبوونی هاوڕێکانیان لەگەڵیان، یان دواتر لەوانەیە تووشی ڕەفتاری شەڕەنگێزی ببن بەرامبەر ئەو یارییانەی لەبەردەستیاندایە و تێکوپێکی بشکێنن، بەڵام هەر کە هاوکارییان کرا دەربارەی چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەو یارییانەی بۆیان دەستەبەرکراوە، دەیانبینن لەپێشکەوتنی بەردەوامدان لەم ڕووەوە، بۆنموونە فێرکردنی منداڵ لەسەر چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەهەندێك یاری وەك بووکەڵە و جل لەبەرکردنی، تاقمی چالێنان و کەرەستەکانی چێشتخانە، ئەوکات منداڵەکان دەتوانن خۆیان خەریك بکەن بەهەندێك چالاکی مەبەستدار و بەسوود، هەرچەندە فێربوونی ئەم یاریانە یارمەتی ئەوەیان نادەن پەرە بەشارەزایی داهێنەرانە و خەیاڵ ئامێزی یارییەکانی خۆیان بدەن، بەڵام دەتوانن سوودیان پێببەخشێت لەزۆربوونی کەڵەکەبووی بیرەوەرییەکان بەزۆرێك لەیاری بەسوود (کە لەدواییدا یارمەتی ئەوەیان دەدات چێژوەربگرن

لەوەی دەیکەن) بەهەمانشێوە باوکانیش سوود لەم چالاکییانە زۆر وەردەگرن، ئەوان بەختیار دەبن تەنها بەبینینی ئەوەی منداڵەکانیان سەرقاڵن بەچالاکییە سروشتییەکانی یارییەکەوە، هەتا ئەگەر دووبارەش بووبن.

**لیستەکە**

١- ئایا منداڵ هەیە کە حاڵەتەکانی دەخوازێت هاوبەشی بکات لەگروپەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان؟

٢- ئاستی تواناکانی زانیاریی لای ئەو منداڵانە چەندە؟

٣- ئایا کەسیان تێدا هەیە بناڵێنێت بەدەست تێکچوونی توند لەرەفتاردا؟

٤- چەند نموونەیەك لەسەر ئەو حاڵەتە بهێنەرەوە.

٥- ئەو ماوەیە چەندە کە دەبێت هەر گروپێك لەو گروپانە بەسەری بەرێت (کاتی دانیشتنەکانو ژمارەی هەفتەکان).

٦- ئایا ئامانجەکانی گروپەکە بەوردی خراوەتە بەردەم دایكو باوکان؟

٧- ئەو چالاکیانە باس بکە کە دەتوانرێ جێبەجێبکرێن بەگوێرەی ناوی ئەو یارییانەی لەم بەشەدا باسکران، وەك سەیرکردن، چێژوەرگرتن، رۆڵگۆڕینەوە.

٨- هەندێك لەو بابەتانە باس بکە کە دەکرێت لەدانیشتنەکاندا بخرێنە بەرباس، پەیوەندی ئەمانە بەکاری ماڵەوە چییە؟

٩- خشتەیەکی کاتییو هێڵێکی کاتی وێنەدار بکێشە.

١٠- کاتی خواردنی ژەمە سوکەکان رێکبخە، هەستیارێتی هەندێك منداڵ دەربارەی خواردنی جۆرێکی تایبەتی خۆراك رەچاوبکە.

١١- نموونە تایبەتیەکانی هەڵسەنگاندنی ئەم بەشە بنێرە (بڕوانە پاشکۆی أ).

## (کورتەیەك لەسەر سیستمی بەریتانی بۆ پەیوەندیکردنی منداڵی ئۆتیزم بەقوتابخانە تایبەتیەکانی بەریتانیاوە)

کاتێك منداڵی تووشبوو بەئۆتیزم دەگاتە تەمەنی چوونە قوتابخانە (بەگوێرەی ئەوەی کە لەبەریتانیا پەیرەوکراوە) پێویستە بەدوایدا بگەڕێن کە ئایا پێشتر کاری هەڵسەنگاندنی بۆ ئەنجامدراوە- ئەمەش بەگوێرەی ئەو یاسا تایبەتیەی مامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان- سەرباری ئەوە دەستە خۆجێییەکانی فێرکاری LEAS جیاوازییان هەیە لەگەڵ یەکتری لەخێراییو

مەودای لێهاتوویی ئەو ڕێگایانەی دەیگرنەبەر لەم بوارەدا.
گەرچی ئەم کارە پێویستە لەماوەیەکی دیاریکراودا کۆتایی بێت، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە دووابخرێ‌و دەستی دەستی پێبکرێت لەجێبەجێکردنیدا، بۆیە دواتر ژمارەیەك لەباوکان دەناڵێنن بەدەست فشاری دەماری‌و تێکشانەوەو نائومێد دەبن لەکاتی هەوڵدانیاندا بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو گرانی‌و زەحمەتەی منداڵەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن لەتواناکانی فێربوون‌و زانیارییدا.
لەلایەکی ترەوە ئەو پسپۆڕانەی کە لەگەڵ منداڵی ئۆتیزمدا لەشێوەی گروپی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەکاندا کاریان کردووە، بەتواناترن بۆ دەستەبەرکردنی ئەو زانیارییانەی کە پەیوەستە بەهەڵسەنگاندنی ئەو زەحمەت‌و گرانیانەی ئەو منداڵانە بەدەستیەوە دەناڵێنن، یەکەم: ئەو پسپۆڕانە سوود لەو زانیارییانە وەردەگرن هەتا ئەو دەستە فێرکارییەکە وا لێبکەن بڕیاری گونجاو بدەن گەر هەستیان کرد دەستی دەستی پێدەکرێت، دووەم: ئەم پسپۆڕانە وا لێدەکەن کە هەڵوێستێکی بەهێزتردابن بواریان بۆ بڕەخسێت ئامۆژگارو ڕێبەرایەتی پێشکەش بکەن دەربارەی جۆری ئەو قوتابخانەیەی کە دەگونجێت لەگەڵ حاڵەتی منداڵەکە سوودبەخش دەبێت لەچارەسەریدا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم کارە لەلایەن باوکانەوە وریای‌و بابەتی بوونی پێویستە بۆئەوەی بتوانن بڕیاری گونجاو بدەن، بۆنموونە هەندێك باوك ئەوە ڕەتدەکەنەوە ئەو ڕاستیەیان لا پەسەند نییە کە منداڵەکەیان خاوەن پێداویستی تایبەتە دواتریش لەسەر ئەم ڕەتکردنەوەیە باوەڕێکی هەڵەیان لا دروست دەبێت ئەویش ئەوەیە گەر منداڵەکەیان چووە قوتابخانەیەکی ئاسایی دەستبەجێ ئەو کەموکووری‌و زەحمەتەی منداڵەکەیان پێوەی دەناڵێنێت نامێنێت، بۆیە پێویستە ڕاستی کارەکەی سروشتی نەخۆشییەکە بۆ ئەمجۆرە باوکانە ڕوونبکەنەوە، لەسایەی ئەو بارودۆخە داراییە گرانەی ئێستا دەستە فێرکارییە خۆجێیییەکان پارە پاشەکەوت دەکەن‌و خەرجی ناکەن لەهیچ بوارێکدا هەتا ئەگەر بۆ منداڵی ئۆتیزمیش بێ، بێگومان ئەمەش لەگەڵ جۆری باوکانداو لەم حاڵەتەدا ناگونجێ، لەڕاستیدا ئەگەر ئەو دەستانە ڕاپۆرتیان پێگەی تیایدا نووسرابوو ئەو گرانی‌و نارەحەتیانە کامانەن منداڵەکە پێوەی دەناڵێنێت -پێش کاری هەڵسەنگاندنەکە- بەڵام ئەو وردییە خوازراوەی کە بەڕوونی حاڵەتەکە دیاریی بکات ئەوکات دەستەفێرخوازییەکە لەزۆرینەی جاردا دەستبەجێ ئەو بڕیارە نادات کە چ قوتابخانەیەك لەبارە بۆ ئەو منداڵە، بۆنموونە

هەندێك دەستەواژەی وەك (گرانی لەبەیەكگەیشتنە كۆمەڵایەتییەكاندا) ئەوان ئەم دەستەواژە بەناڕۆشن و سەرسوڕهێن دادەنێن، لەراستیدا ئەو منداڵانەی كە لەراپۆرتە كۆتاییەكاندا ئاماژە هەبێت بۆ تووشبونیان بەئۆتیزم لەلایەن ئەو دەستە فێكارییە خۆجێیانەو هاوكاری ناكرێن.

لەلایەكی ترەوە باوكەكانی تر-كە بەسروشتی باروددۆخەكەی منداڵەكانیان دەزانن، قایل نابن بەجێگرەوەیەكی تر لەبری پەیوەندیكردنی دەستبەجێی منداڵەكانیان بەخوێندنگە ئاساییەكانەوە، واش هەست دەكەن گەر منداڵەكانیان هاوكاری تەواو بكرێن، باشترین ئەنجام بەدەستدەهێنن.

بیانویان هەندێك ئاماژەیە وەك توانای فێربوونی منداڵەكە لەمنداڵانی دەورووبەرییەوە، لەرۆڵە جیاوازەكانی كەسە سروشتیەكەی دەوورووبەریان هەست دەكات كە منداڵێكی سروشتییەو ژیانی خۆی دەگوزەرێنێ، بەڵام ئایا بەراستی ئەمە كە روودەدات؟ بۆ بەدبەختی لەماوەی هەشتاكاندا ئەو دامەزراوە فێركارییانەی كە تایبەت بوون بەخاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان ناوبانگ و سومعەیەكی زۆر خراپیان هەبوو، ئەمە پاڵی بە باوكانەوە نا كە وازبهێنن لەراوبۆچوونی شارەزایان و پسپۆڕانی ئەم بوارە، لەپێناو چەمكە هەڵەكەیان لەسەر گرنگی بەیەككبوونی منداڵ لەگەڵ كەسانی تر، ئەمە بووە هۆی سەرهەڵدانی ئەو دەستەیە لەباوكان كە خاوەنی ئەو چەمكە هەڵەیە بوون كە باسمان كرد، (یەكێك لەرۆژنامە پسپۆرەكانی بەریتانیا لەساڵی ١٩٩٧دا هەمان بابەتی ورووژاندەوە)

بەمجۆرە پەیوەندیكردن بەیەكێك لەو قوتابخانانەی كە تایبەتن بەمنداڵانی خاوەن پێداویستییە تایبەتیەكان نیشانەی شەرمەزاری بوو بۆ هەموو خێزانەكە، ئەم كارە بووە هۆی هەستكردنی منداڵ بەدابڕان لەكۆمەڵگەكەی، هەروەها ژمارەیەكی زۆری قوتابخانەكانی خاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان داخران لەبەر هۆكاری ئابووری و سیاسی، لەسەرەتادا سەرپەرشتیكردن و دەستەبەركردنی پاڵپشتی تەواو بۆ منداڵان- بەوپێیەی دەقی یاساكەی مامەڵەكردن لەگەڵ خاوەن پێداویستییە تایبەتییەكان دەكرد- گرنگ و بەردەوام بوو، لەگەڵ بەرزبوونەوەی داخوازی پەیوەندیكردن بەم قوتابخانەنانەوە تێچوون و پاڵپشتی كردنیان كەموكووری تێكەوتەوە، بەوەش ژمارەی ئەو منداڵانە ناویان كەم بووەوەو پاڵپشتێكی كەمتری ئەوانەش دەكرا كە لەناویاندا مابوون.

پوختەكەی، سروشتی ئەو یەكبوونە زۆر ئاڵۆزترە كە باوكان هەستی پێدەكەن،

منداڵانی ئۆتیزم شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانیان دەست ناکەوێت هەرئەوەندەی لەنزیك منداڵە سروشتییەکانەوە بن، رەنگە ئەم کارە زیاتر ببێتە هۆی گۆشەگیربوونیان و هەست بەکەمی بکەن لەقوتابخانە ئاساییەکاندا، زۆرتر لەوەی هەستی پێدەکەن لەناو قوتابخانەکانی تایبەت بەخاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، ئەم شوێنانەی دوایی باشترەو هەلی باشتریان بۆ دەرەخسێت بۆ وەرگرتنی شارەزایی لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

بەشێوەیەکی گشتی منداڵانی ئاسایی دووردەکەونەوە لەو منداڵانەی کە تێکچوون و پەککەوتەن، پاشان منداڵی ئۆتیزم لەو قوتابخانە ئاساییانەدا دەبنە نێچیری رەفتاری شەڕەنگێزی و تەنگ پێهەڵچنینی منداڵانی تر، هەروەها پۆلەکانی قوتابخانە ئاساییەکان ژمارەیەکی زۆری منداڵ تێدایە، مامۆستاکانیان ناتوانن بەئاسانی دەستکاری پرۆگرامەکانی خوێندن بکەن، یاری و هۆیەکانی فێرکردنی لەبار دەستەبەر بکەن بۆ منداڵانی ئۆتیزم، بۆیە پێویستە لەسەر باوکان لەمەودای درێژدا، بەختیاریی منداڵەکانیان بەپلەی یەکەم دابنێن، هەتا ئەگەر دواکەوتنی خوێندن نرخی ئەو بەختیارییە بێت دەتوانرێت چارەسەرێکی مامناوەندییانە بۆ ئەم کارە بکرێت، ئەویش لەبەشەکانی چوارەم و شەشەمی ئەم کتێبەدا باسی لێوە دەکەین.

حاڵەتی تریش هەیە سەبارەت بەپەیوەندیکردنی منداڵان بەو قوتابخانانەی کە تایبەتن بەخاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان، هەندێك باوك هەیە حەز دەکات منداڵە ئۆتیزمەکەی بخاتە ئەمجۆرە قوتابخانانەوە، بەڵام قوتابخانەی گونجاو نییە لەلای دەستەفێرکارییە خۆجێییەکە، بەڵام ئێمە خۆمان نادەین لەگفتوگۆو ململانێی نێوان ئەو باوکانەی ئارەزوومەندن منداڵیان بنێرنە ئەمجۆرە قوتابخانانەو لەنێوان ئەو حکومەتە خۆجێیانەی پارە خەرج ناکەن بۆ دروستکردنی خوێندنگەی زۆرتری لەمجۆرە، چونکە وەڵامێکی گونجاو و دروستمان لەم بارەیەوە پێ نییە، بەڵام دەتوانین خۆمان بدەین لەپەیرەویکردنی چارەسەرە مامناوەندییەکە، بەگوزارشتێکی تر هەندێك دامەزراوە هەیە دەتوانێت دەستی یارمەتی و راوێژکاری درێژ بکات بۆ ئەو باوکانەی کە حەز دەکەن منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانیان فێرببن.

# بەشی چوارەم

## دەستێوەردانی چارەسەریی لەقوناغی زووی منداڵیدا

ئەم تەمەنە (کە لە٤-٥ ساڵیەوە دەست پێدەکات بۆ٧ساڵی) لەم تەمەندا منداڵەکان بەکردەوە پەیوەندییان کردووە بەدایەنگە یان بەقوتابخانەکانەوە، رەنگە چووبێتە دایەنگەو قوتابخانە ئاساییەکان کە لەوێدا پاڵپشتی پێویستیان بۆ دەستەبەرکراوە یان نەکراوە، ئەوەش بەندە لەسەرئەوەی کاتێك قوتابخانە منداڵەکەی وەرگرتووە پێش ئەوە بووە کە هەڵسەنگاندنی فەرمی بۆ بکرێت یان نا؟ ئەوەش بەگوێرەی یاساکانی تایبەت بەمامەڵەکردن لەگەڵ خاوەن پێداویستییە فێرکارییە تایبەتییەکان- ئەمەو پێویستە باوکان بەسەبربن، چونکە ئەم پرۆسەی هەڵەسەنگانە رەنگە زۆر بخایەنێت، بەهەڵسەنگاندنە دامەزراوە فێرکارییەکان پەیرەوی سیستمێك دەکەن کە قۆناغی هەیەو دەبێت پەیرەو بکرێت و جێبەجێبکرێت، لەلایەکی ترەوە هەندێك قوتابخانە هەیە دەتوانێت بەخێرایی بڕیار بدات کە زانی منداڵەکە ئۆتیزمە، پاشان کاردەکات بۆئەوەی منداڵەکە بخاتە قوتابخانەیەك یان یەکەیەکی تایبەتی، ئەمە ئەو شوێنانەن کە پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری جیاواز جێبە جێدەکەن. لەو قوتابخانانەی کە تایبەتن بەفێرکردنی منداڵانی ئۆتیزم، گروپ رێکخستن و دانانی خشتەکانی جێبەجێکردنی مەشقەکانی گەشەکردنی شارەزاییە کۆمەڵاییەتیەکان وەك بەشێکی دانەبڕاو لەپرۆگرامەکانی خوێندن کارێکی ئاسانە بۆیە وامان لێدەکات ئەمە بەپێکهاتەیەکی بنچینەی پلانی فێرکردنی تاکەکەسی منداڵ دابنێین ﴿ Individual Education Plan = IEP ﴾.

لەم قوتابخانانەشدا دەتوانرێت گەشە بەبەپرۆگرامەکانی کارەکە بدرێت، نەرمترو ئاسانتر کاربکەن، سەرباری ئەمە نیشانەکانی سەرپەریشتیکردنی باش کە تیایاندا دەستەبەردەبێت –لەڕووی فێرکارییەوە- لەهیچ شوێنێکی تردا ئەوە نییە، لەلایەکی ترەوە مامۆستاو یاریدەدەرەکان دەتوانن لەپۆلدا رۆڵێکی گەورە ببینن لەهاوبەشیکردنی گروپەکان لەچالاکییە جیاوازەکانداو جەختکردنەوە لەگۆڕینی ئەو چالاکییە کۆمەڵاتییە رێکخراوە رووتانەوە بۆ رەفتارێکی کۆو گشتگیر لەپۆلو یاریگەکاندا دواتر ئەم مامۆستاو یاریدەدەرانە دەتوانن راپۆرتی دروست بنووسن دەربارەی بەرەو پێشەوەچوونی حاڵەتی هەر منداڵێك لەو منداڵانە هەتا دەربارەی ئەو زەحمەتو گرانیانەشی کە هێشتا ماوەو رووبەڕوویان ببێتەوە.

بەڵام خراپیەکانی ئەمجۆرە قوتابخانانە هەبوونی (فاکتەری هۆگرییە) واتە کاتێك منداڵەکان زۆر لەگەڵ یەکتریدا رادێن ئیتر هاندان بۆ پەرەپێدانو بەدەستهێنانی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی. بەربڵاوتر لەلایان کەم دەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە زۆرگرانە لەو قوتابخانە ئاساییانەی کە منداڵی ئۆتیزمی تێدایە بتوانرێت گروپەکان ئامادە بکرێت.

زۆر گرانە بەیەکجار ژمارەیەکی زۆر منداڵ کۆبکرێتەوە، چونکە خشتەی وانەکانیان جیاوازە لەیەکتری ئەوەش ناکرداری دەبێت کە دوای دەوام کاتیان بۆ تەرخان بکرێو کۆبکرێنەوە، چونکە ئەو منداڵە بچووکە دوای دەوام لەلوتکەی ماندبوونیدایە، ناشکرێت کۆمەڵێك منداڵ بەیەکەوە کۆبکرێتەوە کە لەتەمەندا لێکجیاوازن، گواستنەوەو سەفەرکردن لەلای هەندێك خێزان دەبێتە کۆسپ لەبەردەم رێکخستنی ئەم گروپانەدا، ئەمەو هەندێك لەخێزانەکان ناتوانن منداڵەکانیان بهێنن بۆ شوێنی ئەم گروپانە، چونکە دوورنو زۆرێك لەنۆرینگەکان لەبارنین بۆ ئەم کارە لەڕووی قەبارەوە بێت یان لەڕووی نەگونجانیەوە بۆ باوکەکانو منداڵەکانیش. بەهەرحاڵ هەندێك رێگە هەیە بەپەیڕەویکردنی دوور دەکەوێتەوە لەزۆرێك لەو کێشانەی باسکرا، بۆنموونە ئاسانترە ژمارەیەك منداڵی ئۆتیزم بنێردرێتە قوتابخانە ئاساییەکان، لەوێ گروپیان لێ دروست بکرێت، ئەمە بۆ هەموو منداڵەکان کارێکی سوودبەخشە، گروپەکە وا لێدەکات ئامادەیی زۆرتر بێت بۆ وەرگرتنی جۆری جیاوازی

منداڵان (نەك هەرنەخۆش) ئەمە وا لەو قوتابخانەیە دەكات كە بتوانێت میوانداری و پێشوازی كەسانی نوێ بكات و منداڵەكانیش خۆ بگونجێنن لەگەڵ هاورێ نوێیەكانیاندا، بەوەش پێشینەی شارەزاییە كۆمەڵایەتییەكانی فراوانتر دەبێت، ئەمە سەرباری ئاسانی ئەم پرۆسەیە، چونكە كۆمەڵەكە خۆی هەیە ئەوە نییە لەسەرەتاوە دروست بكرێت، ئەمكارە دەبێتە هۆی دروستبوون و بەهێزبوونی پەیوەندی لەنێوان قوتابخانە جیاوازەكاندا دواتر دەتوانین بەنموونەیەكی بەیەكگەیشتنی دابنێین، بەڵام دەبێت رەچاوی ئەوە بكەین، كە قوتابییە نوێیەكان لەخوێندنگە ئاساییەكاندا سەرەتا دەبێت زۆر بایەخیان پێبدرێت، چونكە ئەوان هێشتا لەقۆناغی خۆگونجاندان لەگەڵ ئەوانی تردا كە ئەمان هەندێك شارەزاییان بەدەستهێناوە، بەڵام نوێیەكان هێشتا ماویانە بەدەستی بهێنن.

لەحاڵەتێكدا گروپەكانی گەشەپێدانی شارەزایی كۆمەڵایەتی دەبێت پشت ببەستن بەرێكخستن و رێسا دروستەكانی چارەسەركردن، دەبێت بەیەكگەیشتنی بەردەوام و هەمیشەیی هەبێت نەك لەنێوان گروپەكەو دادەو منداڵەكان، بەڵكو لەگەڵ مامۆستاكانیشدا (پاشكۆی أ-نموونەی گوتارێك و ژیانی رۆژانەی منداڵەكە لەخۆدەگرێت)

بەگوزارشتیكی تر دەبێت كاری گروپەكەو ژیانی رۆژانەی منداڵەكە بەیەكەوە ببەسترێتەوە، جا لەماڵەوە بێت یان لەخوێندنگە، گەر دەستێوەردانی چارەسەری ئەم بەیەكگەیشتنەی تێدا نەبوو، گروپەكە خۆی لەخۆیدا دەبێتە هۆو ئەنجامی دیاریكراوی نابێت، سەرباری رۆشنی ئامانجەكان دەبێت مەودا ناوەنجی بێت، لەماوەی دیاریكراوی خۆیدا بەدیبهێنرێت، لەلایەكی ترەوە كاتێك منداڵی ئۆتیزم لەماناى جوڵەكانی دانیشتن، سەیركردن، گوێگرتن، رۆڵ گۆرینەوە تێدەگات ئەمە لەدوای كۆتایی كاری ئەو گروپەی پەیوەندی پێوەكردووە دەبێت كاتێكی تریش دابنرێت بۆ بەهێزكردنی ئەو شارەزاییانە، واتە دەبێت بۆ هەندێك كات پەیوەندی بكات بەگروپێكی ترەوە، بۆئەوەی هاوكاری منداڵە كە بكرێت لەزیاتر بەرەو پێشچوون و پەرەپێدانی تواناو شارەزاییەكانی.

بەدیهێنانی ئەم پرۆسەیە كاتێكی زۆری دەوێت، بۆیە باشتروایە ئامانجەكانی گروپەكە هەر لەسەرەتادا بەنموونەیەكی نووسراوبێت، سەرباری ئەوەی دوای

کۆتایی کاری هەر گروپێك دەبێت هەندێك راپۆرتو نموونەی رێبەرایەتی بنووسرێت لەلایەن هەریەك لەقوتابخانەو دایكوباوكانەوە، پێویستە لەسەر ئەو کەسەشی بەرپرسە لەمنداڵەکە دانیشتنێك سازبكات –بەلایەنی کەمەوە – بۆئەوەی بریاری ئەوە بدات چی پێویستە بیکات بۆ بەهێزکردنو پاڵپشتیکردنی ئەوەی منداڵەکە فێری بووە لەم پرۆگرامەکەدا.

لەقۆناغی زووی منداڵیدا پێویستە پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری بەشێوەیەکی رێکخراو دەست پێبکات بۆئەوەی منداڵی ئۆتیزم بەشێوەیەکی دروست فێری شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت، پێویست ناکات کات بەفێرۆبدرێت بۆ دانانی ئەم بنچینانە، بۆیە لەباری ئاساییدا پەنا دەبەنە بەرئەوەی (وێندی ریناڵدی) لەپرۆگرامەکەیدا لەساڵی ١٩٩٤دا پێشکەشی کرد لەژێرناوی (بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زمان =social useof lanyuaye proyramme )(sulp) بۆ ئەو منداڵانەیهێشتا نەچوونەتە قوتابخانە یان لەساڵەکانی یەکەمی قۆناغی سەرەتاییدان، بۆ زیاتر رونکردنەوەی، وێندی لەپرۆگرامەیدا، ئەو رێگە رێکخراوە باشەی باسکردوە، سەبارەت بەفێرکردنی منداڵانی ئۆتیزم، لەم رووە هیچ پرۆگرامێکی تر لەم سەرکەوتوو تر نەبووە، بەرنامەکە کەسایەتی درندە باشەکان دەخاتەروو کە شارەزاییە کۆمەڵاییەتیە باشو خراپەکان لەرێگەی چیرۆکی ساکارو رۆشن دەخاتەروو بۆیە تێبینی ئەوە کراوە کە منداڵانی ئۆتیزم زۆر چێژ وەردەگرن لەمجۆرە کەسایەتیانە، چونکە ئارەزووی تایبەتیان هەیە بەرامبەر ئەم کەسایەتیانە، هەوڵیش دەدەن بەرەفتارو گوتار لاساییان بکەنەوە، دواتر بەرنامەکە پەرەی پێدرا، بۆئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئەو بابەتانە بکات بەمنداڵانی تەمەن گەورەتر، وەك توندوتیژی لەقوتابخانەکانداو گەیشتن بەرێگەچارەی مامناوەندی، ئەمە سەرباری کارکردن لەسەر بەهێزکردنی شارەزایی بەیەگەیشتنی باش، بەرنامەکە هەلی باشی بۆ منداڵان رەخسان کە خاڵە لاوازەکانیان بزانن، لەرێگەی گرێدانی هۆشیان بەرەفتارو جووڵەی ئەو کەسایەتیانەی کە خۆشیاندەوێت لەبەرنامەکەدا، هەرکات منداڵەکە فێری مانای (چۆنێتی دانیشتنی باش) بوو، یان هەندێك شتی تری وەك ئەو دەتوانێت هەندێك دەستەواژە بەکاربهێنێت وەك (دەمەوێت جۆری دانیشتنی باش ببینم) ئەمە وەك رێگەیەك بۆ دەربرینی ئارەزووی

مامۆستاکە یان چارەسەرکارەکە بۆ جێبەجێکردنی دەستبەجێ ئەم ڕەفتارە لەکۆی گشتییدا ئەم شێوازە زۆر باشترە لەئاراستەی رەخنەی نێگەتیڤانە لەمنداڵەکەدا، کە رەنگە هیچ بایەخێکی نەبێت بەپێچەوانەی ئەم شێوازەوە کە کردنی سوودبەخشە، بۆیە دەتوانین کاربکەین بۆ پەرەپێدانی رەفتاری پۆزەیتڤانەی منداڵ لەرێگەی پیشاندانی هەندێك پۆستەرەوە کە ئەو شارەزاییە باشانە دەخاتەروو کە ئامانج و دەسکەوتنی ئەوانەیە.

دەتوانێت پاداشتی منداڵەکە بکرێت بەپێدانی هەندێك لکێنراوی وێنەدار ئەوەش لەکۆتایی دانیشتنەکەدا هەتا هەموو ئەو منداڵانەی لەدانیشتنەکەدا بەشداریانکردووە بتوانن ئەوەی بەدەستیان هێناوە بیخەنەروو، هەروەها لەسەرەتای بەرنامەکەدا نموونەکانی هەڵسەنگاندن دابەشبکرێت بۆئەوەی بتوانین چاودێری منداڵەکە بکەین، بەرەو پێشچوونەکانی تێبینی بکەین، باشتروایە یارمەتی لەنموونەی هەڵسەنگاندنی پێنجەم پاشکۆی ئەلف وەربگرین کە تایبەتە بەو منداڵانەی کە زۆرتر تووشی ئۆتیزم بوون، بۆیە دواتر سوودەکانی زۆرتر دەبێت.

سەرباری هەموو ئەمانەی باسکران، بەرنامەکە چوارچێوەی کاری بەرەو پێشەوە دەستەبەر دەکات کە لەرێگەی ئەمەوە ژمارەیەك چالاکی تر ئەنجام بدرێت، مەرج نییە دەقاودەق پەیرەوی لەهەنگاوەکانی ئەم بەرنامەیە بکرێت، بەڵکو پێویستە برێك نەرمی عفوی تێدابێت هەتا زۆرتر نزیك بێتەوە لەژیانی رۆژانەی واقعیانەی منداڵەکە، هەر ئەوەش وادەکات کە دانیشتنەکانی سەرنجراکێشتربن لەلایەنی منداڵەکە خۆیەوە، بەشێوەیەکی گشتی خێرا بەڕێوەچوونی دانیشتنەکان و جۆراوجۆرێتی ئەو چالاکیانەی تێدایە رەنگدانەوەی پێداویستی بایەخپێدانەکانی هەر منداڵێکە بەجیا، لەلایەکی ترەوە هەندێك لایەنی زمان هەیە پێگەیشتنی و بەکارهێنانی کێشە دروست دەکات بۆ منداڵی ئۆتیزم لەگرنگترین ئامرازەکانی پرسیار، بۆیە دەتوانین هەندێك مەشقکردنی لەسەر جێبەجێبکەین بەشێوەیەکی کرداری دووبارەبونەوە، بۆنموونە ئاسانە منداڵ لەنیشانەی پرسیار ((چی؟)) تێبگات، تێبینی ئەوە کراوە کە زۆرینەی هەرە زۆری منداڵانی ئۆتیزم، تاکە تاکەکانی باشیان لایەو وەڵامی لەباریان پێیە، لەوەڵامدانەوەی پرسیاری ((ئەمە چییە؟)) لەسەرئەمەوە دەتوانین دەست

بکەین بەمەشقکردن لەسەر بەکارهێنانی ئامرازی ((کێ؟)) وەك سەرەتایەك ئەمەو لەگەڵ هاندانی منداڵەکان بۆ پێکەوەگرێدانی ئەم ئامرازانە بەکەسانی دیاریکراوی گروپەکانیان لەژمارەیەك یاریدا.

لەکاتی ئاسایدا بەکارهێنانی ئامرازی پرسیاری ((لەکوێ)) وەڵامێکی زانراوو لەخۆوەی لێدەکەوێتەوە ئەویش ((لێرە))یە، ماوەیەك دەخایەنێت هەتا منداڵ رادێت لەسەرئەوەی کە پێویستە لەوەڵامدانەوەکانیاندا زۆر روون و دیاریکراوبن وەك ئەوەی وەڵامی پرسیارێکیان دایەوە بڵێن ((خوار درەختەکە)) یان ((لەپشتی کورسیەکە)) یان ((لەسەرڤاچیەتی))....هتد لێرەدا پێویستە ئەوە چڕ بکرێتەوە کە هەڵ بدرێت بەمنداڵەکە لەوە تێبگات کە ئەوانەی لەدەورووبەری ئەون رەنگە نەتوانن ئەوە بزانن کە ئەم دەیزانێت، بۆنموونە منداڵێك لەپۆلەکەوە دەهێنرێت، بەدوایدا منداڵێکی تریش دێ یارمەتی ئەم دەدا لەراڤەکردنی چۆن ئەو شوێنە دەدۆزێتەوە کە شتەکەی تێدا حەشاردراوە بەهۆی ئەمجۆرە یارییانەوە دەتوانرێت ئەو بارگرانییەی کە منداڵەکە رووبەرووی دەبێتەوە لەبەکارهێنانی ئاوەڵکاری شوێنیو ئاراستەکان روون بکرێتەوە لەباری ئاساییدا یارمەتی ئەوەیان دەدات کە دەستیان بەکاربهێنن بۆ هەندێك ئاماژە بەتایبەت ئەوانەی کە زۆر سادەو رونن وەك ئەوانەی لەپرۆژەکانی ((ماکاتۆن))دا بەکار دەهێنرێت، بەوسیفەتەی پرۆژەیەکە بۆ گەشەپێدانی تاکەکانی زمان لای منداڵی ئۆتیزم، هەر کە منداڵان چەمکی کاتیان وەرگرت ئەوکات دەتوانین مەشقیان پێبکەین لەسەر بەکارهێنانی ئامرازی پرسیار ((کەی؟)) لەسەرەتادا پێویستە ئەم ئامرازانە ببەسرێنەوە بەرووداوە ئاشکراو زانراوەکانی منداڵەکەوە، وەك جەژنەکانی لەدایکبوون، دواتر پەرەی پێبدرێت بەرادەیەك بیرکردنەوە لەرووداوەکانی رابردوو داهاتوو لەخۆبگرێت، دەتوانرێت ئامرازی ((کام؟)) بەکاربهێنرێت بۆ هەڵبژاردن لەنێون هەندێك شتدا، بەڵام نابێت خۆبدەین لەبەکارهێنانی ئامرازی ((بۆچی ؟)) وە ((چۆن)) مەگەر لەقۆناغێکی گەورەتردا، چونکە لەم قۆناغەدا وەرگرتنی منداڵ هێشتا سنووردارە.

ئەم هێڵکارییە دانیشتنەی دێت کە سەعاتو چارەکێکی خایاندوە بۆ گروپێك منداڵ بەکارهاتووە کە توانای باشیان هەیەو تەمەنیان لەنێوان ٥ – ٧

ساڵە، بۆنموونە بۆ گرووپێك كە ژمارەیان ٨ منداڵ بێت‌و دوو چارەسەركار سەرپەرشتیان بكات.

هێڵكاریی دانیشتنەكە: ئاستە زووەكانی منداڵی

١-بەگەیشتنی منداڵەكان كورسییەكان دادەنرێ‌و بەشێوەیەكی بازنەیی ڕێكدەخرێت.

٢-ڕەوشی باش دانیشتن: داوا لەمنداڵەكان دەكرێت بەجێگری‌و باش دانیشن چەند خولەكێك گوێ لە موزیك بگرن.

٣-یاری ((سلاّوكردن)): جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كە دەبێت هەموو منداڵێك سلاّو لەوانی تربكات‌و بەچاویش سەیری ئەو كەسە بكات كە سلاّوەكەی لێدەكات.

٤-یاری ((هەواڵی ڕۆژانە )) دەبێت ئەم ماوەیە پارێزگاری لێبكرێت سادەو ڕێك‌وپێك بێت بۆ زیاتر روونكردنەوەی، هەر منداڵە هەواڵێك دەگێڕێتەوە بۆ هاورێكەی، گەر پێویستی كرد دەتوانێت دەفتەری تێبینیەكانی ڕۆژانە بەكاربهێنێت، یان دەتوانێت سوود وەربگرێت لەو زانیاریانەی كە باوان بۆ ئەم یارییە دەستەبەری دەكەن {درێژەی شەرحی ئەم یارییە لەبەشێكی تری ئەم بابەتەدا بەرچاوت دەكەوێت}

٥-چیرۆكی بەرنامەی بەكارهێنانی كۆمەلاّییەتی زمان sulp :دەتوانین لەوێوە چیرۆك دەست پێبكەین كە منداڵان سەیری یەكتر بكەن، كە ئەمە كۆتایی هات ئەو كات گفتگۆی لەسەر دەكەن، پۆستەرو ڕەنگەكان دەدرێت بەمنداڵان هەتا لەگەڵ خۆیاندا بیبەنەوە بۆ ماڵەوە.

٦-كاركردن لەسەر بیرۆكەی ((بابەتی هەفتە)) دەكرێت ئەم بابەتە تایبەت بكرێت بەگفتوگۆكردن لەسەر هەستەكان وەك ((چێژ لێوەرگرتن)) دەكرێت منداڵەكان نموونەی هەندێك خواردن تاقیبكەنەوەو ئەوكات گوزارشت لەو چێژە بكەین كە هەستی پێدەكەن وەك ئەوەی تاڵە یان شیرینە، ڕەنگە دانیشتنەكە گفتوگۆی هەستی بەركەوتن (لمس) لەخۆبگرێت، منداڵەكان دەتوانن دەست بدەن لەجانتایەك پاشان بەوشەی تایبەتی خۆیان گوزارشت لەو دەست لێدانە بكەن، وەك ئەوەی زبربێت یان نەرم یان ڕەق بێت.

٧-کۆتایهێنان بەم بەشەی دانیشتنەکە، دووبارەکردنەوەی هەنگاوەکانی دووەم کە باسی لێوەکرا.

٨-داوا لەمنداڵەکان دەکرێت کارەکانیان هەڵبسەنگێنن، هەندێك لکێنەر، دەدرێت بەمنداڵەکان هەتا بیلکێنن بەگۆڤاری سەر دیوارەکەوە.

٩-کاتی خواردنی ژەمە سووکەکە: داوا لەهەموو منداڵێك دەکرێت رۆڵی خزمەتگوزار ببینێت. جلی تایبەت بەو کارەش لەبەربکات، هاوکاریان بکرێت لەرێکخستنی کوپەکان‌و جۆرەکانی خواردن‌و خواردنەوەو پەرداخەکاندا، داوا لەمنداڵەکان دەکرێت مێزو کورسی تایبەت بەنانخواردن ئامادە بکەن، جەخت بکەرەوە لەسەر پابەندبوونی هەر منداڵێك بەرەفتاری ئەو رۆڵەوە کە دەیبینێت وەك ئەوەی بڵێت ((تکایە)) یان ((سوپاس)) چاوەڕوان بکات هەتا خۆراك دەدرێت بەهاورێکانی تری.

١٠- لەکۆتایی دانیشتنەکەدا منداڵەکان دەڕۆن پاش ئەوەی کورسی‌و مێزەکان وەك خۆی لێدەکەنەوە دەیخەنەوە شوێنەکانی خۆیان وەك پێش دانیشتن لەسەری.

بەکۆی گشتی ((کاتی خواردنی ژەمە سوکەکە)) بەچالاکی بەنرخ دادەنرێت، خزمەتی چەند مەبەستێك دەکات‌و چەند ئامانجێکیش بەدی دەهێنێت.

یەکەم: ئەمکاتە لای منداڵان زۆر ناسراوەو دەزانن لەکۆتایی دانیشتنەکەدا دێت، ئەمەش هانیان دەدات بۆئەوەی بەشێوازێکی باش‌و گونجاو هەڵسوکەوت بکەن.

دووەم: یاری ((رۆڵگۆڕینەکە، دەبنە کارگۆزار)) لەمەشقە باش‌و سوودەکانە بۆ چالاکی ((رۆڵگۆڕینەوە))

سێهەم: لەرێگەی بەهێزکردنی توانای بەیەکگەیشتن لەگەڵ کەسانی تر لەرێگەی چاوەوە دەتوانرێت بڕیار بدرێت لەسەر هەڵبژاردنی گونجاو، بەدەستهێنانی ژیانێکی کۆمەڵایەتی باش، دواتریش ئەم چالاکییە منداڵان هاندەدات کە بیرۆکەی باشیان لا دروست ببێت کە کەسانی تر چیان پێویستە، ئەمە لەکارە بنچینەییەکانە کە دەخوازرێت بەدی بێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لای منداڵ.

چەند بیرۆکەیەکی سەربار بۆ بابەتی دانیشتنەکان

١-کووتاڵ

٢-چەمکی قەبارە

٣-چەمکی جێگە (شوێن)

٤-جلوبەرگ: چی لەبەر دەکەین؟ کەی؟

٥-ئاژەڵەکان

٦-خێزانەکانمان

٧-ژوورەکانی ناوماڵ

٨-نێرومێو راناوەکان

٩-جۆرەکانی چێشت

١٠-کەش

١١-جەژنەکانی لەدایکبوونو ئاهەنگەکان

لەلایەکی ترەوە پسپۆرانی چارەسەرکردنی زمانگرانیو بەیەکگەیشتنی زمان، ئەوانەی گروپەکان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو رێکی دەخەن کە رەنگە بگاتە ٨ هەفتە، دەشێت ئارەزووی ئەوەیان هەبێت هێڵکاری دانیشتنەکان زۆرتر درێژبکەنەوە، بەڵام جێبەجێکردنی ئەمکارە نابێت لەسەر حیسابی ئەو نەرمیو لەخۆییەوە بێت کە منداڵان چێژی لێوەردەگرن، پێویستیشە دایكو باوکان ئاگادار بکرێنەوە بەتەواوی ئامانجەکانی هەر گروپێك، ئەو شارەزاییانەی مەشقی لەسەر دەکرێ هەتا منداڵان بەدەستی بهێنن، هاوئاهەنگی گشتی لەدانیشتنە تاکیەکانیشدا (نموونەی هەشتەمی پاشکۆی أ هێڵکارییەکی درێژی دانیشتنەکەیە، نموونەی نۆیەمی هەمان پاشکۆ بلاوکراوەیەکی نووسراوە لەسەر ئامانجی گروپەکە کە رادەستی دایكو باوکان دەکرێت)

## ئەو کێشە باوانەی لەم دانیشتنانەدا دێتە رێگامان:

رةفتاری شةرِةنطیَزانة:

هەوڵەکانی گۆڕینی رەفتاری منداڵ دەبێت بەندبێت لەسەر ئەو بارودۆخو هەڵوێستانەی کە رەفتارە خراپەکەی لێوە دەردەکەوێت، بۆیە پێشتر جەختمان لەوە کردۆتەوە گەر بەمنداڵی ئۆتیزم گوترا تۆ منداڵێکی گێرەشێوێنو نالەباریت، ئەوە بەهیچ شێوەیەك سوودی نییە، نەك هەر لەبەرئەوەی ئەو

مانای ئەو سیفەتانە تێناگاتو وەریناگرێت، بەڵکو ئەم رفتاری رەتکردنەوەیە بەدەست دێنێت لەبەکارهێنانی ئەمجۆرە سیفەتانەدا کاریگەرێتی نێگەتیڤی لەسەر منداڵەکەو باوەربەخۆبوونو خۆمەزندەکردن دەبێت، لەسەرئەمەوە باشتروایە یارمەتی منداڵەکە بدەینو تێیبگەیەنینو چی وای لێدەکات ئەم رەفتارە نالەبارە بکات، وای لێبکەین تێبگات بۆ ئەم رەفتارەی ئەو بەرەتکراوە دادەنرێت، بۆنموونە باگفتوگۆ لەسەر هەڵوێستێکی منداڵێکی ئۆتیزم بکەین، کە لەو قوتابخانە ئاساییەی لێی بووە دەرکراوەو بۆ چەند خولەکێك خراوەتە پۆلێك لەو قوتابخانانەی کە تایبەتن بەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان –دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین کە ئەم منداڵە پێش کاتی دەستپێکردنی دانیشتنەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەکان گەیشتووە -هەرچەندە- وەك چارەسەر کارەکە دەڵێت– بەخۆشیو بەختیاری لەشوێنەکەی خۆیدا دانیشتووە، بەڵام پاش کەمێك وروژاوەو پەلاماری چارەسەرکەرەکەی داوەو بریندارکردووە پاشان لەپۆلەکەی کردویانەتە دەرەوە، لەگەڵ منداڵەکە گفتوگۆ کرا لەسەر ئەم رەفتارەی چارەسەرەکە کە پێی گوت گەر نائاسودە بوو لەپۆلەکەدا باشتروابوو بەئارامی بچێتە ژووری چارەسەرکردنی قسەکردنو بەگەرخستنی زمان، لەبری ئەوەی ئەم رەفتارە شەرەنگێزیە ئەنجام بدات، لەسەرئەمەوە پێویستە لەسەری فێربێت چۆن پێداویستیو هەستەکانی دیاری دەکات پێش ئەوەی فێری ئەوە بێت چۆن بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵ ئەمجۆرە هەڵوێستانە دەکات، لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت منداڵی ئۆتیزم بەزەحمەت دەتوانێت گوزارشت لەپێداویستیەکانیو رەفتارەکانی بکات، لەبەرئەم هۆیە وەڵامدانەوەی باشیان دەبێت بۆ ئەو رێسایانەی فێری دەبن بەرێگەیەکی رۆشنو راستەوخۆ بێئەوەی ناچاربن وشە بەکاربهێنن (واتە قسەو زمان).

پێویستە ئەو منداڵانە فێری ئەوە بکرێن کە ئەو رێسایانە بەسەر هەموو ئەو هەڵوێستانەدا جێبەجێ نابێت کە دێتە رێگایان، دەبێت هەست بەگرنگی (نەرمی نواندن) بکەن لەمامەڵەدا ئەویش بەگوێرەی ئەو بارودۆخەی دەورووبەریان، بۆنموونە پێویستە لەسەر ئەو منداڵەی کە فێر بووە پاش ئەوەی لەئاودەست دێتە دەرەوە دەست دەشوات، فێری ئەوەش ببێت گەر لەگەڵ هاورێکانیدا لەگەشتێکدا بوو نەیتوانی ئەم کارە بکات نەیکات بەهەراو خۆی شپرزە نەکات.

بەهەرحاڵ دەبێت هەندێك گۆڕانكاری بەرچاو لەرەفتاری منداڵی ئۆتیزمدا دەربكەوێت، جا لەمانگێكەوە بێت بۆ مانگێكی تر یان لەهەفتەیەكەوە بۆ هەفتەیەكی تر، یان لەرۆژێكەوە بۆ رۆژێكی تر، هەتا لەسەعاتێكەوە بۆ سەعاتێكی تر، سەرباری هەموو ئەو هەولانەی دەدرێت بۆ پێكەوە گرێدانی نێوان ئەو گۆڕانانەو نێوان رووداوەكان و بارووەدۆخە دیاریكراوەكانی ژیانی منداڵ، هەتا ئەگەر بەشێوەی جۆرێك لەجۆرەكانی هەستەوەریش دەركەوت ئەمە وادەرناخات كە ئەو گۆڕانكارییانە پاساودارو لۆژیكیانە بن، بۆیە تاكە هۆ لەپشت ئەم كارەوە هەڵگەڕانەوەی حاڵەتی مەزاجی منداڵەكەیە لەحاڵەتی خەمبارییەوە بۆ حاڵەتی تێكچوون و شێت بوون، لەكاتی ئەم دوو قۆناغە سەركێشەدا ناتوانرێت بگرە ئەستەمە كۆنترۆڵی منداڵەكە بكرێت لەناو هەرجۆرێك لەجۆرەكانی گرووپەكانی چارەسەركردندا، بۆیە لێرەدا كارەكە دەخوازێت دانیشتنەكانی چارەسەركردنی تاكی بۆ بكرێت، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو راستییەی كە لەكاتێكی تردا رەفتاری هاوكاریكردن و گوێڕایەڵییان تێدا دەردەكەوێت.

## دڵەڕاوكێ

منداڵانی ئۆتیزم زۆرترین ژمارەی ئەو كەسانە پێكدێنن كە تووشی هەستكردن بەدڵەڕاوكێ دەبن، ئەمەش سروشتییە، چونكە ئەمان باش ناتوانن مەبەست و ناوەرۆكەكان لەو هەڵویستانەی دووچاری دێن پوختە بكەن، نایشتوانن پرسیاری لەبار بكەن بۆ روونكردنەوەی ئەوەی بەسەریاندا دەگوزەرێ، زۆر گرانە ئەم كارە بەدەربكرێت لەفاكتەرە سەرەكییەكانی توشبوون بەدڵەڕاوكێ، كە رەنگە لەبارودۆخێكی ئاسایی هاوشێوەدا دەربكەوێت.

بۆیە نالێین بەدەست دڵەڕاوكێوە تەوەری سەرەكی بەرنامەكانی دەستێوەردانی چارەسەرییە، كاتێك یەكێك لەو پسپۆڕانە كە شارەزایی كەمە لەسەر ئۆتیزم دەستنیشانی حاڵەتی منداڵەكە دەكات، رەنگە ئەوە روودات حاڵەتەكە بەدڵەڕاوكێ دەستنیشان بكات نەك بەئۆتیزم، بۆیە لەباری ئاساییدا ئەم بارودۆخە كاریگەرییەكی ترسناك و خراپ دەكاتە سەر خێزانەكە، ئەمە لەحاڵەتێكدا كە هۆی نەخۆشی منداڵەكە بگەڕێتەوە بۆ كەموكووڕیی لەبایەخدان و

سەرپەرپشتیکردنی منداڵەکە کە لەلایەن دایكوباوکانەوە لەبری ئەوەی هۆیەکەی بگێڕنەوە بۆ بنەچەکەی کە بریتییە لەتێکچوونی گەشەو حاڵەتە بایۆلۆژیەکانی، پاشان ناپەسەند لێکدانەوەی سیانی کەموکووڕی کۆمەڵایەتی بکرێت لەڕووی تێکچوونی لایەنی سۆزداری هەتا هەستکردنیش لەبێبەشبوون، چونکە دەبێت ئەمانە کاریگەری هەبێت لەسەر دواکەوتنی هەستان بەکاری گونجاو دەربارەی پەیوەندیکردنی بەیەکێك لەفوتابخانەکانەوەو ڕەتکردنەوەی پەنابەربردنە بەر هاوکاری کۆمەڵیکی زۆرخزمەتگوزاریو سەرچاوەکانی پاڵپشتی.

## ڕەفتاری دووبارەیی

لەناو منداڵانی ئۆتیزمدا ئەمجۆرە ڕەفتارە بەربڵاوەو بەشێوەیەکی جۆراوجۆر لەهەڵسوکەوتیاندا دەردەکەوێت، بەڵام لەکاتی هەڵسەنگاندنیدا لەسایەی لاوازی کەموکووڕی هەست ڕونتر دەردەکەوێت، ئەمجۆرە تێکچوونانە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کەموکووڕی لەلایەنی زانیارییەکانو هەست پێکردنەوەی، دواتر منداڵی ئۆتیزم بەزەحمەت دەتوانێت پێشبینی ئەنجامەکانو ڕووداوەکان بکات، ئەمە هەستکردن بەدڵەڕاوکێو نائارامی لێدەکەوێتەوە، بۆیە سروشتییە منداڵی ئۆتیزم خۆ بسپێرێت بەڕەفتاری دووبارەیی، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی توندی دڵەڕاوکێو کرژییەکەیو ڕێگەیەکیشە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی کە ناتوانێت وەریان بگرێت، هەرکاتێك ئەمجۆرە ڕەفتارە لەمنداڵی ئۆتیزمدا دەرکەوت زۆر بەزەحمەت -گەر ئەستەم نەبێت- لێی ڕزگاردەبێت.

## کورتەیەك لەسەرکێشە سۆزدارییو ڕەفتارییەکانی تر

دەکرێت منداڵانی ئۆتیزم بەدەست هەندێك کێشەی سۆزداریو ڕەفتارییەوە بناڵێنن، ئەمە سەرباری ڕووداوەکانی کەموکووڕی کۆمەڵایەتی، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، ڕەنگە ئەم منداڵانە لەئەنجامی گەلێك شتدا دووچاری ئەم پێوەناڵاندنە ببن، لەوانە جیابونەوەی دایكو باوك لەیەکتریو بەد مامەڵەکردن لەگەڵیان، هەست نەکردن بە بەختیاریی، ئەمانیش وەك هەموو منداڵە

ئاساییەکانی تر، بەڵام ڕێگاکانی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لای منداڵی ئاسایی زۆر جیاوازە لەمنداڵی ئۆتیزم. لێرەدا زۆر پێویستە چارەسەرکارەکان هەر جەخت نەکەنەوە لەسەر چارەسەرنەکردنی ئەم کێشە خێزانیانەو لەهۆیەکانی تری سەرهەڵدانی ئۆتیزم دوورکەونەوە.

لیستەکە

١- ئەو منداڵانە دەستنیشان بکە کە گونجاون بۆ پەیوەندیکردن بەگرووپەکەوە.

٢- ئەو شوێنە دیاری بکە کە هەڵتبژاردووە بۆ سازدانی دانیشتەکانی گروپەکە.

٣- دەکرێت هەریەکێك لەو منداڵانەی دەستنیشان کراون، پەیوەندی بکەن بەگروپێکی ترەوە لەیەکێك لەو قوتابخانە تایبەتیانەی کە تەرخانکراوە بۆ فێرکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

٤- کێ گروپەکە لەگەڵتدا بەڕێوە دەبات؟ لەقوتابخانەدا، مامۆستا، یاریدەدەری پۆل /لەنۆرینگەدا یاریدەدەر/ قوتابی.

٥- لەحاڵەتی پەیوەندیکردنی منداڵان بەقوتابخانە ئاساییەکانەوە، ئایا پەیوەندیت کردووە بە بەرپرسێکەوە بۆ پاڵپشتیکردنی منداڵانی ئۆتیزم لەقوتابخانەدا کە تایبەتن بەفێرکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان . special education needs co-ordin ates –SENCOS -

٦-کۆبونەوەیەکت بۆ باوکان ڕێکخستووە هەتا ئامانجی گروپەکەیان بۆ بخەیتەڕوو.

٧-داوا لەباوکان بکە واژۆ لەسەر گرێبەستێکی پابەندبوون بکەن (بڕوانە بەشی حەوتەم)

٨-هێڵکارییەك بکە بۆ هەشت دانیشتن / یان یەك وەرزی خوێندن، ئەو بیرۆکانەش لەخۆبگرێت دەربارەی ئەو بابەتانەی کە دەخرێتە بەر گفتوگۆ لەدانیشتنەکاندا یان لەپۆلەکاندا.

٩-منداڵەکان هەڵبسەنگێنەو هێڵکارییەك بەکاربهێنە بۆ تۆمارکردنی ئەو کارانەی دەیکەن.

١٠-هێڵکارییەك بکە بۆ جێبەجێکردنی هەندێك کاری بەدواداچوون وەك نموونەکانی هەڵسەنگاندن (بڕوانە پاشکۆی ئەلف)

١١-هیچ کێشەیەکی سۆزداری ڕەفتاری لەمنداڵەکاندا دەرکەوتووە وەك دڵەڕاوکێ،

ڕەفتاری شەڕەنگێزانە؟ ئایا چارەسەرکردنی دەخوازێت پەنا بۆ پسپۆڕان بەریت؟

تێبینی/ لەبەریتانیا لەهەموو قوتابخانەیەکدا مامۆستایەکی دیاریکراو هەیە کارەکەی پاڵپشتیکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەتە، ئەم دەستەیە لەمامۆستایان بەناوی SENCOs دەناسرێت.

# بەشی پێنجەم

## دەستپێوەردانی چارەسەریی لەقۆناغە درەنگەکانی منداڵیدا

لەم قۆناغەی تەمەندا (کە لەنێوان ٧ساڵی و ١١ساڵیدایە ) ئەرکەکان لەسەر بەهێزکردن و زۆرکردنی هەموو ئەو بنچینانەیە کە لەقۆناغەکانی زووی منداڵیدا هێنراوە، ئەرکەکان هەمووی لەدەوری ئەمانە چڕدەبنەوە جگە لەوەی هەندێك منداڵ فێربوونی ئەم بنچینانەی بەسەردا تێپەڕیووە، ئەمەش لەبەرئەوەیە یان دەست نیشانکردنی حاڵەتەکەی درەنگ بۆ کراوە یان لەبەرئەوەیە تازە لەقوتابخانەیەکی ئاساییەوە بۆ قوتابخانەیەکی تایبەت بەخاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان هاتووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستی زۆریان بەفێربوونی بنچینەیەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی هەیە –ئەوەی لەبەشی پێشتری ئەم کتێبەدا باسمان کرد–بەهەرحاڵ لەو ڕێگایانەی کە دەگونجێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕەوشەدا- ئەوەیە کە خۆی دەنوێنێت لەپێداچوونەوەی ئەوەی پێشتر فێری بووە لەقۆناغەکانی پێشوودا هەر لەسەرەتای گروپەکەوە، پێویستیشە ئەو پرۆسەیە پێداچوونەوەی لەهەر جارێکدا کە جێبەجێدەکرێت خێراتر بکرێت، پێویستە هەلیش بۆ پێداچوونەوەی ئاستی پێشکەوتنی هەر منداڵێك بەجیا بڕەخسێنرێت، چونکە لەم پێداچونەوەیە بێزار نابن، لایەنی (کەموکووڕی بەیەگەیشتنی کۆمەڵایەتی) بەلایەنی کەموکووڕی گەورەی ئەم منداڵانە دادەنرێت، ئەمەش کارێکە دەبێت مەشقی چڕوپڕی لەسەربکرێت

لەکۆمەڵێکی جۆراوجۆری هەڵوێستدا، بۆنموونە پێویستە پێداچوونەوە بکرێت لەسەرمەشقەکانی (باش دانیشتن، گوێگرتن، سەیرکردن، رۆڵگۆڕینەوە) زۆر پێویستە ئەم چالاکیو شارەزاییانە لەهۆشی منداڵانی ئۆتیزمدا بچەسپێت، پێش ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ فێربوونی شارەزاییو چالاکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز.

ئەمەش ئەو هەنگاوانەیە کە لەم قۆناغەدا پەیڕەویی دەکرێت:

پاش ئەوەی توانایەکی باش بەدەست دەهێنێت لەچاودێریکردنو تێبینیکردنی رەفتارەکانیاندا، هەتا ئەگەر بەرێگەی شێوازیش بکرێت، پاشان پێویستە دەست بەهاندانیان لەسەر رەچاوکردنی پێداویستیەکانی کەسانی دەورووبەریان بکرێت، ئەمە سەرباری دەستپێکردنی تێبینیەکان لەسەر چۆنێتی کاریگەری رەفتارە کۆمەڵایەتیەکانیان لەسەر کەسانی تر، هەر لەم قۆناغەشدا دەبێت پەرەپێدانێك لەئاستی مەزندەکردنیان بۆ پێداویستەکانی کەسانی تر رووبدات، دەکرێت منداڵانی ئۆتیزم هەست بەوەبکەن کە راوبۆچونی هەندێك منداڵ جیاوازە لەهەندێکی تر لەگەڵێك شتدا وەك خواردنو خواردنەوەو بەرنامەکانی تەلەفزیۆن، لەکاتێکدا دەیانبینین هیچ بیرۆکەیەکیان نییە لەسەر ژیریی هەموو خەڵکەکان، لەسەر ئەمەوەو لەو رێگە زانستییە پەیڕەویکراوانەی لەبارە بۆ پەرەپێدانی ئەم هزرە ئەو کاریگەرییە بە {چەمکی نەریتی رەفتار =concept of manners}دەناسرێت، بۆ زیاتر روونکردنەوە، منداڵ بەکردەوە وشەی ((تکایە)) و ((سوپاس)) دەزانێت لەو هەڵوێستانەدا کە گونجاون بۆی، بەڵام چەمکەکە زۆر لەوە قوڵترە، نەریتی رەفتار ئەو رێگەیەیە کە مامەڵەی پێدەکەین لەگەڵ یەکتری، کە بریتییە لەکۆمەڵێك رەفتاری کۆمەڵایەتیو موجامەلەو رێزگرتن، مانای وایە تەنها رەوشت باشی نییە دەتوانرێت ئەم نەریتانە بەشێوەیەکی سادەو ساکار بخرێتەڕوو، لەبری ئەوەی وایپیشان بدرێت کە بەتەنها چەمکی رووتن، ئەوەش لەرێگەی شارەزاییەکانی ژیانی رۆژانەی منداڵەکە کە لەناو گروپەکەدا دەبێتو پێویستە بەقۆناغ جێبەجێبکرێت نەك بەیەکجار.

## قۆناغەکانی فێرکردنی چەمکی ڕەوشت

**قۆناغی یەکەم:**

ئەم قۆناغە بریتییە لەگفتوگۆکردن دەربارەی رفتارە خراپەکان لەگەڵ گروپەکەدا، منداڵەکان بانگ دەکرێن کە هاوبەشی بکەن لەگفتوگۆکانداو بیرورای خۆیان دەربخەن، منداڵ زۆر چێژ لەزانینی سروشتی رەفتارە ناکۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت، کۆکەو پژمین‌و قرقێنە لەبەردەم خەڵکدا، ئەمانەو هەندێك رەفتاری ناپەسەندی تر، لەم سەرەتایەوە منداڵان هاندەدرێن کە گوزارشت لەهەستی خۆیان بکەن لەئاست ئەمجۆرە رەفتارەنەدا، ئەمە لەکاتێکدا کەسانێك دەبینن ئەمانە دەکەن، ئەمە کارێکە هەرگیز بیریان لێنەکردۆتەوە، بۆیە پێویستە گفتوگۆکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چڕبکرێنەوە لەسەر رەفتارە نەخوازراوەکان.

**قۆناغی دووەم:**

ئێستا گفتوگۆکان دەگوازرێنەوە بۆ خستنەڕووی رەفتارە باشەکان‌و لیستێکیان پێدروست بکرێت کە هەندێك دەستەواژەی تێدابێت کە نیشانە بێت بۆ رەوشتی باش وەك ((بەداخەوە)) ((ببورن)).

**قۆناغی سێیەم:**

لەم قۆناغەدا کار لەسەر ئەوە دەکرێت کە بیرۆکەیەك دروست بکرێت لەسەر ئەوەی کە رەفتارو رەوشت هیچ بایەخێکی نییە ئەگەر مرۆڤ بەتەنها ژیا، لەم بیرۆکەیەوە دەتوانین پەیوەندی دروست بکەین لەنێوان نەریتی رەفتارو بەگەیشتن‌و بەردەوامی لەگەڵ کەسانی تردا.

**قۆناغی چوارەم:**

لەم قۆناغەدا باشتروایە سوود لەو کتێبانەی منداڵ وەربگیرێت بەشێوەیەکی گشتی باس لەڕەوشت‌و رەفتاری منداڵ دەکات، لەم کتێبانەدا زانیاریی بەسوود هەیە دەربارەی ئەم بابەتانە کە منداڵ هاندەدا دەست بکەن بەبیرکردنەوەی

لەسەر ئەوانەی بەدەوریانەوەن، وەك هەڵنەساندنی منداڵی نوستوو، ریزکردنی کەلوپەلەکانی ناو ژوورەکەی، قسەنەکردن لەهۆڵەکانی سینەمادا لەکاتی پیشاندانی فلیمەکەدا... هتد، گفتوگۆکان یارمەتی منداڵ دەدەن کە بیرکردنەوەی چڕبکاتەوە لەسەر هۆیەکانی ئەو نەریتەی رەفتار کە فێری دەبێت، وەك گەر منداڵەکەت لەخەو هەڵسان دەگری و دەقیژینێت، ریزکردنی کەلوپەلەکان و رێکخستنی ژوورەکان هۆیەکە بۆ یارمەتیدان و ئاسودەیی دایك، قسەکردن لەسینەماو لەکاتی پیشاندانی فلیمەکەدا ناهێڵێت خەڵکی باش گوێیان لەقسەکانی فیلمەکە ببێت و بەدووی رووداوەکان بکەون، هەموو ئەو شتە ئاسان و ساکارانەی باسکرا نابێتە زەحمەت و گرانی لەسەر منداڵەکەو وەری دەگرێت و دەیبەستێتەوە بەژیانی رۆژانەیەوە.

**قۆناغی پێنجەم:**

لەم قۆناغەدا دەبێت منداڵ ئامادە بێت بۆ وەرگرتن و مەزندەکردنی گرنگی ئەو زانیاریانەی کە لەزنجیرە کتێبی منداڵاندا لەسەر فێرکردنی نەریتی رەفتارو رەوشت خراوەتەروو لەم کتێبانەدا، ئەو بیرۆکانە دەخرێتەروو کە لەقۆناغی چوارەم باسمان کرد، هەروەها کۆمەڵێکی زۆر کەرەستەو بابەت لەخۆ دەگرێت کە هەل بۆ مامۆستاو چارەسەرکار دەرەخسێت کە بابەتی زۆر بزانن لەسەر نەریتی ئەو رەفتارە کۆمەڵایەتیانە کە منداڵ فێری ببێت. هەروەها دەتوانین سوود لەیاری رۆڵ نواندن و رۆڵگۆرینەوە وەربگرین، وەك رێگەیەکی چێژلێوەرگرتن بۆ فێرکردنی چەمکەکان بەشێوەیەکی باش لای منداڵان.

**قۆناغی شەشەم:**

هەستەکان بەلایەنێکی گرنگ دادەنرێن لەتێگەیشتنی نەریتە جیاوازەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتیدا، بۆ زیاتر روونکردنەوە، منداڵان خێرا فێردەبن گوزارشت بکەن و هەست بە بەختیاری یان خەمباری بکەن، بەڵام پێویستە لەهەمانکاتدا هەست بەوە بکەن کە کۆمەڵێکی زۆرتر لەو هەستانە هەیە کە دەبێت وەریبگرن و مەزندەی بکەن.

لەو دیاردانەی سوودی لێوەردەگیرێت بۆ ئەم مەبەستە ئەمانەن:

وتنەوەی پیتەکانی ئەبجەدی، وتنی گۆرانییەکانی منداڵان بەدەنگێك دەری ببڕیت لە (تورەیی، ترس، ماندوێتی، بێزاری، خوێن گەرمی...هتد)، دەتوانین پشت بەو کتێبانە ببەستین کە گفتوگۆ لەسەر هەست دەکەن، باس لەبەیەکگەیشتن دەکەن لەگەڵ ئەوانی تردا، بۆ دەستەبەرکردنی چوارچێوەی کارکردن بۆ یاری رۆڵ نواندن لەم قۆناغەی تەمەندا.

لەلایەکی ترەوە دەبێت ئەوەی کە منداڵەکان فێری دەبن ببەسترێتەوە بەوەی لەژیانی رۆژانەیاندا رووبەریان دەبێتەوە، هەروەها دەبێت زۆرترین سوود بەدەست بهێنین، لەو زانیاریانەی منداڵەکە خۆی دەستی دەکەوێت یان لەرێگەی دایك و باوك فێری دەبێت، ئەوەش بەرِوونکردنەوەی ئەو هەستانەیە کە فێری دەبن، بۆنموونە دەتوانین هەستکردن (بەنائومێدی) گرێبدەین بەنەکردنی کارێکەوە کە منداڵەکە بەپەرۆش بوو بۆ  روودانی، هەروەها دەتوانین هەستکردن بە (ترس) ببەستینەوە بەرِووداوێکی ترسناکەوە کە لەتەلەفزیۆنەکەدا دەردەکەوێت. هەروەها هەستکردن بە بەختیاریی و دڵخۆشی وجەژنەکانی لەدایکبوون و سەیران و گەشتەکان لەرێگەی فێربوونی منداڵەکەوە کە چۆن گوزارشت لەهەستەکانی دەکات، لەم رێگەیەوە دەتوانن بچنە قۆناغێکی ترەوە کە بیرکردنەوەیە لەهەستەکانی ئەوانی تر.

**زمانی جەستە :**

دەتوانرێت منداڵ فێربکرێت چۆن گوزارشت لەهەستەکانی دەکات، ئەویش لەرێگەی زمانی جەستەوە سەرەتا دەبێت گەورەکان بەنواندن ئەمەیان بۆ بکەن، دواتر کە منداڵەکە توانی ئەو بیرۆکەیە وەربگرێت کە هەر بەشێك لەبەشەکانی لەش دەتوانی گوزارشت لەهەستەکانی بکات، ئەوکات دەتوانرێت هانبدرێن خۆیان گوزارشت لەوە بکەن، کە هەستی پێدەکەن لەرێگەی ئەم زمانە جیاوازەوە، جێبەجێکردنی ئەم مەشقە بە بەکارهێنانی پارچە کاغەزی بچووك دەبێت کە شێوەی جیاوازی تێدایە بۆ دەست و قاچ، دەموچاو، بەشێوەیەکی گشتی دەربرینەکانی دەموچاو بەئاسانترین رێگە دادەنرێت کە وا لەوانی تر دەکات بزانن بەرامبەرەکەیان هەست بەچی دەکەن، بەڵام بۆ بارەکانی و جوڵەی دەست و قاچ رەنگە ئەمانە تۆزێك ئاڵۆزبن و پێویستیان بەکاتی زۆرتر هەبێت،

بۆنموونە بەرزکردنەوەی پەنجە گەورە، دەستراوەشاندن، دەستشۆرکردنەوە، هەروەها جوڵەی پێ وەك شەق تێهەڵدان، پێ پیانان، ماناو واتاو لێکدانەوەی ژمارەیەکی زۆر لەهەست.

**ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێك کێشەدا:**

ئەو زانیاریانەی کە دایكو باوکان دەربارەی ڕەفتاری منداڵەکانیان پێشکەشی دەکەن بایەخێکی زۆری هەیە، کاتێك کێشەیەك یان ڕەفتارێکی هەڵە دەخەنەڕوو کە پێویستە چارەسەر بکرێت، بۆنموونە دایکێك چارەسەرکارەکەی ئاگادار کردۆتەوە کە منداڵەکەی زۆر حەزی لەیاریکردن بەئاگرە، دواتر ئەم زانیارییە بووە هاندەر بۆ بیرکردنەوەو گفتوگۆکردن لەسەر (شتە مەترسیدارەکان) لەناو منداڵانی گروپەکەدا.

سەرباری ئەمانە دەبێت منداڵی ئۆتیزم فێربکرێن ڕەفتارە هەڵەکانیان ڕاستبکەنەوە، ئەویش لەڕێگەی گێڕانەوەی هەندێك چیرۆك کە ڕەخنەگربێت لەڕەفتارە هەڵەکانو هانی ڕەفتارە دروستەکان بدات، بەگوزارشتێکی تر دەبێت ئەم چیرۆکانە توخمە ڕێبەرایەتیو پیاهەڵدانەکان بگرنە خۆ، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لەهەر چیرۆکێکدا یەك توخمی ڕێبەرایەتی هەبێت وەك ئەم نموونەیە:

حەز دەکەم یاری لەگەڵ هاوڕێکەمدا بکەم.

هاوڕێکەم حەز دەکات لەگەڵ مندا یاری بکات.

حەز دەکەین یاری بەیەکەوە بکەین.

گەر هاوڕێکەم تورە بکەم یاریم لەگەڵ ناکات.

بۆیە لەگەڵ هاوڕێکەم یاری دەکەمو نەرمونیان دەبم لەگەڵیدا.

(چەند پێشنیارێك بۆ یاری ڕۆڵ نواندن):

بەشێوەیەکی گشتی منداڵانی ئۆتیزم توانایەکی باشیان هەیە لەبیرهاتنەوە، ئەم یاریە ئەم دەقانەیان بۆ دەستەبەر دەکات کە دەسازێن لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی کە ڕەنگە دووچاریان ببێتەوە، دەکرێت ئەو گەورانەی سەرۆکایەتی گروپەکان

دەکەن رۆڵی رەوشی باش یان خراپ ببینن، باشتروایە منداڵەکان لەناو خۆیان گفتوگۆی لەسەربکەن پێش ئەوەی کاری نواندن بکەن:

**چەند نموونەیەك لەسەر دەقەکان:**

١-خواردنێك دەدرێتە منداڵەکە کە حەزی لێنەکاتو نەیەوێت.

٢-توانج نەدان لەرواڵەتی دەرەکی کەسێکی تر.

٣-لێبوردن خوازی، پۆزش هێنانەوە.

٤-خواستنی شتێك لەکەسێك و گێرانەوەی شتێك بۆ کەسێکی تر.

٥-وتنی ((سوپاس)) کاتێك شتێکی پێشکەش دەکرێتو نایەوێت.

٦-کردارو گوفتاری گونجاو کاتێك کەسێك خراپەیەکت بەرامبەر دەکات.

دەکرێت ئەم لیستە بیرۆکەی تری بخرێتە سەر لەرێگەی قوتابخانەوماڵەوە. بەکۆی گشتی کارکردن لەسەر فێرکردنی رەفتارو رەوشت لەجێگەی کەرەستەیەك دادەنرێت کە گفتوگۆی لەسەر بکرێتو دەتوانرێت بکرێتە بەرنامەیەك بۆ پەرەپێدانی شارەزاییە کۆمەلایەتییەکان، ئەمە ٨ هەفتە دەخایەنێت، جا ئەمە بۆ ئەو چارەسەرکارانە بێت کە لەنۆرینگە تایبەتەکاندا کار دەکەن یان بۆ ئەو مامۆستاو پسپۆرانە بێت کە لەقوتابخانە کاردەکەن کە تایبەتن بەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

ئەمە سەرباری ئەوەی، پێویستە کرداری بەهێزکردنی هەموو ئەو شارەزاییە بنچینەیانەی کە پێشتر فێری بووە بەردەوام بێت، بۆنموونە پێویست ناکات یاری ((سلاوکردن)) دووبارە بکرێتەوە گەر مامۆستاکە هەستی کرد منداڵەکان هەموو دەتوانن بەتەواوی بەباشی جێبەجێ بکەن، لەم قۆناغەدا پێویستە یارییەکی تر بکەن کە رەنگدانەوەی ئەو پێشکەوتنە بێت کە بەکردەوە روویداوە، ئەوەش بەوە دەکرێت ئاشنا بکرێن بەجۆرەکانی تری سلاو کە دەگونجێت لەگەڵ هەلویستە راستیو بەکردەوییەکانی ژیان.

کاتێك منداڵەکان دێنە ژووری پۆلەکان دەبێت هانبدرێنو بیریان بهێنینەوە کە سلاو لەئامادەبووان بکەن، دەکرێت سەرەتا هەر لەشێوەی وشەی ((رۆژتان باش))دا بێت بەچاویش سەیری هەموو ئەوانە بکرێت، کە سلاویان لێدەکرێت،

دەكرێت گەورەكان هانبدرێن كە هەندێك دەستەواژەی لەبار تر بەكاربهێنین وەك ((بمبەخشن دواكەوتم)) یان ((جەژنتان پیرۆزبێت)) یان ((مۆڵەتەكەت خۆش بەسەربرد)) یان ((ئێستا باشتر بوویت)) لەكۆتایی دانیشتنەكەدا دەكرێت مەشقیان پێبكرێت لەسەر بەكارهێنانی هەندێك دەستەواژەی تر وەك ((هەفتەی داهاتوو دەتبینم)) یان ((پشوویەكی خۆش))...هتد.

**یاری < هەواڵەكانی رۆژانە > :**

دەكرێت لەم قۆناغەدا ئەو یاریو هەواڵانەی رۆژانە كە لەقۆناغی زووی منداڵیدا فێری بووە گەشەی پێبدرێت بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ ئەم قۆناغەی تەمەندا، ئەمەش بۆ باشكردنی هەستی منداڵەو بۆئەوەیە بەئاگابن لەو جیهانەی دەوریداون، سەرباری ئەوەی ئەم یارییە هانی منداڵ دەدات كە بیر لەشارەزایی كەسانی تر بكەنەوە هەست بەگرنگیەكەی بكەن، پێویستە لەسەر سەرپەرشتیارانی گروپەكە كە هەندێك هەواڵی رۆژانە بدەنە گروپەكە، چونكە سەرپەرشتیارەكان لەپایەو پلەیەكدان منداڵان چاویان لێدەكەن بەپێشەوای خۆیان دەزانن.

بەشێوەیەكی گشتی یاری ((هەواڵی رۆژانە)) سودێكی زۆری هەیە لەوانە: ئەم یارییە دەبێتە هاندەری بەجێگەیاندنی مەشقەكانی رۆڵگۆرینەوەو شارەزاییەكانی باش بۆ گوێگرتن، پێویستە داوا لەمنداڵەكان بكرێت كە ئەو هەواڵانە باس بكەنەوە كە هاوڕێكانیان لەگروپەكەدا باسیانكردووە، ئەمە سەرباری ئەوەی كە دەكرێت دەستكاری بكرێتو بگونجێنرێت لەگەڵ رووداوەكانی ئێستادا، كە رەنگە لەرێگەی تەلەفزیۆنەوە گوێیان لێی بووبێت، دەكرێت ئەوەی باسكراوە بەهۆیەكی باشو سروشتی دابنێین بۆ دەسپێكردنی هەندێك گفتوگۆی ئاسان كە هانی منداڵ بدات بۆئەوەی پرسیار لەیەكتری بكەن، رەنگە ئەمە خاڵی لەباربێت كە لێیەوە منداڵ فێربكرێت چۆن نیشانەكانی پرسیاری وەك ((بۆچی؟)) و ((چۆن)) بەكاردەهێنرێت-بڕوانە بەشی چوارەم –منداڵانی ئۆتیزم ئارەزووی خۆتێهەڵقورتاندنو سووسەكردنیان نییە بۆیە (دەیانبینین زانیاریان كەمە لەسەر ژیانیان كە لەڕاستیدا بەگرنگ دادەنرێت، لەنەبوونی گەڕان بەدوای زانیارییو پرسیاركردندا گەورەكانیش

بەهەڵەدادەچن کە لەوەدا ئەو منداڵانە ئاگاداربکەنەوە – هەرچەندە زۆر بەکورتیش بێت – لەو گۆڕانانەی کە لەدەوروبەریان روودەدەن – گەرچی کاتییش بێت – وەك گۆڕانی ئەوانەی لەقوتابخانەکەدا کاردەکەن یان نەخۆش کەوتوون و نەهاتوون، سەرباری هەموو ئەوانە ئەم یارییە بەرێگەیەکی کرداری دادەنرێت بۆ دۆزینەوەی کێشەکانی، میتۆدی بیرکردنەوە، کەمتوانایی لە سازاندا – ئەوە یەکێکە لەو کێشە سەرەکیانەی منداڵی ئۆتیزم بەدەستیەوە دەناڵێنن – لەرێگەی ئەم یارییەوە منداڵان دەتوانن لەکەسانی تر بگەن کە چی روویداوەو تووشی چی بوون، گەر خۆیان هەواڵەکە نەگەیەننە کەسانی تر نازانن چیان بەسەردا گوزەراوە، هەروەها بەئاگادەبن بەگرنگی بابەتە جیاوازەکانی هەواڵەکەو هەستدەکەن بەزیاتر گرنگی هەواڵێك لەچاو هەواڵێکی تردا، بۆنموونە کاتێك منداڵەکە هەواڵێك دەگێڕێتەوە بۆ هاورێکانی رەنگە خواردنی جۆرێکی دیاریکراوی سەندویچ بەرجەستە بکات یان لەو رۆژەدا گواستویانەتەوە بۆ خانووە نوێیەکەیان، یان برایەکی نوێیان بووبێت.

باوکان رۆڵێکی بنچینەییان هەیە لەدەستەبەرکردنی ئەو زانیارییانەی کە پەیوەندیان بەشارەزای منداڵەوە هەیە، دواتر چارەسەرکارەکە سوود لەم زانیارییانەوە وەردەگرێت بەوەی گرنگەکانی لێهەڵبژێرێت بیکاتە بابەتی گفتوگۆ، لەلایەکی ترەوە پێویستە چارەسەرکارەکە ئاگادار بکرێت بەسەرچاوەکانی ئەمجۆرە زانیاریانە، بۆنموونە چارەسەرکارەکە بەمنداڵەکە دەڵێت (دایکت پێیووتم هەفتەی رابردوو چووی بۆ سینەما) گەر ئەم کارە جێبەجێ نەکرێت ئەوا منداڵەکە ناتوانێت هەستو ئاگایی دروست بکات لەسەر ئەوەی کە دەورووبەرەکەی دەیزانن یان نایزانن.

لەسەرەتادا دەبێت ئەرکێکی زۆر بکێشرێت لەهاوکاریکردنی منداڵەکە هەتا هەست بەو بیرۆکەیە بکات کە قسەکردنەکە لەسەر هەمان بابەتە لەهەموو هەفتەیەکدا، گەرچی بەلایەوە باش بێت گرنگی زۆریشی هەبێت، بەلام بۆ کەسانی تر مایەیی بێزارییە، بەهەمانشێوەش دەبێت چارەسەرکاریش زانیاریەکی هەبێت لەسەر ئەوەی کەی کاتی گونجاوە بۆ ئەوەی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتێکی دیاریکراو رابگیرێت، لەو رێگە بەسودانەی کە دەکرێت پەیرەوی لێبکرێت بۆ هاوکاریکردنی منداڵان هەتا هەست بەوە بکەن کە گفتوگۆکانیان

لەسەر بابەتێك زۆری خایاندووە، ئەوەیە کە هەرتاکێك لەتاکەکانی گروپەکە هەڵدەستێت بەکردنەوەی تۆپێك کە لەپەت دروستکراوە بەهێواشی لەوکاتەدا قسەش بۆ هاورێکانی دەکات، دوای ئەوە درێژی داوەکان بەراورد دەکرێت، دواتر هانی خاوەن درێژترین یان کورترین داوا دەدرێت کە بیپێچێتەوە یان یەك لەدوای یەك بیکاتەوە، جارێکی تر بەپێچەوانەی ئەو گۆشەنیگا کلاسکییەوە کە دەڵێت منداڵی ئۆتیزم لەهەر بەرکەوتنێکی جەستەیی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری دەترسێت، بەڵام ئێمە دەبینین خۆی فرێدەدات بەسەر کەسانی تردا لێیان دەدات نوقورچ دەگرێت، مشتەکۆڵە دەوەشێنێت، لەباوەشیان دەگرێت لەسەر ئەم رەفتارانە بەردەوام دەبێت گەر کەسێك بەری لێنەگرێت، بەشێوەیەکی گشتی ئەم رەفتارانە شڵەژان و هەراسانی دەخاتە ناو گروپەکەوە، بەتایبەتی گەر ئەو منداڵەی دەستدرێژی کراوەتە سەر هەستی بەتورەبوون و خەمباری کرد لەئەنجامی ئەوەی تووشی هاتووە، بەرگرتن لەمکارە هەر بەتەنها لەبەرئەوە پێویست نییە کە کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر گروپەکە، بەڵکو پێویستیشە بۆ دانانی سنوورێك بۆ مامەڵەکردنی منداڵان لەناو خۆیاندا لەم قۆناغە منداڵیەی تەمەندا بۆ منداڵانی گەورەترو پێگەیشتوان ئەم رەفتارە نەك نالەبارو ناپەسەندە، بەڵکو بەهەرەشە دادەنرێت و دەرگا دەکاتەوە بۆ خراپ تێگەیشتنی زۆرێك لەهەڵوێستەکان.

لەسەر ئەمەی کە ئێستا باسکرا، دەبێت منداڵ فێری گرنگی مەزندەکردنی بیرۆکەی (رووبەری تایبەت) بکرێت بۆ زیاتر روونکردنەوە، پێویستە چارەسەرکارەکە بۆیان روون بکاتەوە کە هەرتاکێك رووبەری تایبەت بەخۆی هەیە کە دەوریداوە، کەسیش بۆی نییە بچێتە ناوی تەنها بەرەزامەندی ئەم نەبێت، بەگوزارشتێکی تر جێبەجێکردنی ئەم مەشقە بەمجۆرە دەبێت.

منداڵەکان هانبدرێن رووبەرەکانی تایبەت بەخۆیان دیاریبکەن، ئەویش لەرێگەی درێژکردنەوەی دەستیان لەبەردەمیانەوە، بەشێوەیەکی بازنەی باڵیان دەجولێنن، لەکۆی گشتیدا فێرکردنی چەمکی رووبەری تایبەت وەك رێسایەکی پەیرەوکراو بەگرنگترو بەسوودترو پۆزێتڤانە تر دادەنرێت، لەچاو ئەوەی کە هەمیشە بیری منداڵەکە بخرێتەوە کە کەس هەراسان نەکات، گەر منداڵەکە لەسەر ئەم ریسایە راهات دەتوانرێت فێربکرێت کە نەرمتربێت لەمامەڵەکردن لەگەڵ

کەسانی تردا، پاشان بازنەکە بچووك دەکرێتەوە کاتێك منداڵەکە ئەو راستیە فێربوو کە هەندێك کاتی وا هەیە دەخوازێت لەنزیك هاورێکەیەوە دانیشێت، بەلاَم دەبێت جەخت لەوە بکرێتەوە ئەم کارەی دواییان رێسا نییە، بەڵکو رێساکە (رووبەرە تایبەتیەکەیە).

بەکورتی پێویستە جێبەجێکردنی چەمکی ((رووبەری تایبەت)) بەتەنها لەناو گروپەکەدا نەبێت، بەڵکو گۆرەپانی یاریش بگرێتەوە، ئەم گۆرەپانانە ئەو شوێنانەن کە تێیاندا منداڵی ئۆتیزم رووبەرووی هەندێك کێشەو زەحمەت دەبێتەوە، بەوەی یان دەستدرێژی بکەنە سەر رووبەری تایبەتی هاورێکانیان یان رێسایان نییە پەیرەوی بکەن لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئەوانەی دەستدرێژی دەکەنە سەریان، یان لەگەڵ ئەوانەی رەفتاری شەرەنگێزیان هەیە، لێرەدا دەبێت منداڵان فێربکەین لەم حاڵەتانەدا پەنا بۆ گەورەکان بەرن بۆ هاوکاریکردنیان، پێویستە فێریش بکرێن جیاوازی چییە لەنێوان نیازی چاکەو نیازی خراپە، بۆئەوەی پەرچەکرداریان نەبێت ئەگەر دووچاری پاڵپێوەنان بوون بۆنموونە لەهاورێکانیانەوە.

## زنجیرەی رووداوەکان و یارییەکانی بیرەوەری:

ئەم خالاَنەی خوارەوە زۆر بەسودەو دەکرێت پشتی پێببەسترێت کاتێك منداڵ پێویستی بەوە دەبێت رووداوێکی بیربکەوێتەوە کە بەلای خۆیەوە پێویستە:

١-کۆمەڵێك شت دەخرێتە سەر سینیەك و ماوەیەکی کەم پیشانی منداڵەکە دەدرێت، پاشان سەرسینیەکە دادەپۆشرێت و پرسیار لەمنداڵەکە دەکرێت ناوی ئەو شتانە بڵێت کە لەسەر سینیەکەیە.

٢-نەنکم چوو بۆ بازار..........کری/ لەقوتابخانە ............ بەکاردەهێنم / چووین بۆ گەشتێك ............لەگەڵ خۆماندا برد.

٣-شتێك بە بەردەم منداڵەکاندا تێدەپەرێنرێت دەبێت هەر منداڵێك زانیاریی لەسەر بڵێت –ئەوە دووبارە نەکاتەوە کە پێشتر هاورێکانی گوتویانە – دەبێت زانیاریەکان زۆر پەیوەندی داربیت بەوشتەوە، وەك ئەوەی لەسەر رەنگی شتەکە یان شێوەکەی، بۆنەکەی، پێکهاتەکەی بێت.

## زنجیرەی رووداوەکانی چیرۆکەکان:

کرداری ریزکردن و زنجیرەکردنی رووداوەکانی چیرۆکێك – لەرێگەی بەکارهێنانی

کارتی وێنەدارەوە بێت - بەچالاکییەکی زۆر بەسوود دادەنرێت بۆ منداڵ هەر لەسەرەتای قۆناغی درەنگی منداڵییەوە هەتا قۆناغەکانی دواتری، ئەو گریمانەیە هەڵەیە کە بڵێین، چونکە منداڵ دەتوانێت کۆمەڵێك کارتی وێنەدار ریزبکات ئیتر بەپێویستی دەزانێت و تێدەگات لەسوودەکانی ئەو هەڵوێستانەی، کە نیشانەن رەنگە بتوانێت ریزیان بکات بەپشت بەستن بەشارەزایی تێبینیکردن، بۆیە باشترە منداڵەکە هانبدرێت توانج و کۆمێنتی هەبێت لەسەر مانای چیرۆکەکە و ئەو مانایەیی کە لەوێنەکانەوە پوختەی کردووە، بۆنموونە (چیرۆکەکە لەسەر منداڵێکی بچووکە، کە بزر بووە) یان (خێزانەکە چوون بۆ کەنار دەریا) یان لەسەر (جەژنی لەدایکبوونە) بەگوزارشتێکی تر ئەمکارە ئامازەیە بۆ ئەوەی بەپێی ویست منداڵەکە هانبدرێت کە ناوەرۆك و مانای چیرۆکەکە هەمووی کورت و پوخت بکاتەوە، ئەمە لەبری ئەوەی چرکردنەوەی لەسەر درێژەپێدانەکان کە رەنگە پەیوەندی بەچیرۆکەکەوە نەبێت، ئەم مەشقپێکردنە پەیوەندی هەیە بەو زەحمەت و گرانیانەی کە یاوەری منداڵانی ئۆتیزمە.

**وێنە پیشاندان:**

دەکرێت منداڵانی گروپەکە هانبدرێن هەندێك وێنەی فۆتۆگرافی ئامادەبکەن کە خۆیان حەزبکەن پیشانی هاورێکانیان بدەن، رەنگە وێنەی خۆیان بێت لەکاتی لەدایکبوونیاندا یان گەورەترن، یان وێنەی ئەندامانی خێزانەکەیە، یان وێنەی ئاهەنگێکە کە بینویانە، وێنەی ئاژەڵەماڵیەکانە...هتد. دەکرێت سوود لەم وێنانە وەربگرین بۆ گێرانەوەی هەندێك زانیاریی لەسەر کەسەکان، شوێنەکان یان ئاهەنگەکان، ئامانجەکە لێرەدا پەرەپێدانی تێگەیشتن و بەئاگایی تاکەکانی گروپەکەیە بەچەمکی کات، پەیوەندییەکان، هەڵوێستەکان و ئەو بۆنانەی کە دەکرێت بەشێك پێك نەهێنن لەشارەزاییەکانی هەر منداڵە بەجیا.

**هەندێك کاری پەیوەندیدار بە بەرێوەبردنی گروپەکەوە:**

لەسەرەتادا دەبێت گفتوگۆ لەسەر ئەو هۆیانە بکرێت کە لەپشتی پەیوەندیکردنی هەر منداڵێکەوەیە بەگروپەکەوە، بەشێوەیەکی گشتی هەندێك منداڵ نازانن کە هۆی پەیوەندیکردنیان بەو گروپەوە دەگەرێتەوە بۆ توشبونیان بەئۆتیزم،

بەڵام لەهەمانکاتیشدا ناتوانن هۆیەکانی دەربڕین بۆیە بۆ کارکردن لەسەر پەرەپێدانی تێگەیشتنیان لەم هەڵوێستە، دەکرێت لەسەرەتادا قسە لەسەر فاکتەری هاوبەشی نێوانیان بکرێت، دەتوانین ئەم کارە لەچەند دەستەواژەیەکی ئاساندا کورت بکەینەوە وەك (تۆ بێ زەحمەت دەتوانی ئەوە بدۆزیتەوە کە چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی تردا دەکەیت) یان (تۆ بێ زەحمەت دەزانی ئەوانی تر مەبەستیان چییە و چۆن بیردەکەنەوە) یان (تۆ بێ زەحمەت دەتوانی هاورێیەتی دروست بکەین).

سەرباری ئەمە دەبێت بەئاگابین لەگەشەی منداڵەکان، ئەویش لەرێگەی ئاگادارکردنەوەیان بەو گۆرانانەی بەسەرگروپەکەدا دێت، ئەویش ئەوانەیە کە لەدامەزراندنی مامۆستا یان چارەسەرکاری نوێ یان ئامادەبوونی منداڵی نوێ، یان منداڵێك گروپەکە جێدەهێڵێت خۆی دەنوێنێت، ئەمانە هەمووی وایان لێدەکات کە هەست بکەن بەشێکی دانەبراون لەگروپەکەو بەئاگاو بەهەست دەبن بەکەسایەتی خۆیان و کەسایەتی دەوروبەریان، وەك پێشتر باسمانکرد کۆکردنەوەی منداڵانی خاوەن توانای زانیاریی وەك یەك رەفتاری وەك یەك بەیەکەوە رۆڵێکی زیندوو دەبینین لەبەرێوەبردنی گروپەکەدا، رەنگە منداڵی هەراسانکەر نەگونجاو لەگەڵ رەفتارەکانی منداڵانی تر کاربکاتە سەر سەرکەوتنی چارەسەرکردنی گروپەکە هەمووی، دەبێت چی بکرێت لەم بارەیەوە؟

**یەکەم/**

دەبێت بریار لەوە بدرێت کە ئەم منداڵە بەکردەوە توانای نییە یان ئارەزووی نییە هاوبەشی لەو گروپەدا بکات، ئەمە گەر منداڵەکە نەیتوانی بەراستی هاوبەشی بکات، هەوڵدان بۆ گونجاندنی لەگەڵ ئەو هەڵویستەی رووبەرووی بۆتەوە بێسنوورە، کە منداڵەکە خۆشی هەست دەکات ناتوانێت خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت، باشتروایە لەم حاڵەتەدا درك بەوە بکرێت کە منداڵەکە هێشتا ئامادەیی تێدا نییە هاوبەشی بکات لەگروپێکی لەوجۆرەدا، دەتوانرێت لەکاتێکی تردا لەگەڵ یەکێك لەگروپەکان دووبارە بکرێتەوە، بەڵام لەکاتی ئێستادا گونجاوترە رێگەی تری لەگەڵدا پەیرەو بکرێت لەمامەڵەکردن لەگەڵیدا، وەك ئەوەی لەگەڵ منداڵی تەمەن بچووکتردا بەکاردەهێنرێت.

دووەم /

ئەو منداڵانەی کە ئارەزوو یان نییە هاوبەشی بکەن لەیەکێك لەم گروپانەدا پێویستیان بەرێگای جیاواز هەیە لەوەی ئێستا باسکرا، دەشێت ئەم رەفتارەی وەڵامدانەوەیەکی گریمانەیی بێت کە دەریببڕێت لەبەرامبەر هەر هەڵوێستێکی نوێدا کە رووبەرووی دەبێتەوە، ئەمەش کارێکە پێویستە لێکۆڵینەوە لەراستێتی بکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە لێوەی نزیکن، سەرباری ئەوەی بیرۆکەی پەیوندیکردن بەیەکێك لەگروپەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەکان پێویستە واپیشان بدرێت کە ئەمە شتێکی تایبەتە، پێویستە ئاگادار بکرێتەوە کە هەندێك پلەی پێوانەیی دیاریکراو هەیە دەبێت پابەندی بین گەر منداڵەکە هاتە ناو گروپەکەوە، بەهیواین منداڵەکە چێژ لەچالاکییەکانی گروپەکە وەربگرێت تائەو رادەیەی بەپەرۆش بێت بۆ ئامادەبوونو خۆی داوای بکاتو نەبێتە مایەی هەراسانکردنی منداڵەکانی هاورێی، گەر هەراسانیو لاساریی کرد لەناو گروپەکەدا پێویستە بەتەواوی دەستبەجێ دوربخرێتەوە، لەم حاڵەتەدا ئاگادارکردنەوە بەهیچ شێوەیەك سودی نییە، لێرەدا هۆی دورخستنەوەی ئەو منداڵە لەگروپەکەی بەهێمنی روون بکرێتەوەو پۆزشی بۆ بهێنرێتەوە کە لەگروپەکە ناتوانێت بەردەوام بێت لەبەر رەفتاری ناپەسەندی، پێویستە ئەوەشی بۆ روونبکرێتەوە کە ئەم رەفتارەی کاریگەری نێگەتیڤانە دەکاتە سەر منداڵەکانی تری گروپەکە، پێویستیشە چارەسەرکارەکە پێی بڵێ کە ئەمجۆرە کارانە دووبارە نەکاتەوە، هەرکاتێکیش توانی ئەم رەفتارە راست بکاتەوە بۆی هەیە بگەرێتەوە ناو گروپەکە، لەمجۆرە حاڵەتانەدا باشتروایە سەرپەرشتیارییەکی تر هەبێت منداڵەکە ببات بۆ جێگایەکی تر لەوێ چالاکییە ئاساییەکانی خۆی ئەنجام بدات، کە نابێتە مایەی گرنگی پێدانو چێژ لێوەرگرتن، گەر منداڵەکە رەفتارەکانی راستکردەوەو بەرێوبەرایەتییەکە قایل بوو لەرەفتارە نوێیەکانی ئەوکات لەدانیشتنەکانی گروپەکەدا بەخێرهاتنی بکەنەوەو پیاهەڵبدەن بەرێگەی پۆزێتیڤانە نەك لەرووی ئەوەوە کە بەرەوپێشچوونی بەدەستهێناوەو رەفتارەکانی چاککردووە، بەڵکو لەرووی ئەوەوە کە هەموو گروپەکە هەست بە بەختیاریی دەکەن بەدووبارە گەرانەوەی بۆ ناوگروپەکە، بەکورتی ئەم رێگەیە کارایی‌و لێوەشاوەیی سەلماند لەگەڵ زۆرێك لەمنداڵە ئاژاوەگێراکاندا (بروانە بەشی شەشەم).

سێیەم /

سروشتییە کە چالاکییەکی دیاریکراو وەك گۆرانی وتن رەفتارێکی ناسروشتی لێبکەوێتەوە، هەتا ئەگەر منداڵەکە پێش ئەو چالاکییە لەژێر کۆنترۆڵیشدا بێت (رەنگە منداڵەکە هەموو چالاکییەك جێبەجێبکات، بەڵام بەتایبەت چالاکی گۆرانی وتن جێبەجێ ناکات) بەهەرحاڵ هێشتا هۆی روودانی ئەمکارە روون نەبۆتەوە، بەڵام پێویستە دەستبەجێ مامەڵە لەگەڵ ئەم هەڵوێستەدا بکرێت بۆئەوەی سنوورێکی بۆ دابنرێت و کار نەکاتە سەرمنداڵەکانی تر، بەشێوەیەکی گشتی کرداری راگرتنی ئەو چالاکییەی دەبێتە هۆی ئەم رەفتارە ناسروشتییە و گوێزانەوەی بۆ چالاکییەکی جیاوازتر، بەئاسانترین رێگەی پەیرەویکراو دادەنرێت لەم بارەیەوە، هەروەها گرنگی نەرمێتی لەبەرێوەبردنی گروپەکەدا دەردەخات، بەکورتی هەموو پرۆگرامێکی تایبەت بەچارەسەرکردنی رەفتاری شەرەنگێزانە لای منداڵی ئۆتیزم پێویستی بەدەستکاری راستکردنەوە هەیە هەتا نوێترینیشیان، بۆیە پێویستە سەرکردەی گروپەکە توانای وەڵامدانەوەی دەستبەجێی هەبێت بۆ هەموو ئەو هەڵوێستانەی کە لەمنداڵەکانەوە دەردەچێت.

**لیستەکە**

١☐ ئایا هەموو منداڵانی گروپەکە لەئاستی پەرەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەکانیان لەیەکدەچن؟

٢☐ ئایا تەواوکردنی بنچینەکانی شارەزاییە سەرەکییەکانی وەك باری باش دانشتن، سەیرکردن، چێژوەرگرتنت ئەنجام داوە؟

٣☐ ئایا تاکەکانی گروپەکە ئامادەن بۆ فێربوونی چەمکی رەوشت؟

٤☐ هێڵکارییەك بۆ پروگرامی دەستێوەردانی چارەسەری دروست بکە کە یاری رۆڵ بینینی تێدا بێت.

٥☐ئایا منداڵەکان سوودیان وەرگرتووە لەو کتێبانەی کە باس لەرەوشتی باش و رەوشتی خراپ دەکەن؟

٦☐ چۆن دەتوانرێت پەرەبدرێت بەیاری (هەواڵەکانی رۆژانە)؟ ئایا منداڵەکان توانییان بەگوێرەی گرنگییەکانیان، یان هەر باسی ئەو هەواڵانە یان دەکرد کە

بەتەنها بەلای خۆیانەوە گرنگ بوون؟

٧- ئایا تاکەکانی گروپەکە ئامادەییان هەیە بۆ گفتوگوکردن لەسەر هۆیەکانی پەیوەندیکردن بەو گروپەوە؟

٨- ئایا ئاگاداری تاکەکانی گروپەکە کراوەتەوە، بەکورتی لەسەر ئەو گۆڕان و ڕووداوانەی ڕوویداوە لەگەڵ هاندانیان بۆئەوەی ئەو پرسیارانە بکەن کە خۆیان دەیانەوێت؟

٩- ئایا پلانێکی دیاریکراو هەیە بۆ بەڕێوەبردنی گروپەکەو مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی ئاژاوەگێڕدا؟

١٠- بەیەکگەیشتن لەگەڵ باوکاندا ئایا باوکان هاوبەشیان پێکراوەو زانیاریی پێویستیان پێدراوە لەسەر ڕوونکردنەوەی ئەو کێشانەی منداڵەکەیان بەدەستیەوە دەناڵێنێت؟ مەودای بەرەوپێشچوونی لەچارەسەرکردنیاندا؟

## بەشی شەشەم

### دەستێوەردانی چارەسەرییانە لەقۆناغی، دوای قۆناغە درەنگانەکانی منداڵی و قۆناغی هەرزەکاریی

جێبەجێکردنی بەرنامە رێکخراوەکانی وەك بەرنامەی بەکارهێنانی کۆمەلایەتی زمانSULP ئەوەی کە (ویندی رینالدی) دایناوە (دەستەی نەتەوایەتی بۆ توێژینەوەکانی فێرکردن \نیلسۆن ١٩٩٢) لەم قۆناغەی تەمەندا زۆر بەسوودە لەچوارچێوەی کردارەکانی هەڵسەنگاندن و بەدیهێنانی ئامانجە مەودا کورتەکان و مەودا درێژەکان، پێویستە منداڵ هانبدرێت لەسەر بایەخدان بەشارەزای بەیەکگەشتن و بەردەوامی کۆمەلایەتی و کاراو مەشقکردن لەسەری و بەستنەوەی بەهەندێك هەڵویستەوە کە لەژیانی رۆژانەیاندا رووبەڕوویان دەبێتەوە، وەك رێنوێنیکردن، پرسیار لەهەستی کەسانی تر، نامە وەرگرتن و جەختکردنەوە لەسەرمافەکانی هەر تاکێك، جگە لەوەی هەتا منداڵان زیاتر پێبگەن گرنگی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەلایەتیەکان لەبواری شارەزایەکانی ژیان زۆرتر دەبێت، بەگوزارشتێکی تر پێویستە سوود وەربگرین لەخاڵە بەهێز و بێ هێزەکانی تاکەکانی هەر گروپێك، ئەمەش بۆ دروستکردنی گیانی پاڵپشتیکردنی هاوبەش، پاشان دەتوانین کێشەکان و شارەزاییە تایبەتیەکان بەگەڕبخەین، ئەوانەی کە رەنگە تووشی منداڵان بێن لەدەرەوەی پشتێنەی گروپەکە بۆ لێکۆڵینەوی ئەوەی بەکردەوە روودەدات لەژیانی راستیدا، وەك کێشەکانی دوچاربوون بەتوندوتیژی یان بەد مامەڵەکردن و چاوەڕوانیەکانی

کەسانی ترو دڵەڕاوکێو بارگرژیو ئەوانەی کە لەهەندێك هەڵویستی کۆمەڵایەتییەوە پەیدا دەبن.
گەرچی بەرنامەکانی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زمان- کە لەژێر سەرپەرشتیکردنی دەستەی نەتەوایەتی بۆ تویێژینەوەکانی فێرکردن- بەسوودن، بەشێوەیەکی تایبەت وەك چوارچێوەیەکی کارکردن لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزمی تەمەن گەورەکاندا، بەڵام بێگومان بەتەنها سەرچاوە دانانرێت بۆ ئەو بیرۆکانەی کە پەیڕەودەکرێن، بۆ چارەسەرکردنیان بڕوانە ئەو پاشکۆیانەی کە ناونیشانو زانیاریی بەسوود دەربارەی بەرنامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری لەکۆتایی ئەم کتێبەدا هەیە. بۆ زانیاریی زیاتر لەمبارەیەوە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەیت کاتێك هەر بەرنامەیەك جێبەجێ دەکەین کە پوختەی ئەو هەنگاوانە بێت کە زۆر بەسودبنو زۆر پەیوەندیداربن بەحاڵەتی منداڵەکەوە، بەمانایەکی تر نابێت دەقاودەق پەیڕەوی بەرنامەکە بکەین هەتا سوودە خوازراوەکەت دەستدەکەوێت، لەڕاستیدا دەکرێت دانیشتنی بەسوود سازبکرێت بەشێوەیەکی لەخۆوە (عفوی) ئەمەش لەڕێگەی هەندێك بارودۆخەوە کە دەوری منداڵەکەی داوە، بۆنموونە گفتوگۆی ئەزموونە ڕاستەقینەکان کە منداڵ دووچاری دەبێتو زۆر باشترو بەسوود ترە لەهەڵوێستە دروستکراوەکان، سەرباری ئەمە دەبێت کاتی تەواو تەرخان بکرێت بۆ لایەنە نێگەتیڤەکانی ژیانی منداڵەکە وەك ڕوودانی گۆڕان، شەڕکردن، قەدەغەکردن، کۆستکەوتن، هەروەها دەبێت کاتی تەواویش تەرخان بکرێت بۆ لایەنە پۆزەتیڤەکانی ژیانی وەك سەرکەوتن تەواوکردن. ئەم دوولایەنە لەبری ناوەڕۆكو واقعی ژیانی مرۆڤ لەلایەکی ترەوە ڕەخساندنی هەلی بیرکردنەوە لەهەندێك شت کە منداڵی ئۆتیزم لەبناغەدا بەهەندێ وەرناگیرێت هەتا بچووکترین بیرۆکەشی لەسەر نییە، ئەمە بۆ منداڵی ئۆتیزم هیچ سوودی نییە ئەو ئامانجەی دەمانەوێت بەدی بهێنین تارادەیەك چڕ دەبێتەوە لەفێرکردنی هەندێك لایەنی تیۆری ژیریو بیرکردنەوە گەرچی لۆژیکی نییە کە وا باوەڕ بکرێت ئەم کارە دەبێتە شیکاری چارەسەریی هەموو ڕووەکانی کەموکووری کۆمەڵایەتییەتی ئەوانەی، کە منداڵانی ئۆتیزم بەدەستیەوە دەناڵێنن، بەڵام جیاوازیەکی ڕاستەقینە ڕوودەدات لەڕێگاکانی چارەسەرکردندا بوار دەڕەخسێنێت کە بسازێت لەگەڵ

ژیانێکی باشتردا.

لەلایەکی ترەوە کاتێك لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزمدا ئیش دەکەین پێویستە هەمیشە رەچاوی ئەوە بکەین کە بایەخ بدەین بەلایەنی ژیری تایبەتی منداڵەکان، بۆ زیاتر روونکردنەوە دەبێت لەناو پرۆسەی فێرکردندا زانیارییەکان رونتربن، پێویستیشە ئەو گریمانەیەمان هەمیشە لەبەرچاو بێت کە مەرج نییە ئەوەی فێری دەبین بەتەواوەتی لێتێبگەین‌و وەریبگرین، پێویستیشە گریمانەی ئەوەمان لادروست نەبێت کە ئەمان دەتوانن پێمان بڵێن کە بەکردەوە لەچی تێنەگەیشتوون، لەزۆربەی کاتدا لەرێگەی قسەکردنەکەیان تێناگەین، پاشان پێویست ناکات لەنامە بەرواڵەت تێگەیشتوەکانی قسەکانیان کتومت تێبگەین، بۆ زیاتر رونکردنەوە ئەو رێگای قسەکردنە دەربڕی رووی ئەو کەموکوورییانەیە کە بەدەستیەوە دەناڵێنین‌و لەهەوڵدانیاندا بۆ پۆلێنکردنی ئەو کێشانەی دووچاری دەبنەوە، بەگران تێگەیشتنی قسەکانی منداڵانی ئۆتیزم لەوە دەچێت کە چۆن بەگران قسەکانی کەسانێك دەگەیەنن، کە لەشارستانیەکی جیاوازەوە هاتبن، بۆیە پێویستە بایەخێکی زۆرو ئەرکێکی زۆر بکێشین تا ئەو منداڵانە وا لێبکەین لەقسەی ئەو کەسانە تێبگەن کە قسەیان بۆ دەکەن‌و بگونجێن لەگەڵ ئەو شتانەی چاوەڕێی دەکەن.

### گوزارشتە زاراوەیی‌و نیشانەیی‌و خوازراو گاڵتەکردنەکان:

لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو راستییە بکرێتەوەو ئەوانەی بڕێکی باش تواناکانی زانیاریان هەیە ئەوانە سوود وەردەگرن لەبەکارهێنانی ئەو دەستەواژانەی وەك زاراوەکان، نیشانەکان، خوازراوەکان، گاڵتەکردنەکان، ئەمە ئەو بوارەیە کە ئاڵوگۆڕی پرۆسەی بیرو ژیری تێدا دەکرێت بەشارەزاییەك کە زگماکییەوە (زۆرتر لەوەی دەستکەوت بێت) بۆ ئەو کەسانەی لەرووی کۆمەڵایەتییەوە سروشتین، بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەستەواژەو زاراوانەی وەك (پەندی پێشینان‌و قسەی نەستەق) کە لەژیانی رۆژانە بەکاردەبرێن، سەر لەمنداڵانی ئۆتیزم دەشێوێنێت تەنانەت بۆ ئەو منداڵانەش کە بڕێکی باش توانای زانیاریان هەیە، چونکە ئەم دەستەواژانە نیشانەو مانایان وابەستەی

هەندێك شتن وەك چینەكان، فێركردن و تەمەن...هتد، ئەمانە پێویستیان بەبڕێكی باش زیرەكی هەیە منداڵانی ئۆتیزم ناتوانن وەریبگرن لەسەر ئەمەوە پێویستە ئەم دەستەواژە زاراوەییانە لەلایەنی تێگەیشتنەوە بخرێنە بەردەمی ئەم ئۆتیزمانە نەك لایەنی بەكارهێنانەوە زۆر كۆسپ و نارەحەتیان دێتە رێگە كاتێك دەیانەوێت لەچوارچێوەی قسە كۆمەڵایەتییە ئاسایەكاندا تێیان بگەن، چۆن بزانین ئەو دەستەواژەو گوزارشتانە ئێستا بەكارناهێنرێن، بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین توانای تێگەیشتنی گفتوگۆ كۆمەڵایەتییەكان باش بكەین ئەویش بەهەستكردن بەگرنگی زانینی نوێترین دەستەواژەی خوازراو وێناكراو نیشانەكراو وەك فاكتەرێك بۆ بەیەك گەیشتن و بەردەوامی لەگەڵ كەسانی تر، ئەمە جگە لەوەی ئەمانە لەو تێبینی و توانجانەدا هەیە كەسانێك رۆژانە هەڵویستە جیاوازەكاندا بەكاریدەهێنن ئەوەی خوارەوە لیستێكە بەهەندێك نموونەی ئەوجۆرە دەستەواژە خوازراوانەی كە بەشێوەیەكی بەربڵاو لەگفتوگۆ كۆمەڵایەتییەكاندا بەكاردەهێنرێت.

١- سەرشۆڕ: ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ سەرچەمانەوە بۆ خوارەوە نیشانەیە بۆ زەلیلی و سووكایەتی یان شەرمێكی زۆر بەرامبەر بەئەنجامدانی كارێكی ناپەسەند.

٢- ئەو پووشەی پشتی حوشترەكەی شكاند: ئەم دەستەواژەیە ئاماژەیە بۆ بێ ئارامی نەمانی توانا بۆ بەرگەگرتنی زۆرتر.

٣- چووە دوو توێی لەبیرچونەوەوە: ئەم دەستەواژەیە بۆ كۆتایی كارێكە یان مردنی كەسێكە.

٤- كەسێكی دەست پیسە: ئەمەش ئاماژەیە بۆ كەسێك كە ناوبانگی خراپ بێت جا لەبەرئەوە بێت كە تاوانێكی كردووە یان بەرتیلی خواردوە یان لەرێگەی نایاسایییەوە دەوڵەمەند بووە.

٥- هەستی بەكرۆكەكەی كردووە: ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو كەسە كە لەبیرۆكە یان مانای شتێك چاك تێگەیشتووە.

٦- لەغەمباریدا نوقم بووە: ئەمەش بۆ خەمۆكی كەسەكەو هەبوونی داخ و پەژارەی زۆر نوقمی كردووە لەناو بیرۆكە رەشە خەمۆكییەكاندا.

٧- رۆشنە وەك رۆشنی خۆر: ئەمەش ئاماژەیە بۆ روونی شتەکەیان رۆشنی کارەکە کە زۆر ئاشکرایە هیچ گومانێکی تێدا نییە.
٨- گریان بەسەر دۆی رژاودا: ئەمەش ئاماژەیە بۆ هەندێك کەس کە پەشیمانن‌و خەفەت دەخۆن‌و لەسەر هەڵەیەك کە بەسەریاندا تێپەڕیوە یان هەڵەیەك کە کردویانە.
نوکتەو گاڵتەکردن‌و لایەنێکی تری بەیەك گەیشتنی کۆمەڵایەتین دەکرێت لەگروپەوکەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیەکی زۆر کتێب هەیە ئەم کەرەستە خۆشانەی تێدایە بۆ ئەو منداڵانەی گەورەترن باشتروایە مانای نوکتەو گاڵتەکردنەکان بکرێتە بابەتی گفتوگۆ لەسەرکردن بۆئەوەی بتوانن تێبگەن، لەبری ئەوەی هەر بەتەنها ناوبەناو دووبارەی بکەنەوە، هەرکاتێك منداڵی ئۆتیزم توانی هەست بەوە بکات ئەوەی پێدەڵێن نوکتە یان گاڵتە، ئەوە کارلێکێکی کۆمەڵایەتییەو بەلایەوە ئاسانترە بێگوێدانە ئەو بڕەی منداڵ کە لەم بارەیەوە فێردەبێ گوزارشتی نیشانەی ماناکان لای منداڵ هەر بەزەحمەت‌و قورسی دەمێنێتەوە، بەڵام کارەکە شایەنی ئەوەیە هیلاکی فێربوونیان هەڵگرین بۆئەوەی هەندێکی لێ فێربین ئەمە باشترە لەوەی هەر هیچی لێ فێر نەبین.

## یاری ( هەواڵەکانی رۆژانە )

باشتروایە یاری هەواڵەکانی رۆژانە بەردەوام پەرەی پێبدرێت سەرباری پەرەپێدانی ئاست‌و دەستەکانی ئەو هەوڵانە ئەویش بەپێی گرنگیان پێویستە منداڵی ئۆتیزم فێر بکرێت، کە جیاوازی بکات لەنێوان هەواڵی کەسێتی‌و هەواڵی قوتابخانە، دەبێت جیاوازیش بکات لەنێوان ئەم هەواڵانە ئەو هەواڵانەی کە گرنگییە نەتەوایەتی‌و نێودەوڵەتیان هەڵگرتووە بڕی ئەو هەواڵانەی دەخرێتە بەرباس‌و گفتوگۆ لاوەکانی ئۆتیزم هانی دەدات کە بیربکەنەوە لەهەندێك کار کە لەدەرەوەی پشتێنەی بایەخدانی تایبەتی ئەمانەوە بێت بەئاگاو هۆشیاردەبن لەوەی کەچی دەبێتە مایەی بێزاری هەندێك کەس، ئەمە سەرباری ئەوەی فێردەبن چۆن درك بەهەندێك ئاماژە بکەن‌و لێی تێبگەن وەك ئەو ئاماژانەی

کە لەسەر دەموچاوی کەسانی دەوروبەرەوە دەردەکەویٚت و کاتیٚك گوێ نادەن بەو هەواڵانەی بۆیان دەگێڕنەوە تەنانەت لەهەندیٚك کاتدا کە منداڵانی ئۆتیزم لەتەلەفزیۆنەوە هەندیٚك هەواڵەکانی دزین یان رزگارکردن یان تاوانەکانی کوشتن دەبینن بەشیٚوەیەکی بەرچاو سەرنجیان رادەکیٚشیٚت، دەکریٚت سوود لەمانە وەربگیریٚت و بکریٚتە کەرەستەیەکی ناو گفتوگۆی ناو گروپەکە ئەمە یارمەتیان دەدات پەرە بدەن بەرێگاکانی بیرکردنەوە دەربارەی هەڵویستە راستییەکان کە لەبەرچاویاندا روودەدات، بەتایبەت کاتیٚك هەست بەدڵەراوکێ یان تورەبوون دەکەن.

**رەفتارە گونجاوەکان:**

ئەم بابەتە لەمەسەلە ئاڵۆزو بەیەکداچووەکانە، لەکاتیٚکدا منداڵان دەگەنە تەمەنی هەرزەکاری گرنگییەکەی زۆرتر دەبیٚت، چونکە چاوەروان دەکەن بریٚکی زۆرتر ئازادی و سەربەخۆی و هاوبەشی وەربگرن لەو ژیانە خۆشەی لاویدا بەشیٚوەیەکی گشتی ئەم بابەتە رەفتارە تایبەتەکانی هەرزەکار لەخۆدەگریٚت جگە لەرەفتاری کەسانی تر بەرامبەر ئەمانە کە لەباری ئاسایدا ئامانج هەر جەختکردنەوە نییە لەسەر تەندروستی دەروونیان بەتەنها، بەڵکو ئامانجەکە تەندروستی جەستەشیانە لەئاسایدا پیٚویستیەکانیان رەنگدانەوەی پیٚویستی کۆمەلایەتی منداڵانی سروشتیە، بەلام پیٚویستیان بەشرۆڤەکردن و ریٚبەرایەتی زۆرتر هەیە بۆ یارمەتیان لەگواستنەوە یان لەقۆناغی منداڵیەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاری، ئیٚستا دەتوانین پشتیٚنەی کارکردن لەسەر چەمکی رەوشتەکان فراوانتر بکەین بۆئەوەی هەلیان بۆ برەخسیٚنین تا ئەو گۆرانکاریانەی دەیانەویٚت جیٚبەجیٚی بکەن.

سەرباری ئەوەی باسمانکرد باشتروایە هانی ئەو ئۆتیزمانە بدریٚت کە لەکاتی گویٚزانەوەیان لەقۆناغی منداڵیەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاری واز لەهەندیٚك رەفتار بهیٚنن، بەتایبەت ئەو رەفتارانەی دەبنە هۆی ئیحراجبوون و خراپ لیٚکدانەوەیان لەلایەن کەسانی ترەوە وەك دەست لیٚدان و لەباوەشکردنی کەسیٚك بەبێ هەلاویٚردن و جیاوازیی، لەکاتیٚکدا دەتوانین بەرگەی رەفتاری

نامۆو نازدارانەی منداڵ بگرین ئەگەر ئەمانە مەترسی نەبێت بۆ کەس، بەڵام ئەم هەڵوێستە لەقۆناغی هەرزەکاریدا زۆر جیاوازە، بەهەرحاڵ هەرچەند بڵێین لەسەر وازهێنان هێشتا بەتەواوەتی ناتوانین بایەخدان بەوازهێنان چڕبکەینەوە بۆیە دەڵێین بەئەندازەو بەپێی تواناو واز لەهەندێك ڕەفتاری خراپ بهێنین کە کێشەی لێدەکەوێتەوە.

ئەم کارانە بایەخێکی زۆر گەورەی هەیە، بەڵام زۆرینەی هەرە زۆری باوکان خۆیان بێئاگا دەکەن لەتێبینیکردنی منداڵی ئۆتیزم بەشورەییو نەنگی باسی دەکرێت دەڵێن جیاوازە لەکەسانی ترو پێویستە لەقوتابخانەو لەماڵەوە وەك یەك ئەرك و کات تەرخان بکرێت، بۆ دیاریکردنی ڕەفتارە خراپەکان هەرزەکاری ئۆتیزم بەتایبەت بۆ ئەو دەستەیەی کەسانی تر کە بڕێکی پەسەندی لەتواناکانی زانیاریی لایە، بەڵام دەبێت ڕەچاوی ئەوەش بکەین ئەم ڕەفتارانە دەکرێت سەرهەڵبدەنەوە لەهەندێك کاتدا هەتا دوای چارەسەرکردنیشی وەك ئەوانەی هەستی پێدەکەن لەکاتی فشارو دڵەڕاوکێدا.

**بیرۆکەی ڕۆڵ نواندن:**

لەم قۆناغەدا ئەو منداڵەی کە پێشتر لەمنداڵیدا پەیوەندیان کردووە بەیەکێك لەگروپەکانی گەشەکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان ئەمانە زۆرتر هۆگرو ڕادێن لەسەر بیرۆکەی ڕۆڵ نواندن، ئەمەش لەرووی بیرکەوتنەوەی دەقە بەسوودەکانە لەهەڵوێستو حاڵەتی دیاریکراودا ئێستا بووە بەپێویست کە دەبێت پەرە بەم بیرۆکەیە بدرێت بۆئەوەی هەڵوێستی وردترو ئاڵۆزتر لەخۆبگرێت لەلاکەی تریشیەوە ئەو منداڵانەی کە شارەزای پێش وەختیان نییە بەگران دەسازێن لەگەڵ بیرۆکەکەدا بۆیە پێویستیان بەکەسانی ترو یارمەتی هەیە بۆئەوەی بزانن چی پێویستە لەم بارەیەوە بیکەین، بۆنموونە دەکرێت یاری خەملاندن (تخمين) پەرەی پێبدرێت گفتوگۆی بخرێتە ناو کار لەگەڵ کەسێکی تریشدا بکرێت.

لەبەرئەوەی زۆرێك لەمنداڵان شەیدای تەلەفزیۆنن بایەخی زۆری پێدەدەنو بۆ هیچ لایان گران نییە بیرۆکەی نواندنی ڕۆڵی کەسێکی تر وەربگرن، بەڵام ناوەڕۆکی

بیرۆکەکەی رۆڵ نواندن لێرەدا لەمەودوا دەردەکەوێت کە منداڵ هانبدرێت بەجێگەیاندنەکانیان پەرەپێبدەن سودی لێ وەربگرن بەجێبەجێکردنی بەسەر هەڵویستە کەسایەتییە تایبەتەکانی خۆیاندا هەتا شارەزاییان لەم چالاکەیەدا زۆرتربێت زۆرتر دەتوانن ئەو لێکدانەوەیە بکەن و ئەو هۆیانەیان بۆ رووندەکاتەوە کە لەپشت ئەگەری هەبووونی زۆرتر لەرێگەیەك هەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵویستە جیاوازەکانی ژیاندا، بەشێوەیەکی گشتی ئەم کارە یارمەتی ئەوەیان نادات کە رزگاریان بێت لەو زەحمەت و گرانیەی بەدەستیەوە دەناڵێنن، بەلاّم ئەو شڵەژانە هەمیشەییەی کەمدەکاتەوە، هەروەها بۆ رووبەروبونەوەی هەڵوێستە جیاوازەکانی ژیانیان باشترین رێگەی مامەڵەو سازانیان دەداتی.

**چەند بیرۆکەیەك لەسەر یاری ( رۆڵ نواندن )**

١- گفتوگۆو دانوستان لەناو چوارچێوەی خێزانەکەدا: ئەم بیرۆکەیە بەخاڵێکی دەسپێکی نوێ دادەنرێت لێرەدا دایك و باوکان بەشێوەیەك ژیانی هەرزەکارەکەیان رێکدەخەن ئەمەش هەلی سەربەخۆیی کەمدەکاتەوە ساکارترین نموونەش بۆ ئەمە ئارەزووی هەرزەکارەکەیە کە دەیەوێت بەشێوەیەکی نوێ قژی ببرێت ئێستا چۆن دەتوانین گفتوگۆ لەسەر ئەم کارە بکەین بەهەرحاڵ ئەو کارانەی کە دەکرێت لەناو خێزانەکەدا گفتوگۆو دانوستانی لەسەر بکرێت زۆرو هەمەجۆرن.

٢- گفتوگۆو دانوستان لەناو چوارچێوەی کۆمەڵگەدا: نموونە بۆ ئەمجۆرە گفتوگۆیە پرسیارکردنە لەسەر ئەو کەلوپەلانەی کە لەسوپەرمارکێتەدا نەخراونەتەروو، یان داواکردنی خواردنێکی ئامادەکراو لەیەکێك لەچێشتخانەکان، لێرەدا پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت ئایا ئەو وەلاّمە گونجاوە کامەیە لەکاتێکدا داواکراوەکەی بەهەڵەهێنا؟ دەتوانین زۆرێك لەم نمونانەمان دەست بکەوێت لەبەرنامەکانی بەکارهێنانی کۆمەلاّیەتی زمان ئەوەی کە دەزگای نەتەوایەتی بۆ توێژینەوەی فێربوون دایناوە.

٣- خۆش دویی-المجاملە- یان ئەوەی پێدەوترێت درۆی سپی:

لەباری ئاسایدا توشبووان بەئۆتیزم ناتوانن درۆبکەن بۆیە راستگۆیی و راشکاویان بوەتە مایەی زۆرێك لەو زەحمەت و گرانیەی کە رووبەروویان دەبێتەوە هیچ

پاڵنەرێکی زگماکیان نییە (خۆرسك) کە وایان لێبکات راستییەکان بشارنەوە، بۆیە زۆرێك هەڵویستی نوکتەئامێزو پێکەنین لەم ئۆتیزمانەوە دەردەچێتو ئەویش لەئەنجامی ئەو توانجو پێکەنینانەیەوە کە دەریدەبڕن، بۆنموونە یەکێك لەقوتابیەکان توانج لەمامۆستاکەی بدات پاش کۆتایی وانەکانی کە زۆر ماندووبوەو پێیبڵێن تۆ دیمەنێکی ناشرینت هەیە بەهەرحاڵ دەتوانێت لەسەر ئەو دەقانەی کە لەبەشی پێنجەمدا باسکرا سوود وەربگرن بۆ دانانی هەندێك سیناریۆ بۆ ئەم مەبەستە.

٤- پیشاندانی هەستکردن بەسۆزو گرنگیپێدان: بەشێوەیەکی گشتی چاوەروان ناکرێت لەتوشبووانی ئۆتیزم کە بەشێوەیەکی سروشتی گونجاو لەهەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا ئەم هەستکردنە دەربڕن، لەراستیدا رەنگە پێچەوانەکەی راست بێت، بۆنموونە رەنگە لەئەنجامی بایەخدان یان دڵەراوکی دەربارەی کێشەی کەسێك وەك نەخۆش بێت یان مردبێت، زۆر پرسیار دووبارە بکاتەوە لەسەر حاڵو ئەحواڵی ئەمەش هەڵوێستەکە ئاڵۆز دەکات قەبارەیەکی گەورەتری دەداتێ هەرچەندە کە کەسەکە بەنیاز پاکیەوە دەپرسێت، بۆیە باشتروایە ئەم کەسانە فێربکرێن کە چۆن گوزارشت لەم هەستانە دەکەن لەسەرەتا رەنگە لەرێی گفتوگۆوە بێت لەسەر بزربونی ئاژەڵێکی ماڵی، بۆنموونە رێگاکانی رەچاوکردنی خەمباریو هەستەوەری کەسانی دەوروبەر، بەشێوەیەکی گشتی توشبووان بەئۆتیزم دەتوانن هەستکردن بەسۆز دەربڕن هەتا ئەگەر لەناوەوە خۆشیان بەکردار هەستی پێنەکەن، نموونەی ئەو هەڵوێستانەی دەکرێت مەشقی لەسەر بکرێت لەسەر دڵدانەوەی منداڵێکی هاورێی کە دەگری یان بانگهێشتکردنی کەسێك کە تازە هاتبێتە گروپەکەوە کە هاوبەشی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

٥- جەختکردنەوەو پێداگرتن: بیرۆکەی (رۆڵ نواندن) بەهۆیەکی نموونەیی دادەنرێت بۆ مەشقکردن لەسەر هەندێك شارەزایی وەك وەسفو پیاهەڵدان، خۆش دویی، لایەنگریکردنی بیرۆکەیەك، پێدانی پێشنیاز لەسەر بابەتێك، رەتکردنەوە شکایەتکردن داوی روونکردنەوەی کارێك، پۆزش هێناوە بۆ کارێکی تر، کە چارەسەر کارەکە هەستی کرد تاکەکانی گروپەکە هەست دەکەن باوەریان بەخۆیان هەیە دەتوانن سودوەربگرن بەتۆمارکردنی ئەوەی روودەدات لەسەر

کاسێتی ڤیدیۆ بۆئەوەی یارمەتیان بدات بۆ هەڵسەنگاندنی بەجێگەیاندنە تایبەتەکان هەتا چۆنیەتی کاروبارە گۆڕاوە گونجاوەکان فێربن.
بەکورتی ئەگەر منداڵەکە نەیتوانی خۆی بسازێنێت لەگەڵ چالاکی رۆڵبینیندا، دەکرێت حەواڵەی یاری رۆڵ گۆڕینەوە بکرێت، بۆنموونە جێبەجێکردنی کرداری پیاهەڵدان و خۆش دویی لەسەر ئاستی تیۆری ئاسان بەسەر دانیشتنێکی تاکەکانی گروپەکە بکەین، تاکەکانی گروپەکە لەشێوەی بازنە دادەنیشن پاشان داوا لەمنداڵەکان دەکرێت کە هەریەکەیان توانجێك یان تانەیەك بدات لەدیمەنی هاورێکەی خۆی یان لەسەر جلوبەرگەکەی یان لەسەر شارەزایەکانی یان هەر لایەنێکی تری کەسایەتیەکەی.

## پێگەیشتن: چۆنیەتی فێربوونی بڕیاردان:

ئەم لایەنەی کاری گروپەکە وابەستەی کاری بەدەستهێنانی شارەزایەکانی ژیانە بۆیە ئەمە دەخرێتە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنەوە، بۆنموونە لەبەریتانیا ئەم بابەتانە دەخرێتە ناو پرۆگرامە نەتەوایەتیەکانی خوێندنەوەو وەك بەشێك لەکەرەستەکانی فێرکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی گشتی، ئەم کارە هەل دەرەخسێنێت بۆ جێبەجێکردنی زۆرێك لەچالاکی خۆش لەکاتی وتنەوەی رێگەو هۆیە باشەکانەوە بۆ پێگەیشتن و هاوبەشیکردن لەژیانی هەرزەکاراندا، لەزۆرینەی جارەکاندا هەستی ئەو باوکانەی منداڵی ئۆتیزمیان هەیە تێکەڵاو دەبن بەتایبەتی کە منداڵەکانیان نزیك دەبێتەوە لەقۆناغی هەرزەکاری، لێرەدا پەسەندکردنی منداڵێکی پەککەوتویان توشبوو بەنەخۆشی لەمجۆرە تەواو جیاوازە لەپەسەندکردنی گەنجێك کە هەمان پەککەوتن و توشبوونی هەبێت، بەسروشتی حاڵ رەنگە ئەم راستییە دەرگا بکاتەوە بۆ هەستکردن بەبێ هیوایی و خەمباری و شکستخواردویی، ئەمانەش پێشتر کەمێك دامرکاونەتەوە، بۆیە هەندێجار باوکان ئاوات دەخوازن کە ماوەی منداڵی رۆڵەکانیان درێژتر بێتەوە، بۆیە دەیانینین هەل نادەنە کورەکانیان یان کچەکانیان بەشێوەیەك دەربکەون کە نیشانە بێت بۆ پێگەیشتن و کامڵبوون، ئەم کارە بەشێوەیەکی روونتر لەهەڵبژاردنی جلوبەرگدا دەردەکەوێت، بۆنموونە پێویستە دایك و باوکان دەست وەرنەدەنە ئارەزووی کورەکانیان یان کچەکانیان و

پەلپ نەگرن لەسەر شێوەی گۆڕینی جلوبەرگەکانیان، بۆئەوەی جلوبەرگێك لەبەر بکەن بگونجێت لەگەڵ تەمەنیان لەگەڵ نوێترین مۆدەدا، باشتروایە باوکان واپیشان بدەن کە بەختیار دەبن کە لەگەڵ رۆڵەکانیان بچن بۆ جلوبەرگ کرین و هاوبەشیان بکەن لەهەڵبژاردنیاندا لەهەر کەتەلۆکێکەوە بێت، نەك بێزاری دەربڕن دەربارەیان، لەهەموو حاڵەتێکدا ئامانجەکە لێرەدا ئەمەیە فێربکرێن (چۆن بریارو رای گونجاو دەدەن).

لەو فاکتەرانەی تر کە دەتوانرێت لەرێگەیانەو هەڵسەنگاندن بۆ رەفتارەکانی ئەو هەرزەکارە ئۆتیزمە بکرێت ئەو فاکتەرانەیە کە هانیاندەدات بۆ هەڵبژاردنی دیاری بۆ ئەندامانی خێزانەکە یان برادەرەکانیان یان هاورێکانی لەگروپەکەدا، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین ئەم مەشقکردنانە بەگەڵێك شێوە جێبەجێبکەین وەك گەران بەناو دوکان و بازارەکاندا یان جێبەجێکردنی هەندێك یاری و پلانکاری لەوانە:

١- بەکارهێنانی کتێبە بچووکەکان و کرین بەهۆی پۆستەوەو برینی وێنەی ئەو جلوبەرگانەی کە گونجاوە بۆ دەستە جیاوازەکانی تەمەن و کەسەکان وەك داپیرەو باپیرە، دایك و باوك، هاوری و منداڵی شیرەخۆرە، دەتوانین پێشرەوی بکەین لەم مەشقەدا ئەویش بەهەڵبژاردنی کۆمەڵێك دیاری بۆ هاورێکانی گروپەکەی دەبێت رەچاوی ئەوەش بکرێت کە هەریەکەیان حەز لەچی دەکات.

٢- بەکارهێنانی جارێکی تری وێنەکان، بۆنموونە گریمان بابەتی چوون بۆ گەشتێك کە هەفتەیەك بخایەنێت خرایە بەرباس و گفتوگۆ ئەگەر ئەم پرسیارە کرا چۆن وەڵام دەدەیتەوە (ئەو شتانە کامانەن کە لەجانتای سەفەرەکەتدا دایدەنێت؟)

٣- هەڵبژاردنی جلوبەرگی گونجاو بۆ بۆنەو ئاهەنگەکان و بۆ حاڵەتە جیاوازەکانی تریش.

٤- بەلاتەوە کام دوکانە باشە جلوبەرگی لێبکریت، کام کتێبانە، یان کام کەرەستەیە، کەرەستەی رازاندنەوە یان کام یاریانەت بەلاوە باشە؟

٥- سەردانی دەرمانخانەیەکی نزیك بکە، سێ شت هەڵبژێرە کە کوران یان کچان بەلایانەوە باشە بەکاریبهێنن وەك، بۆن برە، تاقمی ریشتاشین، عەتر شامپۆ، چیت پێ باشە بۆ خۆتی بکریت.

٦- هەڵبژاردنی شوێنێك بۆ چا خواردنەوە یان بۆ ئایسکرێم یان بۆ سەندویچ خواردن.
٧- ناسینەوەی پێگەی بەشی پۆلیس و وێستگەکانی پاس و نوسینگەی پۆستو کابینەکانی تەلەفونە گشتییەکانی تر.
٨- مەشقکردن لەسەر بەکارهێنانی کابینە گشتییەکانی تەلەفون بەجێهێشتن و وەرگرتنی نامە.
٩- ناسینەوەی ڕێگاو شەقامەکان و چۆنیەتی گەیشتن بۆ هەندێك شوێن.
١٠- یاری (شتە باشەکان)، بۆنموونە کە باس دەکرێت لەسەر تیپەکانی تۆپی پێ، خواردنەکان، ئەو وڵاتانەی دەتەوێت سەردانیان بکەی، تیپەکانی موزیك، فیلمە ڤیدۆیەکان، بەرنامەکانی تەلەفزیون، تۆو هاوڕێکانی گروپەکەت کامتان بەلاوە باشە، دەکرێت ئەم مەشقە دەستکاری بکرێت بۆئەوەی بگونجێت لەگەڵ منداڵانی ئۆتیزم قۆناغی درەنگی منداڵی.
١١- یاری (چی دەکەیت) گەر ئەم یاریە خاڵێکی دەستپێکی باشە بۆ ناسینەوەی هەندێك هەڵوێست و بیرکردنەوە لەڕێگەی جیاواز بۆ مامەڵەکردن لەگەڵیدا دەکرێت، ئەم هەڵوێستانە لەڕێگەی وێنەی ناو گۆڤارەکان زنجیرە تەلەفزوێنیەکانەوە بخرێتەڕوو، یان ئەوانە بێت کە بەڕاستی و بەکردار ڕوودەدەن، (چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێن) لەپاشکۆی (ب) هەیە بەکورتی هەموو ئەو چالاکیانەی باسکرا هانی لاوەکانی ئۆتیزم دەدات کە زیاتر بەئاگابن لەوانەی دەورەیداون و بەرەوپێش بچن لەبەدەستهێنانی بڕێکی زۆرتری ئازادی و سەربەخۆی لەکەسانی تر.

سەرباری ئەوانەی باسکرا، لەم قۆناغەدا بەسوودە منداڵانی ئۆتیزم بخرێنە یەکێك لەقوتابخانە دواناوەندیەکانەوە بۆئەوەی هاوبەشی بکەن لەیەکێك لەبەرنامەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەوان لەم قوتابخانانەدا تەنها ئەوانە نابینن کە بەئۆتیزم توشبوون کە وەك خۆیانن، ڕەنگە کەسانی تریش ببینن کە تووشبون بەهەندێك کەموکووری تایبەتیەوە ئەمەش یارمەتیان دەدات هەتا ئاسۆو پێشینەی زانیارییەکانیان فرواوانتر بێت، لەلایەکی ترەوە زۆرێك لەبەرپرسەکان بەخێرهاتنی ئەمانە دەکەن و پاڵپشتی لەوانە دەکەن کە خاوەن پێداویستی فێرکاری تایبەتن. (SENCOs) پێخۆشحاڵن بەو هەلەی بۆیان ڕەخساوە

کە هاوبەشی بکەن لەچارەسەرکردنی ئەمجۆرە کەسانەدا، بۆ ئەو منداڵانەی کە پەیوەندیان کردووە بەو قوتابخانانەی کە تایبەتن بەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان سەردانی هەفتانەیان بۆ ڕێکدەخرێت بۆ یەکێك لەو خوێندنگە ئاساییانە، ئەمەش وەك ڕێگەیەکی پەیرەویکراو لەجێبەجێکردنی ئەمکارەدا بەهەمان شێوەش منداڵانی خوێندنگە ئاساییەکان هەندێك کات لەژینگەیەکی بچووکتردا کات بەسەر دەبەن یان لەژینگەیەکدا، کە زۆر تایبەتمەندی هەبێت، وەك ژینگەی ئەو قوتابخانانەی کە تایبەتن بەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.
لەگەڵ زۆربوونی سەربەخۆیو تایبەتمەندێتی ئەوکات سەلامەتی کەسیی یان تایبەتی سەریهەڵدا ئەمە پەیوەندی تایبەتی هەیە بەو تاکانەی کە شارەزاییان کەمە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمانە ناتوانن کەسایەتیەکان هەڵبسەنگێنن پاڵنەرەکانیان بزانن، بەدڵنیایەوە کە لەگەڵ ئەو جیهانەی دەوریداون مامەڵە دەکەن زۆرتر دووچاری مەترسی دەبنەوە ئەگەرچی ئەم بابەتە گرنگە، بەڵام ئەم کتێبە تایبەت نەکراوە بەو یاسایانە، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین کە دەبێت منداڵ ڕێگەی تایبەتی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڵوێستە گرانەکاندا، لێرەدا جەخت دەکەینەوە لەسەر سوودەکانی بیرۆکەی ڕۆڵ نواندن بۆ فێرکردنی ئەو منداڵانە کە چۆن هەڵوێستە ناپەسەندەکان ڕەتبکەنەوە، گەورەکان ئاگادار بکەنەوە لەو ڕووداوانەی کە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ بۆیان.
پوختەی قسەکان ئەوەیە، ڕزگاربوون لەڕووەکانی کەموکووری کۆمەڵایەتی ئەوەی منداڵی ئوتیزم بەدەستیەوە دەناڵێنێت بەهەرشێوەیەك بێت، بەڵام دەتوانرێت بەشێوەیەکی ئاسان و ساکار چارەسەر بکرێت، ئەویش لەڕێگەی مامەڵەکردنی ڕێکوپێك و پەرەپێدراو لەگەڵ ئەو هەڵوێستانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەڕێگەی کارکردن لەناو گروپەکەدا، ئەو منداڵانە دەتوانن بسازێن لەگەڵ گاڵتەکردن و ئەو قسە هیچوپوچ و بێ بایەخانەی کەسانی تر، دەبێت لاوی ئوتیزم زانیاریی هەبێت سەبارەت بەخۆی و هەڵسوکەتکردن و دزێوی ئەو پێگەیشتوانەی دەوریان داوە، ئەبێت ئەوەش ببەسرێتەوە بەو هەستەوە گەر کارەکانی نەخوازراوانە بەڕێوەچوون، هەڵەکە لەمانەوە نییە بەڵکو لەکەسە پێگەیشتووەکانەوەیە.

لیستەکە:

١- لەکاتی ڕێکخستنی دانیشتەکاندا ڕەچاوی ئاستی زانیاریی تاکەکانی گروپەکە بکە.

٢- ئایا دەتوانرێت هەرکام لەبەرنامەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییە ناسراوەکانی وەك (بەرنامەی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زمان) جێبەجێبکرێن بەسەر گروپەکەدا؟

٣- ئایا هیچ کێشەیەکی تایبەت هەیە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵەکەداو دەتوانرێت کاری لەسەربکرێت بۆ چارەسەرکردنی؟

٤- ڕەفتارە ناپەسەندەکانی تاکەکانی گروپەکە دیاری بکەو بیانخەرە بەرباس و گفتوگۆ.

٥- چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەچۆنیەتی ڕۆڵ نواندن بەشێوەیەکی کارا لەناو گروپەکەدا ڕێکبخە.

٦- بڕۆ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر شارەزاییەکانی ژیان، ئەو لایەنانە کامانەن کە پێویستە بخرێنەڕوو؟ لێرەدا باشترە پەیوەندی بکرێت بەباوکان و ئەوانەی لەو قوتابخانەیەدان کە منداڵەکەی تێدایە.

٧- بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆ لەسەر کەموکوورییەکانی کۆمەڵگە بکە وەك دڵڕەقی، بەرگەنەگرتنی کەسانی تر، بێ ئابڕوویی.

٨- هەوڵبدە پیلانێك بۆ پەرەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان دابنێیت بۆنموونە بۆ یەکێك لەساڵەکانی خوێندن.

١- وەرزی یەکەمی خوێندن: کارکردن لەسەر ڕوونکردنەوەی هەستەکان، حاڵەتە جیاوازەکان هۆش و زمانی و جەستە..هتد

٢- وەرزی دووەمی خوێندن: کارکردن لەسەر ڕوونکردنەوەی مانای وشەکان وەك دەربڕینە خوازراوەکان، نیشانەکان، گاڵتەکردنەکان.

٣- مەشقکردن لەسەر شارەزاییەکانی ژیان لەناو کۆمەڵگەدا.

# بەشی حەوتەم

## هەندێك لایەنی کرداری بۆ بەڕێوەبردنی گروپەکانی گەشەکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان

کاتێك تاکەکانی گروپەکە کۆدەکرێنەوە دەست بەکارکردن دەکرێت پێویستە جۆرێك لەعەفەویەت (لەخۆوەیی) هەبێت لەسودوەرگرتن لەهەندێك هەڵوێستی ڕاستەوخۆ دوای سەرهەڵدانی، پێش ئەم کارە پێویستە کاتی تەواو بۆ پلانرێژیو ئامادەسازی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم گروپە تەرخان بکرێت، بەتایبەت کاتێك کار دەکرێت لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە پەیوەندیان نەکردووە بەیەکێك لەقوتابخانەکانی تایبەت بەخاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، گریمان مەشقکردن لەسەر ئەم شارەزاییە کۆمەڵایەتیانە لەناو ئەم قوتابخانانەدا بەشێکن لەپرۆگرامەکانی گشتی خوێندن، ئەوکات هیچ پێویست ناکات سازدانو ئامادەسازی تایبەتی بۆ بکرێت.

**شوێنی سازدانی دانیشتنەکانی گروپەکە:**

ئایا شوێنی گونجاو بۆ سازدانی دانیشتنی گروپەکان دیاریکراوە؟ بۆ ڕوونکردنەوە دەبێت زیاتر ڕەچاوی ڕووبەری ژورەکە بکرێت کە دانیشتنەکانی تێدا سازدەکرێت، سەرباری کەلوپەلو ئەو توانایانەی کە دەگونجێت بۆ هەریەك لەمنداڵانو باوکان هەموو ئەو بەرپرسانەی چاودێریان دەکەن، هەروەها دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە ژووری چاوەڕوانکردنەکەی باوکان بگونجێت لەگەڵ

سروشتی کارەکەدا، هەروەها دەبێت رەچاوی ئاسانی هاتووچۆی گشتی بکرێت لەشوێنی نیشتەجێبونیەوە بۆ شوێنی گروپەکە، باشتروایە شوێنی سازدانی دانیشتنەکان لەنۆرینگە خۆجیەکان و سەنتەرە تەندروستییەکاندا نەبێت. سازدانی ئەم دانیشتنانە لەدایەنگاو قوتابخانەوسەنتەرەکانی کۆبونەوەی خێزانیەکاندا باشترە.

نموونەکانی ئەیامە نووسراوەکان:

لەتێروانینی ئەو بەرنامانەی کە دانراوە بۆ گروپەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ قۆناغی پێشچوونە قوتابخانە نائاسایی و ئاساییەکان، بۆمان دەردەکەوێت کە پێویستە سیستمێکی سەرچاوەیی بنەرەتی هەبێت بۆ کارکردن لەسەر دیاریکردنی ئەوانەی سودمەند دەبن لەمجۆرە بەرنامانە، بەهەرحاڵ لەپاشکۆی (أ) دا نموونەیەکی سەرچاوەیی هەیە نموونەی یەکەم ئاستەکانی کارکردن دیاریدەکات وەك یەکێك لەمەرجە سەرەکیەکانی چوونە ناو گروپەکە، دەتوانین سوود لەم نموونەیە وەربگرین و دەستکاریشی بکەین بۆ ئەوەی بیگونجێنین لەگەڵ ئەو بارودۆخەی تێیدا بەکاریدەهێنین، هەرکات ئەو ئامادەسازییەی کە پەیوەندی بەگروپەکەوە هەیە تەواوبوو و ئەو منداڵانەمان هەڵبژارد کە گونجاون و پاڵێوراون بۆ پەیوەندیکردن بەگروپەکەوە ئەوکاتە پێویستە پەیوەندی بەباوکانەوە یان بەو کەسانەی بەرپرسن لەچاودێریکردنی منداڵەکە بکرێت، نەك هەر بۆ دیاریکردنی کاتەکان یان گەیشتن بەرێکەوتنێکی گونجاو، بەڵکو بۆ واژۆکردن لەسەر هەندێك گرێبەست کە باوکان پابەند دەکات بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە دەکەوێتە ئەستۆیان، لەراستیدا گەر باوکان ئەمجۆرە بەڵێننامانە واژو نەکەن ئەوکات ئەمجۆرە بەرنامانەی دەستێوەردانی چارەسەری هیچ سودێکی نابێت، لەسەرەتادا ئەرکی روونکردنەوەی ئەم کارانە دەکەوێتە سەرشانی ئەوانەی رێکی دەخەن، دواتر کە باوکان رێکەوتن لەسەر شوێنی گروپەکە و ئەو توانایانەی کە گروپەکە دەتوانێت دەستەبەری بکات، ئیتر پێویست دەکات پابەندی ئەو رۆڵە بن کە لێیان داواکراوە، ئەویش لەرێگەی ئامادەبوونی دانیشتنەکانی باوکان، جەختکردنەوە لەسەر ئامادەبوونی

منداڵەکانیان لەهەموو دانیشتنەکانی گەشەپێدانی شارەزایەکان لەهەموو هەفتەیەکدا (بڕوانە نموونەی دووەم پاشکۆی (أ) بۆ زیاتر زانیاریی لەمبارەیەوە ئەمە ڕێکەوتنامەیەکی تێدایە دەربارەی تۆمارکردنی دانیشتنەکانی گروپەکە لەسەر کاسێتی ڤیدۆ).

لەلایەکی ترەوە بۆ هەڵسەنگاندنی مەودای لێهاتوویی گروپەکە، بەدەستهێنانی هەڵسەنگاندنێکی دەستبەجێ لەسەر حاڵەتی منداڵەکەو چاودێریکردنی مەودای پێشکەوتنی لەناو گروپەکەدا، لەو کارە سەرەکییانەیە کە پێویستە ئاگاداربین لێیو دەبێت ئەم هەڵسەنگاندنە لەدانیشتنە یەکەمیەکانو لەدانیشتنە کۆتاییەکانیشدا ئەنجام بدرێن، ئەمە سەرباری بەدواداچوونی حاڵەتەکە لەمەودای دووردا دەتوانین ئەم هەڵسەنگاندنە بکەینە تۆمارێك بۆ هەر منداڵێك، دەکرێت تێبینیەکان تۆمار بکەین بەدرێژایی ماوەی سازدانی دانیشتنەکان (نموونەی پێنجەم) ئەم نموونەیە بەشێوەیەکی سادەو ساکار ڕێکخراوەو ئەو فشارەی دەکەوێتە سەر بەڕێوەبەرێتی گروپەکەو کرداری تۆمارکردنی تێبینیەکان دەربارەی بەرەوپێشچوونی منداڵەکان ناڕاستو ناکردەوەیە، بۆیە وەك ڕێگەیەکی ئەڵتەرناتیف دەکرێت پلانەکانی دانیشتنە هەفتەییەکان کۆپی بکرێتو دواتر بەکاربێت بۆ تۆمارکردنی وەڵامدانەوەی تاکە تاکەی منداڵەکان لەسەر چالاکییە جیاوازەکان.

لەلایەکی ترەوە دەبێت نموونەی هەڵسەنگاندن بۆ باوکانیش بکرێتو بەسەریاندا دابەشبکرێت، لەونمونانەدا تێبینیەکانی خۆیان دەربارەی ئەو زەحمەتو گرانیەی ڕووبەڕووی منداڵەکان دەبێتەوە ڕوونیدەکەنەوە ئەو پێشنیازانەشی تێدا ڕووندەکەنەوە، کە تایبەتن بەچارەسەرکردنیان لەناو کۆمەڵەکەدا، (نموونەی چوارەم) لەدانیشتنی کۆتاییدا دەکرێت باوکان هەڵسەنگاندنەکان دووبارە بکەنەوەو ڕەچاوی هەر گۆڕانێك بکەن کە بەسەر منداڵەکەیاندا هاتووە جا (بەرەو باشە بێت یان بەرەو خراپە) (نموونەی شەشەم) هەندێك لەباوکان لەبەر هەندێك هۆی تایبەت واژۆ ناکەن لەسەر ئەم تۆمارانە، نموونەیەکی تریش هەیە پسپۆڕان بەکاریدەهێنن بۆ کۆمێنتدان لەسەر هەر گۆڕانێك یان هەر بەرەوپێشچونێکی بەرچاو کە بەسەر منداڵکەدا هاتبێت.

(نموونەی حەوتەم) بەکورتی هەموو ئەو نمونانەی خراونەتەڕوو چوار چێوەیەکی کارکردن دەستەبەر دەکەن بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاریی پێویست بۆ پێوانەکردنی ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتووە، بەڵام ئەم نمونانەی ناگونجێن بۆ پرۆسەی هەڵسەنگاندنی ئەو ئۆتیزمانەی لەقۆناغی دواناوەندیدان.

## بەکارهێنانی کاسێتەکانی ڤیدۆ

پێویستە زۆر بەئاگابین لەمەبەستەکانی بەکارهێنانی کرداری تۆمارکردنی دانیشتنەکان لەسەر کاسێتی ڤیدۆ، ئەم کردارە بۆ منداڵە بچووکەکان ئێجگار بەسوودە بۆ مەبەستی چاودێری و مەودای بەرەوپێشچوونی منداڵەکە، هەروەها دەتوانین ئەم کاسێتانە بەکاربهێنین بۆ روونکردنەوەی ئەو رێگەیانەی کە ئاماژە دەکەن بۆ ئەو رەفتارانەی کە پێویستە پەیڕەویان لێبکرێت، بۆ ئەو باوکانەشی لەدانیشتنەکەدا ئامادە نابن دەتوانن لەڕێگەی ئەو کاسێتانەوە ئەو رووداوانەی ئەو دانیشتنانە ببینن کە ئامادە نەبوون، ئەمە سەرباری ئەوەی چالاکییەکانی منداڵەکانیشیان لەناو گروپەکەدا دەبینن، ئەم کاسێتانە بەشێوەیەکی گشتی دەبنە ئامرازێکی مەشقکردنی باش بۆ پسپۆڕان بۆ روونکردنەوەی بەهاوگرنگی گروپەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان.

بەڵام بۆ منداڵانی تەمەن گەورەتر دەکرێت لەڕێگەی ئەم کاسێتە ڤیدۆیانەوە هانبدرێن بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو کارانەی بەجێیان گەیاندووە، هەروەها شارەزایی پەیدا دەکەن لەسەر بەکارهێنانی کامێراو وێنەگرتن، لەوانەیە پێیان خۆش بێت نواندن بکەن بۆ هەندێك سیناریۆ لەیاری (رۆڵ بینیندا) فەرمان و رای باش بدەن لەسەر رووەکانی کەموکوڕییەکانی خۆیان و هاورێکانیان. دەتوانن سوود لەو کامێرایانە وەربگرن بۆ کارکردن لەسەر هەندێك فیلمی سادەو ساکار دەربارەی هەندێك بابەت کە لەدانیشتنەکاندا دەخرێنە بەرباس و گفتوگۆ، یان هەندێك لەو بابەتانەی کە جێگەی بایەخپێدانی هەندێك منداڵن، بۆنموونە دەتوانن فیلمێك دەربکەن لەسەر ئامادەسازی بۆ رووداوێکی دیاریکراو وەك ئەوەی سەیرانێك یان گەشتێکی قوتابیان بێت هەتا ژیانی رۆژانەی ناوماڵ بێت یان لەسەر ئەو ئاژەڵەماڵیانەی، کە منداڵ هەیانە. لەڕاستیدا دەتوانین سوود لەزۆر شت وەربگرین بۆ ئەم مەبەستە.

**دەرامەتە مرۆییەکان:**

لەبەشی سێیەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان کرد بۆ ڕێژەی پێگەیشتوان و منداڵان لەبەڕێوەبردنی گروپەکاندا، چۆنیەتی جیاوازیی ئەم کارە بەگوێرەی تەمەن و پێداویستی هەندێك منداڵ پێویستە، جۆرو مەودای هەر زانیارییەك لەباوکانەوە وەردەگرین و لەسەر ژمارەی ئەو پسپۆڕانەی کە پێویستە دابینبکرێن بەهەند وەربگیرێت بەشێوەیەکی پێویست قوتابیان و یاریدەدەران ڕۆڵێکی زیندوو دەبینن لەبەڕێوەبردنی گروپەکاندا، بەڵام نابێت ئەم کارە یەکەمێتی بدرێتێ لەسەر دەستەبەرکردنی ڕێبەری پاڵپشتی بۆ باوکان. گەرچی بەرنامەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان بە بەرنامەیەکی ئاراستەکاری دادەنێن، بەڵام نابێت ئەوانەی گروپەکان بەڕێوەدەبەن هەر بەتەنها توانای ئەوەیان هەبێت سەرنجی منداڵان بەلای خۆیاندا رابکێشن، بەڵکو دەبێت هەستی شەشەمیان هەبێت و درك بەو ڕێگەیانە بکەن کە بێسوودن لەچارەسەرکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو منداڵانەدا، واتە دەبێت ئەو بەرپرسانەی توانای ئەوەیان هەبێت کە بگوێزنەوە بۆ ئەو چالاکییە جیاوازانەی دەگونجێن لەگەڵ ناوەرۆکی دانیشتنەکاندا، لەزۆرینەی جارەکاندا وەڵامدانەوەکانی منداڵ باشترە بۆ ئەو بەرپرسانە کە شارەزایی باشیان هەیە لەبەجێگەیاندنی کارەکانیان، ئەو بەرپرسانەی دەتوانن ماناکان و هەستەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ڕاستەخۆ بگەیەننە منداڵەکان و بەسودتریشە بۆ بەرپرسانی بەڕێوەبردنی گروپەکە کە پێشەکی بڕیار بدەن کێ دەبێتە بەرپرسی گروپەکە و چالاکییەکانی ئێستاکە، ئەمە ئەوە دەرەخسێنێت بۆ منداڵەکان کە بیرۆکەی باشیان لا دروست بێت لەسەر ئەو کەسەی کە دەبێت هۆش و ئاگاییان لەسەر ئەو چڕبکەنەوە، هەروەها ئەوەش دەرەخسێنێت، بۆیە بەرپرسەکان کە بەشێوەیەکی باشتر بایەخ بە تێبینیەکان و تۆمارکردنی زانیارییەکان بدەن لەسەر وەڵامدانەوەکانی منداڵان لەحاڵەتی پەنابردنە بەر باوکان کە ببنە یاریدەدەر یان چاودێر لەناو گروپەکەدا، هەندێك دەبێت زۆرباش ئاگایان لەدانانی هێڵە ڕێبەرییە ڕوونەکان بێت بۆ بری ئەو هاوبەشیکردنە، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، باوکان بەلایانەوە گرانە دەست وەرنەدەنە کاری گروپەکە، جا بۆ سەرزەنشتی منداڵەکە بێت یان

بۆ هاندانی –لەسەر ئەمەوە پێویستە باوکان ئامۆژگاری بکرێن لەکاتی سازدانی دانیشتنەکاندا واز لەرۆڵی خۆیان بهێنن، ئەمەش بۆئەوەیە کە بوار بڕەخسێت بۆ بەرپرسان لەبەڕێوەبردندا هەتا کۆنترۆڵی رەفتاری منداڵەکانیان بکەن، چونکە چاوەڕوان دەکرێت هەندێك منداڵ بەهۆی ئامادەبوونی باوکیانەوە لاساری بکەن.

رەنگە واباشتر بێت باوکان هاوبەشی نەکەن لەدانیشتنەکانی منداڵە گەورەترەکاندا بۆئەوەی چەمکی پشت بەخۆبەستن زاڵ بێت لەناوگروپەکەدا، گەرچی هەندێك باوك بەگران ئەوەی پێ قبوڵ دەکرێت وای دادەنێن دوردەخرێنەوە لەکارەکانیان، بۆیە باشتروایە بۆیان روونبکرێتەوە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی سروشتی هەندێك چالاکی تێدایە کە باوکان هیچ رۆڵێکی تێدا نابینن، بەلام لەزۆرینەی جاردا سەرنجی ئەوە دەدرێت باوکی زۆرێك لەو پەککەوتوانەی بەزەحمەت واز لەمنداڵەکانیان دەهێنن، چونکە دەیانپارێزنو دەجەنگن لەپێناو بەدەستهێنانی ئەو شتانەی کە منداڵەکانیان پێویستیان پێیانە بۆماوەی چەند ساڵێك دەیکەن، بۆیە دەیانبینین راهاتوون لەڕێکخستنی ژیانی ئەو منداڵانەی بەپلەیەك کە منداڵی ئاسایی بەرگەی ئەوە ناگرێت، بەهەرحاڵ دەبێت باوکان ئاگادار بکرێن، کە چی شتێك لەدانیشتنەکاندا دەگوزەرێت، چونکە باوکان یارمەتی کچەکانیان یان کوڕەکانیان دەدەن، لەبەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ماڵەوەیاندا، دەکرێت سود وەربگرین لەکۆپیکردنی هێڵکاری دانیشتەکان، بۆئەوەی باوکانیش لەگەڵ چارەسەرکارەکاندا بەیەکەوە لەو وێنانەدا دابنرێت، چونکە باوکان تەنها پێویستیان بەوە نییە بزانن ئەو چالاکییانە کامانەن کە منداڵەکانیان ئەنجامیان دەدەن، بەڵکو پێویسیشیان بەوە هەیە بزانن مەبەست لەو چالاکیانە چییە، بۆنموونە پێویستە باوکان بزانن کاتی خواردنی ژەمە سوکەکە هەر بۆ خۆشی نییە، بەڵکو هەلێکە بۆ مەشقکردن وەك (رۆڵ گۆڕینەوە، بڕیاردان، داواکردن، بەکارهێنانی گونجاوی زمانو رەفتار، رەچاوکردنی پێداویستیەکانی کەسانی تر، کارلێکردنو بەیەکەوەبوون لەگەڵ هاوڕێکاندا).

**ماوەی گروپەکە:**

دەبێت هەمیشە رەچاوی ئەوە بکەین هەتا بۆ ئەو منداڵانەی لەقۆناغی پێشچوونە قوتابخانەدا که پێویستیەکانی هەر دانیشتنێك لەیەك سەعات کەمتر نەبێت، گەر باوکان بریاریاندابوو خۆیان منداڵەکانیان بهێنن دەبێت سوود لەمەشق وەربگرن وەك ئەوەی ئەو سەعاتە بەچا خواردنەوە بەسەر بەرن لەگەڵ باوکانی تر، ئەوانەی کە کورەکانیان هەمان کێشەیان هەیە، بەڵام گەر دانیشتنەکە کۆمەڵێك چالاکی جۆراوجۆری تێدا بوو، وەك کاتی خواردنی ژەمە سوکەکان ئەوکات ماوەی دەبێتە یەك سەعات بۆ سەعاتو نیوێك، هەروەها دەتوانین زاڵ بین بەسەر شێوازی ئەو رۆژانەی کە منداڵەکان تێیدا هەست بەتەمەڵیو هاوبەشی نەکردنو هاوکاری نەکردن دەکەن لەگەڵ مامۆستاکەیاندا، ئەویش لەرێگەی هەندێك یاریکردنەوە جا لەناو پۆلەکەدا یان لەدەرەوە یان گوێگرتن بێت لەپارچە موزیکێك یان هەتا ئەگەر میزەڵدان فوکردنیش بێت.

**کۆتایی**

سەرەتا ئەو توێژینەوانەی کە لەبواری دەرك کردنو بیردۆزی ژیرییدا کراوە یارمەتی باش تێگەیشتنو باش پەرەپێدانی زۆرێك لەمجۆرە تێکچوونانەی داوە، ئەمە جگە لەوەی کە هەموو لایەنی نەخۆشی ئۆتیزمی روونەکردۆتەوە، لەراستیدا ئەم توێژینەوانە بواری بۆ هەموان رەخسان کە چەمكو رای نوێیان دەست بکەوێت دەربارەی بەرنامەکانی دەست تێوەردانی چارەسەری ئەوانەی کە دەبنە یاریدەدەر بۆ ناسینەوەی رووەکانی کەموکوری، کە منداڵی ئۆتیزم بەدەستیەوە دەناڵێنێت. لەبەرئەوەی هەموو ئەو خاڵانەی کە تووشی ئۆتیزم بوون لەرابردوودا هەمویان بەیەك خەسڵەت وەسف دەکران، ئەویش ئۆتیزم بوو. گریمانەیەك سەریهەڵدابوو کە حاڵەتی هەمویان لەیەك دەچێت، بەڵام لەراستیدا منداڵی جیاوازن لەیەکتری، وەك چۆن منداڵانی ئاسای جیاوازن لەیەکتری، جیاوازی کەسایەتیان، خێزانەکانیان، فێرکردنیان، شارەزاییەکانی ژیانیان، ئەمانە ئەو لایەنان کە یەکێکیان لەوی تر جیادەکاتەوە، پاشان لەبری

ئەوەی وایان دابنێین کە هەموویان لەیەکچوون پێویستە درك بەوە بکەین کە هەریەکەیان کەسایەتییەکیان هەیە جیاوازە لەوی تر، بەشێوەیەکی گشتی مەودای بەرەوپێشچوونی منداڵەکە وەك بەرهەمهاتویەکی کۆتایی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم فاکتەرانەوە، ئەمە بێگومان سەرباری ئەو کاریگەریانەی کە نەخۆشییە ئۆتیزمەکە بۆی هێناوە.

لەم ساڵانەی دواییدا هەندێك کەسی زیرەکی توشبوو بەئۆتیزم توانییان ئەو کێشانە بنووسنەوە کە بەدەستیەوە دەناڵێنن و قسەی لەسەر بکەن، لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەو پێشکەووتن و بەدەستهاتوانە زۆر بەگرانی و زەحمەت و بەئەرکێکی زۆر بەدەستیان هێناوە، بەڵام ئەم بەدەستهاتوانە لەو هۆیانەی چاکبوونەوە ئەفسانەییانە ناچن کە ناوبەناو لێرەو لەوێ لەهەندێك گۆڤاری رۆژانەدا دەردەکەون، جگە لەو بەرەوپێشچوونە راستەقینەیەی کە لەتێگەیشتنی نەخۆشی ئۆتیزمدا روویداوە، بەڵام هەندێك ئەفسانەی لەسەر هەیە، کە وەك ئەوەی ناوبەناو هەندێك بەرنامەو هەواڵ لەسەر ئەو منداڵانە بڵاودەبێتەوە، کە ئۆتیزمیان هەبووەو بەرێگەی جیاواز چاکبونەتەوە، وەك ئەوەی منداڵێکی ئۆتیزم بەوە چاکبۆتەوە کە ئاژەڵێکی ماڵیان بەدیاریی داوەتێ، یان یەکێکی تر چاك بوەتەوە بەهۆی ئەوەی فێریان کردووە چۆن لەگەڵ دۆلفیندا مەلە بکات.

بەپوختەیی لێرەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە ئەو بیرۆکەو بەرنامانە لەم کتێبەدا باسکراون لەبری هیچ جۆرێك لەجۆرەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشی ئۆتیزم دانانرێن، بەڵام دەتوانین ئاوا بڵێین زۆر سوودبەخشە لەروودانی گۆڕانی راستەقینەی منداڵانی ئۆتیزمدا، ئەوانەی کە شارەزایی توانای زانیارییان هەیە، ئەمەش لەبەر هۆیەکی ئاسانە، لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە توانایان هەیە هەندێك شارەزایی کۆمەڵایەتی فێربن، کە لای منداڵانی ئاسایی هیچ ئەرك و ماندووبوون و درکپێکردنی ناوێت.

## پاشکۆی (أ)
## نموونەو بڵاوکراوەکان

نموونەی یەکەم:

**جێبەجێکردن/ ناردن بۆ گروپی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان**

**نێردراوە لەلایەن: بۆنموونە چارەسەرکاری زمان گرانی پزیشکی دەروونی لەخوێندنگە ( ) بەرواری ناردن / / /**

**ناوی منداڵەکە:.........................................**

**بەرواری لەدایکبوون:........................................**

**ناونیشان: ..................................**

**نیشانەی پۆست: ( ) ژمارەی تەلەفۆن نورماڵ: ( )**

**مۆبایا: ( )**

**ناوی قوتابخانەکە/ دایەنگەکە ( ) دەبێت منداڵەکە پەیوەندی کردبێت بەدایەنگە یان قوتابخانەوەو توانای جیابونەوەی هەبێت لەدایکوباوك.**

**پزیشکی خێزانەکە: ........................................**

**ئاستی یەکەمێتی لەپەیوەندیکردن بەگروپەکەوە: ...............................**

**کورتەیەك لەئەنجامەکانی دەستنیشانکردنی پسپۆڕی زمان گرانی قسەکردنی:**

**...................................................................................**

**هەندێك زانیاریی سەربار: .................................**

**بۆنموونە/ مێژووی پزیشکی منداڵەکە ئەو کۆسپانەی دێتە ڕێگەی لەکاتی هاتنی بۆ ناو گروپەکە: ..........................................................**

**..........................................................................................**

**ئاستی هۆشداریی ( لەو چوارگۆشانەدا نیشانەی گونجاو دابنێت)**

**ئاستی یەکەم یەك وشە تێدەگات**

ئاستی دووەم        دوتا سێ وشە تێدەگات

ئاست سێیەم        سێ تا چوار وشە تێدەگات

ئاستی چوارەم     زمان گرانی لەئاستێکی زۆردا

**نموونەی دووەم:**

گوتارێك بۆ باوکان

بەروار: /        /        /

ئازیزەکەم..........

بەختیارین بەوەی جێگەیەك لەگروپەکەدا بۆ منداڵەکە ............دەستەبەر بکەین کە تایبەتە بەگەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان وەك ئەوەی لەناونیشانەکەدا هاتووە کۆبونەوەکانی ئەم گروپە بۆ ماوەی........دانیشتنەکان لەبەرواری ..........دەستپێدەکات هەتا بەرواری .......لەکاتژمێر....بۆ کاتژمێر............

لەبەرئەوەی شوێن لەگروپەکەدا سنووردارە لیستێکی چاوەروانکراویشمان هەیە بۆیە پێویستە باوان ئەو شوێنە پەسەند بکەن بۆ منداڵەکە، یان گەر هەستیان کرد دەتوانن پابەندی هەموو دانیشتنەکان بن لەهەندێك کاتدا منداڵەکان لەگروپەکەدا جێگیر نابن یان ناتوانێت بسازێت لەگەڵیدا، ئەگەر ئامادە نەبێت بۆ ئەمجۆرە بەرنامانەی دەستێوەردانی چارەسەریانە لەم حاڵەتەدا پێشنیار دەکەین منداڵەکە لەگروپەکە بکشێنرێتەوە.

دانیشتنەکانی ئەڵقەکانی ئاراستەکردنەکردنی باوکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئامانجەکانی گروپەکە دەبەسترێت لەمانگی.... لەرۆژی..... لەکاتژمێر..........

بۆ کاتژمێر........ پێویستە ئامادەی ئەم دانیشتنە ببێت، بفەرموو بەواژۆکردنی لەگەڵ ئەو بەشە بچووکە لەکۆتایی ئەو وتارەدا هەیە لەڕۆژی.....
بۆ سەنتەری چارەسەرکردنی زمان گرانیو قسەکردن
وەلام دانەوە: لەسەر گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان... کە لەڕۆژی...... دەستپێدەکاتو لەڕۆژی.......کۆتایی دێت ئارەزوو دەکەم/ ئارەزوو ناکەم کە منداڵەکەم ..... پەیوەندی بکات بەم گروپەوە پەیمان دەدەم / پەیمان نادەم ئامادەی ئەم ئەڵقە ئاراستکاریانە بمو ئاگاداریشیان کردووم کە دانیشتنەکانی گروپەکە بەڤیدۆ تۆمار دەکرێت واژۆ.....
ناوی باوك/دایك..........
ژماری تەلەفون..........

**نموونەی سێیەم:**

ئەڵقە ئاراستەییەکانی تایبەت بە باوان لەگروپی گەشەکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکاندا.

**کورتەیەك لەسەر گروپەکە:**

ئامانجی ئەم گروپە باشکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتییەو ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمانە بۆ منداڵەکان، زۆرێك لەو منداڵانەی کە پەیوەندی بەگروپەکانەوە دەکەن ڕەنگە بڕێکی زۆری زمانیان لابێتو ڕەنگە تائاستێکی باش بتوانن زمانێکی پێشکەوتوو بەکاربهێنن، ئەویش لەکاتی هەبوونی کۆمێنتدا یان قسەکردن لەسەر ئەو شتە باشانەی خۆیان بەلایانەوە گرنگە، جگە لەوەی ڕەنگە ئەو زمانەی قسەی پێدەکەن شێوەیەکی بەدەستهاتووی پێوە دیار بێت، بۆیە سەرنجیان دەدرێت بڕگەی هەندێك فیلمی لەخۆگرتوو یان هەندێك دەستەواژەی زۆر دەڵێنەوە، ئەمە ئەو زمانەیە کە بەگشتی بەلایانەوە خۆشە، بەلام پێویستە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە توانای دیالۆگو کارلێك لەگەڵ ئەوانی تردا ئەو لایەنە بەیەکگەیشتنو بەردەوامییە، کە منداڵ بەدەست کەموکوڕییەکانییەوە دەناڵێنێت.
بۆ کارکردن لەسەر باشکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانو چالاکییەکانی

گروپەکە لەسەر گەشەپێدانی «گوێگرتن و باش سەیرکردن و گوتن بەچاو و چڕکردنەوەی هۆش و رۆڵ گۆڕینەوە» کاتی خواردنی ژەمە سوکەکە، کە ئەمە ئەو کاتەیە کە خواردنەوە لەگەڵ هەندێك پارچە پسکیتدا پێشکەش دەکرێت، ئەمە لەچالاکییە گرنگ و پێویستەکانە کە لەدانیشتنەکاندا جێبەجێ دەکرێن، لەکۆی گشتییدا ئەم چالاکیانە منداڵ هان دەدات لەسەر هەڵبژاردن پەرەپێدانی هۆشیاریان و هەستیان بەو شتانەی پێویستیانە یان کەسانی تر پێویستیان پێیانە.

گەر منداڵەکە هەستیارێتی هەیە بەجۆرێك خواردنی دیاریکراو تکایە ئاگادارمان بکەرەوە.

بانگێشت دەکرێت بۆ هاوبەشیکردن لەیەکێك لەدانیشتەکانی گروپەکە ئەگەر توانرا ئەویش بۆ بەدواداچوونی ئەو چالاکیانەیە کە لەدانیشتنەکاندا جێبەجێدەکرێت، بەجۆرێك کە تۆش بتوانیت لەماڵەوە بەهێزی بکەیت و پەرەی پێبدەیت و داواشت لێدەکرێت هاوبەشی بکەیت لەجێبەجێکردنی هەندێك کاردا لەئەرکەکانی ماڵەوەدا، قسەکردن لەسەر گروپەکە لەگەڵ منداڵەکەدا، دوای کۆتایی هاتنی دانیشتنی گروپەکە هەلت بۆ دەرەخسێنێت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بەرەوپێشچوونی منداڵەکەت لەگەڵ چارەسەرکارەکەدا، لەم بارەیەوە راپۆرتێکی نووسراوت بەدەست دەگات دەخوازین کە هاوکاریت هەبێت لەنێوان گروپەکەو قوتابخانەکە/دایەنگەکە، دەبێت لەهەموو کاتەکان و لەهەموو شوێنەکاندا هانی فێربوونی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان بدرێت، ئەم ئەڵقە ئاراستەکاریانە بەهەلێك دادەنرێت بۆ هاوبەشیکردن بایەخدانی منداڵەکەت لەگەڵ کەسانی تر، ئەمە کارێکە یارمەتیمان دەدات لەدەستنیشانکردنی پێویستییەکانی منداڵەکەت بەشێوەیەکی دوورتر.

**نموونەی چوارەم:**

ئەڵقە ئاراستەییەکانی تایبەت بەباوکان.

**هەڵسەنگاندت چییە بۆ حاڵەتی منداڵەکەت؟**

بەروار...............

ناوی منداڵەکە............

بەرواری لەدایکبوون.................

ناوی قوتابخانەکە /دایەنگەکە/........

١- بەڕای تۆ لەبارەی شارەزایی بەیەك گەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە گەورەترین کێشە کامەیە، کە منداڵەکەت بەدەستیەوە دەناڵێنێت...................

٢- کەموکوورتییەکانی تر کامانەن کە بوونەتە مایەی دڵەڕاوکێ بۆ تۆ؟

٣- ئایا بەگران کۆنترۆڵی ڕەفتاری منداڵەکەت دەکەیت؟

٤- بەلاتەوە باشە کە منداڵەکەت چی فێربێت، یان چی دەست بکەوێت کاتێك پەیوەندی دەکات بەیەکێك لەگروپەکانی پەرەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانەوە؟

٥- خۆت بەهیوایت چیت لەم گروپە دەست بکەوێت؟

**نموونەی پێنجەم:**

هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرەوپێشچوونی منداڵەکە:

پێوانەکردنی هەڵسەنگاندنەکە:

١- لاوازیی لەئاستی بیرچڕیو توانای هاوکاریی.

٢- جیاوازیی لەئاستی بیرچڕیو توانای هاوکاریی.

٣- ئاستێکی جێگیر بەچڕکردنەوی هاوکاریی.

ناوی منداڵەکە............

**نموونەی شەشەم:**

گروپەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەیکان نموونەی هەڵسەنگاندنی تایبەت بەباوکان.

## ئامادەبوون بۆ هاوبەشیی

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |

## کۆنترۆڵکردنی ئاستی بیرچڕی

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |

## وەڵامدانەوەی منداڵانی تر و یاری لەگەڵیاندا

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| | | | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| | | | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |

## ڕەفتاری گشتی

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| | | | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |
| بەروار | | بەروار | | بەروار | | بەروار | |
| | | | | پێوانەکە | | پێوانەکە | |

**پاشکۆی نموونەی پێنجەم**

**تێبینی/**

**پوختەی ئاستی بۆ پێشەوەچوونی منداڵەکە/**

**پێشنیارەکان**

ناو/ ئارەزوومەندانە دەینووسی یان ناینووسی.

١- منداڵەکەت پێی خۆش بوو پەیوەندیکرد بەگروپەکەوە؟ ........................

٢- ئایا بەیەکەوە قسەتان لەسەر گروپەکە کردووە؟...............................

٣- هیچی بۆ باسکردوویت دەربارەی ئامانجی گروپەکە وەك "باری باش دانیشتن، سەیرکردن گوێگرتن رۆڵگۆڕینەوە؟"......................................................

٤- هەست دەکەیت گروپەکە سوودی هەیە؟ ....................................

٥- ئایا هەست دەکەیت دانیشتنەکانی ئەڵقە ئاراستەییەکان سوودی هەیە بۆت؟ ...........................................................................

٦- هیچ سوودت لەچاوپێکەوتنەکانی باوکان وەرگرتووە؟ ...........................

٧- کەس هیچی پێوتویت دەربارەی ئاستی بەرەوپێشچوونی منداڵەکەت؟ وەك مامۆستای پۆلەکەیان یان داپیرەو باپیرە؟ ......................................

٨- هیچ کۆمێنتێك یان پێشنیارت هەیە دەربارەی گروپەکە؟ ئێمە بایەخ دەدەین بە راوبۆچوونی باوان. ................................................................

٩- گەر گروپێکی سەربار دروستکرا حەزدەکەیت منداڵەکەت پەیوەندی پێوە بکات؟ ..........................................................................

١٠- بەگوێرەی پێوانەکانی هەڵسەنگاندنی ئاستی بەرەوپێشوەچوونی منداڵەکە کە لە (١) دەست پێدەکات بۆ (١٠) ژمارە (١٠) پلەی نایەبە چۆن دەتوانی مەزەندەی سوودو بەهای گروپەکە بکەیت؟ ....................................

بۆ خۆت: ..........................................................................

بۆ منداڵەکەت: ...................................................................

سوپاس بۆئەوەی بڕێك لەكاتی خۆتت تەرخانكرد بۆ پڕكردنەوەی ئەم نموونانە، بفەرموو رادەستی پسپۆڕی چارەسەركاری زمانگرانی قسەی بكە بەم ناونیشانەی خوارەوە: ........................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

**نموونەی حەوتەم:**

**گروپەكانی گەشەپێدانی شارەزاییە كۆمەڵایەتییەكان: نموونەكانی هەڵسەنگاندن (تایبەت بەپسپۆڕان)**

ناوی منداڵەكە: ..........................................................................

دان بەوەدا دەنێین ئەو منداڵەی لەسەرەوە ناوەكەی نووسراوە پەیوەندیكردووە بەگروپی گەشەپێدانی شارەزاییە كۆمەڵایەتیەكان كە ماوەی .................. هەفتەیە.

بۆئەوەی بتوانین چاودێری ئاستی بەرەوپێشچوونی بكەین باشتروایە زانیارییەكانی ناو ئەم فۆرمە پڕبكەینەوە، باوكانیش ئاگادارن كە پەیوەندیمان بە بەرێزتانەوە كردووە.

١- ئاگاداریت كە ئەم منداڵە پەیوەندیكردووە بەگروپی شارەزایانی كۆمەڵایەتییەكانەوە بۆ چارەسەركردنی زمانگرانی قسەكردن؟

٢- تێبینی هیچ گۆڕانكارییەكت كردووە بەسەر ئەو منداڵەدا هاتبێت لەو چەند هەفتە كەمەی رابردووداو لەم روانەی خوارەوە.

أ- بەردەوامیو بەیەكگەیشتن لەگەڵ ئەوانی تر؟

..............................................................................................

ب- یاریکردن؟

..............................................................................................

ج- پەیوەندی بەمنداڵەکانی دەوروبەریەوە؟

..............................................................................................

د- هەبوونی ئارەزوو هاندەر بۆ تەواوکردنی کارەکانی؟

..............................................................................................

هـ- توانای ئامادەبوون و بیرچڕی؟

..............................................................................................

**٣-هەر کۆمێنتێکی تر**

..............................................................................................

..............................................................................................

..............................................................................................

سوپاس بۆئەوەی یارمەتی ئێمەتدا بەگەڕانەوەی پاش ئەوە دەیخەینە ناو ئەو زەرفەی لەگەڵیدایە.

نموونەی هەشتەم:

**پلانی دانیشتنەکان**

**دانیشتنی یەکەم / تێبینی هەستکردن بەخوود، هەستکردن بەوانی تر**

| | |
|---|---|
| 1- پێشەکییەکان: بۆچی ئەم دانیشتنە دەکەین | زانیاریی بەخشین و گوێگرتن |
| 2- دروستکردنی باج بەناوی ئامادەبووانی دانیشتنەکە لەکۆتاییدا لەیاریەکدا بەکاردەهێنرێت | بەهێزکردن و پاڵپشتیکردن |
| 3. خستنەڕووی ڕێساو بنچینەکانی گروپەکە<br>ا- شێوەی باش دانیشتن<br>ب- سەیرکردن بەشێوەیەکی باش و دروست<br>ج- گوێگرتن بەشێوەیەکی باش و دروست<br>د- نەپچڕان، نەبڕاندن<br>هـ- چۆنیەتی داوای یارمەتی | بیرکردنەوە لەوانی تر |
| 4- بۆردێکی گەورە دادەنرێت داوا لەمنداڵەکان دەکرێت هەریەکە ناوی خۆی لەسەر بنوسێت یان وێنەی دەموچاوی خۆی لەسەر بۆردەکە بکێشێ، دەبێت مەشق پێکردنەکەش هەمان ڕێساو یاسای ئەوەی پێشەوە تێدا بێت | چالاکی، هاوکاریی و توانای هاوبەشیکردن |
| 5- ئەم گروپە چۆن دەبێت؟<br>ا- ناوەکانیان بڵێ<br>ب. کۆمێنتێك بدە لەسەر هاوڕێکەت لەگروپەکەدا | هەستکردن بەخود، تێبینیکردن |
| 6- چیرۆکی (بەرنامەکانی بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی زمان) سەیرکردن بەشێوەیەکی باش و دروست | گوێگرتن، چەمك جێبەجێکردن |
| 7- یاری سەیرکردن، تێبینیکردن، گۆڕانکاری (شێوەی منداڵ لەمنداڵەکان دەگۆڕێت داوا لەمنداڵەکانی تر دەکەین ئەو گۆڕانانە دیاری بکەن). | ڕۆڵگۆڕینەوە |

| | |
|---|---|
| 8- کاتی خواردنی ژمە سوکەکان هەڵبژاردنەکان/شەربەتی پرتەقاڵ، هەنجیر، پسکیت، دەبێت ڕێسا بۆ ئەم بەشە دانیشتنە دابنرێت | ڕۆڵگۆڕینەوەو بڕیاردان |
| 9- بەبیرهێنانەوە، ناو بیرهێنانەوە | پلانرێژی، بیرهێنانەوە |
| 10ئەرکی ماڵەوە: هەر منداڵە وێنەیەکی دەموچاوی خۆی بکات یان وێنەیەک بێنێت بۆ دانیشتنی هەفتەی داهاتوو | |

## نموونەی نۆیەم:

## بەیانێك بۆ باوکان

دانیشتنی یەکەم/ تێبینی هەستکردن بەخود/ هەستکردن بەوانی تر

| چالاکییەکان | شارەزاییەکان |
| --- | --- |
| 1- پێشەکییەکان | بەخشینی زانیاریی |
| 2- دروستکردنی باج بەناوی قوتابییەکان | |
| 3- جەخت کردنەوە لەسەر یاساو بنچینەی گروپەکە | بیرکردنەوە لەوانی تر |
| 4- دروستکردنی بۆردێکی گەورە | کارلێك لەگەڵ دەووروبەردا |
| 5- ئەم گروپە چۆن دەبینیت | تێبینی وەبیرهێنانەوە |
| 6- چیرۆك (بەرنامەکانی بەکارهێنانی کۆمەڵایتی زمان، سەیرکردن بەشێوەیەکی باش و دروست) | گوێگرتن، چەمك، جێبەجێکردن |
| 7- یاریەکانی سەیرکردن، تێبینی | رۆڵگۆڕینەوە |
| 8- کاتی خواردنی ژەمە سوکەکان | داواکردنی زانیاریی |
| 9- بەبیرهێنانەوە، ناو بەبیرهێنانەوە | پلانرێژی، بیرهێنانەوە |
| 10- ئەرکی ماڵەوە: هەر منداڵە وێنەیەکی دەموچاوی خۆی بکات یان وێنەیەك بێنێت بۆ هەفتەی داهاتوو | |

**نموونەی دەیەم:**

**لیستێك بەنیشانەكانی نەخۆشی ئۆتیزم لای منداڵی شیرەخۆرە (CHAT)**

**وەك باسمان كرد هەبوونی لیستێك بەنیشانەكانی نەخۆشی ئۆتیزم لای منداڵی شیرەخۆرە (CHAT) لەم كتێبەدا دەگەڕێتەوە بۆ "د. سیمون بارون كوهین" لەزانكۆی كەمبریدج.**

**لیستەكە (پرۆژەی ئەنجومەنی توێژینەوەی پزیشكی).**

**ناوی منداڵەكە: ..........................................................................**

**بەرواری لەدایكبوونی: ..................................................................**

**تەمەنی: ...................................................................................**

**ژ. تەلەفۆن: ..............................................................................**

**بەشی (أ) ئەو پرسیارانەی ئاراستەی باوكان دەكرێت:**

**١- ئایا منداڵەكەت حەز دەكات خۆی بجوڵێنێتەوەو باز بداتە سەر ئەژنۆت یان هەر جوڵەیەكی تر / بەڵێ نەخێر**

**٢- ئایا منداڵەكەت بایەخ دەدات بەمنداڵانی تر؟** بەڵێ نەخێر

**٣- ئایا منداڵەكەت حەز دەكات بەسەر هەندێك شتدا هەڵگەڕێ وەك پەیژە؟**

بەڵێ نەخێر

**٤- ئایا منداڵەكە حەز بەیاری چاوشاردنەوە بەدەست دەكات دواتر كتوپڕ دەستی لابات یان حەزی بەیاری خۆبورانەوە هەیە؟** بەڵێ نەخێر

**٥- ئایا منداڵەكەت دەتوانێت بیربكاتەوە؟ بۆنموونە بەپیاڵەو قۆری یاریكردن دەتوانێت واپیشان بدات كە چا تێدەكات یان هەر خەیاڵێكی تر؟**

بەڵێ نەخێر

**٦- ئایا منداڵەكەت پەنجەی دۆشاومژەی بەكاردێنێت بۆ ئاماژەكردن یان داواكردنی شت؟** بەڵێ نەخێر

**٧- ئایا منداڵەكەت دەتوانێت بەشێوەیەكی گونجاو یاری بەیارییە بچووكەكان بكات، بێئەوەی بیانخاتە دەمیەوە یان بیانداتە بەسەریەكداو بیانخاتە**

**خوارەوە؟وەك ئوتومبیلی شەش پاڵوو.** بەڵێ نەخێر

**٨- وەك دایك و باوك ئایا منداڵەكە هەندێك شتت بۆ دەهێنێت بۆئەوەی پیشانت بدات؟** بەڵێ نەخێر

**بەشی (ب) تیبینیەكانی پزیشك:**

**١- كاتێك منداڵەكە دەپشكنیت ئایا هەستدەكەیت بەچاو لەگەڵتایە؟**

بەڵێ نەخێر

**٢- هەوڵبدە سەرنجی منداڵەكەت رابكێشە یان ئاماژە بكە بەشتێك لەژوورەكەدا كە بایەخی پێبدات، پاشان پێی بڵێ ئەوە ناوی یارییەكە، پاشان سەیری دەموچاوی بكە بزانە چی لێدەردەكەوێت، ئایا رووی كردۆتە ئەو شتەی تۆ ئاماژەت بۆ كرد؟** بەڵێ نەخێر

**٣- هەوڵبدە سەرنجی منداڵەكەت راكێشە، پاشان قۆری و پیاڵەی یاری چا لێنانی بدەری و پێبڵێ دەتوانیت پیاڵەیەك چا تێبكەیت، پاشان سەرنجی بدە ئایا منداڵەكە واپیشان دەدا كە چاكەی تێكردووە دەیخواتەوە؟** بەڵێ نەخێر[2]

**٤- ئەم پرسیارە ئاراستەی منداڵەكە بكە رووناكیەكە لەكوێوەیە؟ یان روناكیەكم نیشان بدە، ئایا منداڵەكە بەپەنجەی دۆشاومژەی ئاماژە دەكات بۆ سەرچاوەی رووناكییەكە؟** بەڵێ نەخێر[3]

**٥- ئایا منداڵەكە دەتوانێت بورجێك لەیاریە شەش پاڵوەكان دروستبكات؟ گەر توانی چەند شەش پاڵوی بەكارهێناوە (ژمارەی شەش پاڵوەكان.........)**

---

**١- گەر ئەم پرسیارە بە بەڵێ وەڵامدرایەوە، پێویستە جەخت لەوە بكرێتەوە كە منداڵەكە سەیری تۆ ناكات، بەڵكو سەیری ئەوە دەكات تۆ ئاماژەی بۆ دەكەیت.**

**٢- گەر لەم مەشقەدا دەتوانێت یاریەكەی تر بەكار بهێنێت، بە بەڵێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەرەوە.**

**٣- ئەم مەشقكردنە دووبارەبكەرەوە، بە پرسیاركردن لەسەر شوێنی ورچەكە، بۆنموونە یان هەر شتێكی تر كە منداڵەكە ناتوانێت بیگاتێ، گەر منداڵەكە**

لەوشەی (رووناکی) تێنەگەیشت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بە بەڵێ، پێویستە منداڵەکە سەیری دەموچاوت بکات، کاتێك تۆ ئاماژە دەکەیت بۆ شوێنێك ئەو شتەی پرسیاری لەسەردەکەیت.

**نموونەی پانزەیەم:**

**گروپەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان**

گوتارەکە/ بەرپرسیار لەپاڵپشتیکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستیە فێرکارییە تایبەتەکان

بەروار:

بۆ بەرپرسی پاڵپشتیکردن منداڵانی خاوەن پێداویستییە فێرکارییە تایبەتەکان/

ناوی قوتابخانەکە/

ناوی منداڵەکە/

ئەم منداڵە دەتوانێت پەیوەندی بکات بەگروپی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتیەکانەوە لە............... بۆماوەی............... بەدانیشتنی هەفتانە کە هەر دانیشتنێك سەعات و نیوێك دەخایەنێت.

ئەم گروپە کارەکانی لە............... دەستپێدەکات.

چڕکردنەوەکانی ئەم گروپە لەسەر لەلایەنەکانی شارەزایی بەیەك گەیشتنی کۆمەڵایەتییەکانە وەك:

١- هەستکردن بەخودو هەستکردن بەوانی تر.

٢- گوێگرتن یان بیستنی باش.

٣- رۆڵگۆڕینەوە.

٤- تێبینی و سەیرکردن.

٥- شارەزاییەکانی کارلێکردن لەگەڵ گروپەکەدا. بەهیوای ئەوەی دەستی یارمەتیمان بۆ درێژبکەن لە....... بەکاهێنانی ئەم شارەزاییە کۆمەڵایەتییەی

لەقوتابخانەکەدا.

کاغەزەکانی ئەم زانیاریی‌و داتا پێویستانە راستەوخۆ دەدرێنە دەست لایەنی پێویست، یان لەرێگەی دایك‌و باوکانەوە دەکرێن، لەدوای دانیشتنی کۆتایی راپۆرتێك دەنووسرێت، داوات لێدەکرێت فۆرمێك پربکەیتەوە. کە تێیدا ئەو پێشکەوتنە پیشان بدەیت کە بەدەستهاتووە، لەئێستاوە هەتا کۆتایی لەپەیوەندیەکی بەردەوامدا دەبین لەگەڵت بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەرپێداویستییەك کە منداڵەکە لەئایندەدا پێویستی پێی دەبێت، ئەوانەی پەیوەندیان بەشارەزاییەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی‌و پسپۆڕی‌و چەرەسەرکردنی قسەکردن‌و زمان گرانییەوە هەیە.

**نموونەی دوانزەیەم:**

**گروپەکانی گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکان.**

ئاگاداری لەچۆنیەتی یارمەتیدانی مامۆستایان لەچارەسەرکردنی منداڵی ئۆتیزمدا.

١. کاتێك منداڵەکە لەگروپەکەدا ئامادە دەبێت دەکرێت هانبدرێت کەمێك قسە بکات لەسەر دانیشتنە هەفتەییەکان، دەتوانین زانیاریی تایبەتی لەسەر سازدانی ئەم دانیشتنانە بۆ دەستەبەربکەین، هەروەها باوانی منداڵەکانیش دەتوانن بۆت دەستبەر بکەن، بەئاسانیش دەتوانێت بەبیری منداڵەکە بخرێتەوە کە ئامادەبێت لەگروپەکەدا ئەویش لەرێگەی ناوی ئەو کەسەی چارەسەری دەکات.

٢- هانی منداڵەکە بدە هەواڵ بدات گروپەکە لەسەر کارێك لەقوتابخانە سەرکەوتنی تێدا بەدەستهێناوە منداڵەکە ئاگادار بکرێت ئەم کارە لەکاری جێبەجێکردنی یاری هەواڵەکانی رۆژانەدا جێبەجێ بکات. دەکرێت دایك‌وباوکی منداڵەکەش هاوبەشی بکەن لەم کارەدا بەمەستی جێبەجێکردنی.

٣- لەباری ئاساییدا ئەو منداڵانەی دەناڵێنن بەدەست زەحمەت‌و گرانی

لەشارەزایەکانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا ئاسان نییە بەلایانەوە کە بەدرێژایی وەڵامی ئەو پرسیارانەی بدەنەوە کە لێیان دەکرێت، بۆنموونە لەبری ئەوەی لێیان بپرسی (لەگەڵ گروپەکەدا چی دەکەیت) پێموایە ئەم هەفتەیە پەیوەندیت کردووە بەگروپەکەتەوە ئایا یاری باش و خۆشتان کردووە.
٤- گەر توانرا پێویستە چەمکی (باش سەیرکردن)و چەمکی (باش گوێگرتن) لەکاتە گونجاوەکانی رۆژەکانی خوێندندا بەهێز بکرێت، دەکرێت یارمەتی منداڵەکە بدەین ئەویش بەبیرهێنانەوەی ئەم کارە لەسەرەتای جێبەجێکردنی هەر چالاکییەکدا، وەك کاتی یاری کۆکردنەوەی شتەکان، یاری بازنەکان، یاری هەواڵەکانی رۆژانە، یاری چیرۆك گێرانەوە. ..هتد
٥- بەکارهێنانی ناوی منداڵەکە، پێش هەر فەرمانێك، یان دەربرینی راوبۆچونێك، زمان هەستێکی تری ئەم ناوهێنانە هۆش و ئاگای چڕدەکاتەوە لەسەر کارەکە.
٦- جێبەجێکردنی بەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەی وەك (باش سەیرکردن و باش گوێگرتن) بەشێوەیەکی تایبەت ئەم هەوڵدانە بۆ باشکردنی خاڵە بەهێزو پۆزەتیڤەکانی رەفتاری گونجاو.
٧- ئاستی توانای ئەو منداڵانەی دەناڵێن بەدەست گرانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاستێکە ئەمسەرو ئەو سەر دەکات دواتر دەبینین بەلایانەوە ئاسانە کە بەساکاری وەڵامی رێگە دەستنیشانکراوەکان بەگوێرەی هەندێك رێسا بدەنەوە لەبری ئەوەی پەنا ببەنە بەر رونکردنەوەی ناڕاستەوخۆی پڕ پێچ وپەنا.
٨- منداڵەکە هەست بەوە ناکات چۆن مامۆستاکەی رازی دەکات، پاشان پێویستی بەلێکدانەوەی روون و ئاسان هەیە لەرەفتاری چاوەڕوان کراوی.
٩- بەگشتی منداڵ لەقوتابخانە رێکەوتی هەڵوێستی نارێك وپێك دەکات وەك کاتی یاریکردنەکان، یان بەزەحمەت سازان لەگەڵ ئەوانی تر بەتایبەت گەر بەگران و زەحمەت کارلێکی کۆمەڵایەتی بکات، لەسەر ئەمەوە هەندێك پێشنیار دەبێتە یاریدەدەر بۆی، وەك ئەو یارییەی کە ئارەزووی دەکات یان ئەو شوێنەی کە حەز دەکات یاری لێبکات، یان ئەو کەسەی پەنای بۆ دەبات بۆ هاوکاریکردنی

هەتا زاڵ بێت بەسەر ئەو کێشانەدا کە باسکرا.

١٠- ئەو منداڵانەی دەناڵێنن بەدەست زەحمەتو گرانی شارەزاییەکانی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی بەگشتی دەیانبینین بیرۆکەیەکی باشیان نییە لەسەر (دواتر چی روودەدات) یان لەسەر زنجیرەی خشتەی ماوەکانی رۆژ، بۆیە دەکرێت لەم رووەوە هاوکاری بکرێن، ئەویش لەرێگەی ئامادەکردنیان بۆ ئەو گۆرانانەی کە رەنگە سەرهەڵبدەن، ئەمەش لەرێگەی بەکارهێنانی لێکدانەوە روونو سادەکانەوە کە خربکرێتەوە لەدەوری (ئەوەی رویداوە) یان (ئەوەی لەئایندەدا روو ئەدات) ئەمە سەرباری بەستنەوەیان بەرۆڵە دەستنیشان کراوەکانەوە، بۆنموونە (دوای کۆتایی هاتن لەیاری فلان یان لەیاری فیسار دەتوانین فلانە شت یان فیسارە ئیش بکەیت).

١١- دەتوانین بەسادەییو رۆشنی پێشەکی ئاگاداری منداڵەکە بکەین بەهەندێك رووداو کە رەنگە سەرهەڵبدات، وەك رووداوەکانی رۆژانی خوێندن یان سەردانو گەشتەکان، یان ئاهەنگی پاش کورسی خوێندن ...هتد بەشێوەیەکی گشتی ئەو گۆرانانەی لەرۆتینی رۆژانەدا سەرهەڵدەدەن دەبێتە مایەی گومان بۆ ئەمجۆرە منداڵانە.

١٢- هەندێك لەو منداڵانەی کە نیشانەکانی نەخۆشی ئۆتیزمیان تێدا دەردەکەوێت شارەزایی دیاریکراویان هەیە لەهەندێك لایەندا، وەك بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، حەز لەوێنەکێشانو خوێندنەوە، ئەمە کارێکە دەکرێت لەپۆلدا سوودی لێوەربگیرێت بەوەی هۆشیارتر بێت لەپۆلدا جگەلەوەی پێویستە پارێزگاری لەشارەزایانە بکرێت، بەڵام نابێت رێی پێبدرێت کۆنترۆڵی هەموو رەفتارەکانی منداڵەکە یان پۆلەکە بکات.

١٣- پێویستە جەخت بکرێتەوە لەگرنگی سەیرکردن، کاتێك تۆ قسەی بۆ دەکەیتو ئەو گوێت لێ بگرێت.

١٤- هەوڵبدە بەگوێرەی توانا ئامۆژگاریو رێنوێنیەکان سادەبن، ئەوە رەچاو بکە کە رەنگە منداڵان بیرۆکەیەکی ساکاریان هەبێت لەسەر ئەو شتانەی تۆ جەختی لەسەر دەکەیتەوە، یان پەیوەندی هەیە بەو قسەیەی تۆ ئاراستەی منداڵەکەی دەکەیت، لەسەر ئەمەوە دەیانبینین زۆر بەزەحمەت زانیاریەکانیان

بۆ پوختە دەبێت بەشێوەیەکی دروست بەکاریان دێنن.
١٥- هەوڵبدە زمانی قسەکردنت راستەوخۆ رۆشن بێت و دەستەواژەی خوازراو دەستەواژەی گاڵتەجار بەکارمەهێنە، رەنگە بەهەڵە لێی تێبگەن، دووربکەوەرەوە لەبەکارهێنانی دەستەواژەو وشەی رەشۆکیانە.
١٦- جەخت بکەرەوە لەسەر گرنگی چالاکی گۆڕینەوە، جەختیش بکەرەوە لەسەر ئەوەی کە ئایا منداڵەکان بەکردەوە لەچەمکی(رۆڵ) تێگەیشتوون.
١٧- هەوڵبدە بۆ بەهێزکردنی کارکردن لەسەر هەستەکان بۆئەوەی یارمەتی منداڵەکە بدات دەست بکات بەبیرکردنەوە نەك هەر لەسەر هەستە بنچینەیەکان وەك (بەختیاریی، تورەیی، خەمباریی)، بەڵکو لەهەندێك هەستی تریشدا وەك بێزاریی، هەراسانی، رقهەڵسان، بیرکردنەوەش لەهەستی ئەوانی تر.
١٨- هەندێك لەمنداڵانی ئۆتیزم رەفتارێکی شەرەنگێزانەیان هەیە بەرامبەر منداڵانی تر، هەندێجار ئەم رەفتارە لەوەوە دێت کە دەیەوێت هاورێیەتی ببەستێت لەگەڵ ئەوانی تر، بەڵام نازانێ چۆن ئەمە جێبەجێ بکات بۆیە پەنا دەباتە بەر رەفتاری نەگونجاو بۆ پەیداکردنی ئەم هاورێیەتییە.

**هەندێك زانیاریی بەسوود دەربارەی پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەریی**

لێرەدا پێویستە جەخت لەسەر گرنگیو هاندانی ئەو بیرۆکەیە بکەین کە وادەکات ئەوانەی کاردەکەن لەسەر پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری پسپۆرەکانیشی بەسایتە جۆراوجۆرەکانی ئەنتەرنێتدا بگەرێن بۆ ئەو توێژنەوەیەو کەرەستەو ئامرازانەی کە زۆر تازەو بەسودن، بۆ ئەم بابەتانە منداڵانی ئۆتیزم پێویستی زۆریان بە بەهێزکردن هەیە لەگەڵێك لایەنی دیاریکراوەوە، لەهەمانکاتیشدا دەبێت ئەم کتێب و ئامرازو دەزگایانە جۆراوجۆرو هاندەربن و پێویستە جۆراوجۆربن و هەر بەتەنها بۆ منداڵانی ئۆتیزم باش نییە، بەڵکو بۆ مامۆستایان پسپۆرانیش باشە گەر پسپۆرانی چارەسەری ئۆتیزم ئەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی بەرنامەکانی دەستێوەردانی چارەسەری دەکەن بایەخ نەدەن بەتازەگەری و نوێبونەوە لەمبوارەدا ناتوانن بەو پێشکەوتن و بەرەنگاربوونەوەیە بگەن کە لەم بوارەدا روودەدەن، رەنگە هەندێجار واباشتر

بێت کتێبێك یان ئامرازێك یان دەزگایەك نەکرد‌رێت هەتا گروپەکە دروست دەکرێت‌و دەست بەکار دەبێت، رەنگە پێویستی هەندێك منداڵی دیاریکراو کار لەکرینەکە بکات.

## کاسێتە ڤیدۆیەکان:

لەو کاسێتە ڤیدۆیانەی کە زۆر بەسوودە بۆ بەرنامەکانی دەستتێوەردانی چارەسەریی، کاسێتەکە ناوی see what Imean ئایا تێدەگەیت من مەبەستم چییە؟ ئەم کاسێتە کۆمەڵێك لەخۆدەکرێت کە ئەکتەرەکان بەبێ جوڵە ئەنجامی دەدەن.

## ئامرازەکانی یاریکردن:

بۆ منداڵە بچووکەکان باشتروایە هەندێك یاری‌و چالاکییان هەبێت هانیانبدات بۆ جێبەجێکردنی چەمکی رۆڵگۆڕینەوە، وەك میزەڵدان‌و تۆپێ بچووك‌و شەش پاڵوەکان، هەرپارییەك کە بەسوودەو ئاگایی منداڵەکان رادەکێشێت، گەرچی بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، بەڵام مەرجە یارییەکان قەبارە بچووك بن‌و بەئاسانی بگوێزرێنەوەو لەبەر دەستدابن بۆ یاری رۆڵگۆڕینەوە.

## کورتەیەك لەسەر دانەرەکان

"مۆرین ئارۆنز" و "تیساچینس" دوو ژنە پسپۆرن لەچارەسەرکردنی تێچوونەکانی قسەکردن‌و زمان، لەسەنتەرەکانی خزمەتگوزاری نەتەوایەتی لەندەن، بەتایبەت لەبواری فێرکردنی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکاندا، ساڵانێکی زۆرە وەك وانەبێژو راوێژکار کاردەکەن لەکۆلێژی شاهانە بۆ چارەسەرکردنی تێکچونەکانی قسەکردن‌و زمان لەبەریتانیادا، ئەمە سەرباری پێکەوە هاوبەشیکردنیان لەدانانی ژمارەیەك کتێبی بەسوود لەسەرنەخۆشی ئۆتیزم‌و ئەو رێگایانەی لەبارە بۆ چارەسەرکردن.

# پێرستی بابەتەکان

ناونیشان

پێشەکی وەرگێڕەکان

دەستپێك

بەشی یەکەم/ هەڵسەنگاندن

بەشی دووەم/ ئامادەسازی بۆ پرۆگرامەکانی دەستێوەردانی چارەسەریی

بەشی سێیەم/ دەستتێوەردانی چارەسەریی پێشچوونە قوتابخانە

- ئەڵقە ئاراستەکارییە ئازادەکانی باوکان
- ناسینەوەی پرۆگرامەکانی تایبەت بەباسکردنی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ
- گەشەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانی منداڵ لەساڵە یەکەمییەکانی تەمەنیدا
- هەندێك پێشنیاز دەربارەی جۆرەکانی چالاکییە بەسوودەکان بۆ منداڵانی ئۆتیزم
- کورتەیەك لەسەر سیستمی بەریتانی بۆ پەیوەندیکردنی منداڵانی ئۆتیزم بەقوتابخانە تایبەتەکانی بەریتانیاوە

بەشی چوارەم/ دەستتێوەردانی چارەسەری لەقۆناغی زۆر منداڵیدا

★هێڵکاری دانیشتنەکە / ئاستە زۆر زووەکانی منداڵ

★ ئەو کێشە باوانەی کە لەم دانیشتنانەدا دێنە ڕێمان

★ کورتەیەك لەسەر کێشەی سۆزداری و ڕەفتارەکانی تر

بەشی پێنجەم/ دەستێوەردانی چارەسەریی لەقۆناغە درەنگەکانی منداڵیدا

- قۆناغەکانی فێرکردنی چەمکی ڕەوشت
- زمانی جەستە
- ڕێگاکانی مامەڵەکردن لەگەڵ هەندێك کێشەدا
- زنجیرەی ڕووداوەکان و یارییەکانی بیرەوەریی
- زنجیرەی ڕووداوەکانی چیرۆکەکان

- وێنە پیشاندان
- هەندێك كاری پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردنی گروپەكەوە

بەشی شەشەم / دەستێوەردانی چارەسەریانە لەقۆناغی، دوای قۆناغە درەنگەكانی منداڵی و دوای قۆناغەكانی هەرزەكاریی

★گوزارشتە زاراوەیی و نیشانەی خوازراو گاڵتەكرنەكان

★رەفتارە گونجاوەكان

★پێگەیشتن/ چۆنیەتی فێربوونی بڕیاردان

بەشی حەوتەم/ هەندێك لایەنی كرداری بۆ بەڕێوەبردنی گروپەكانی گەشەكردنی شارەزاییە كۆمەڵایەتییەكان

★شوێنی سازدانی دانیشتنەكانی گروپەكە

★نموونەكان و پەیامە نووسراوەكان

★بەكارهێنانی كاسێتەكانی ڤیدۆ

★دەرامەتە مرۆییەكان

★ماوەی گروپەكە

كۆتایی

پاشكۆی أ نموونەو بڵاوكراوەكان

هەندێك زانیاریی بەسود دەربارەی پرۆگرامەكانی دەستێوەردانی چارەسەریی

# لەزنجیرە بڵاوكراوەكانی یەكێتی ژنانی كوردستان

| | |
|---|---|
| -خەرمانی یەكەمین فیستیڤاڵ | |
| ٢-ژن لەدنیای كاریكاتێردا | |
| ٣-ئەنفالی سێ و كاریگەرییە.... | ن/ هێمن باقر — بەرهەم عومەر |
| ٤-روخساری ژن لەجیهاندا — ئوستورالیا | و/ شەیدا سەلاح |
| ٥-ژن لەسەردەمی دیموكراسیدا | و/ سۆزان جەمال |
| ٦- روخساری ژن لەجیهاندا — تایلەند | و/ شەیدا سەلاح |
| ٧-حەرەم سەرا | و/ لەیلا عەلی |
| ٨- عەشقو خۆشەویستی لەنێوان وەهمو خەیاڵدا | ن/ سەروەر كەریم |
| ٩- جەلاد ستەم دەكات قوربانی لۆمەدەكرێت | و/ شۆڕش محەمەد حسێن |
| ١٠- پێگەی ژن لەكۆمەڵگەی كوردیدا | ئا/ كنێر عەبدوڵلا |
| ١١- گوناهەكانی ژن بوونو ستەمەكانی جەستە | ئا/ لەیلا عەلی |
| ١٢- ژن لەبازنەیەكی داخراودا | ن/ كنێر عەبدوڵلا |
| ١٣- روخساری ژن لەجیهاندا — ژاپۆن | و/ شەیدا سەلاح |
| ١٤- بێ یاری هیچ گەشەكردنێك نابێت | و/ سەمەد مەلا ئەحمەد |
| ١٥- فەرهەنگی ژن لەنێوان كۆیلەبوونو شیعردا | ن/ شیرین تاهیر |
| ١٦- تابەیانی | ن/ لەیلا سیمایی |
| ١٧- ژنانی شاخ | ئا/ روخۆش عەلی |
| ١٨- كارابوونی ژنان لەبواری كاری بەرهەمهێنەردا | و/ كامیل محەمەد قەرەداغی |
| ١٩- ئازارەكانی من | ئا/ ئاواز عەبدوڵلا- سۆران مەهاباد حەمەرەزا |
| ٢٠- كاریگەریی ژینگەكانی كاركردن | ئا/ كاروان نورەیی — باخچە جەبار |
| ٢١- گوناهە سپییەكانی باران | ن/ ئاورین فەرەیدون |
| ٢٢- ژنو سۆسیالیزم | و/ ماردین جەلال |
| ٢٣- قاقڕ | و/ عەلی بیروەندی |
| ٢٤- سوعاد | و/ نوری كەریم |
| ٢٥- گوڵێك لەبیابانی ئەفریقا | و/ نوری كەریم |
| ٢٦- بەبێ كچەكەم هەرگیزنا | و/ نوری كەریم |
| ٢٧- ئایدز | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەرەحیم |
| ٢٨- كوشتنی ژنان لەئاماری میدیاكانەوە | ن/ كنێر عەبدوڵلا |
| ٢٩- پاڵنەرەكانی خۆسووتاندنی ژنان | ئا/ ئاواز عەبدوڵلا |
| ٣٠- شیرپێدانی سروشتی | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەرەحیم |
| ٣١- رەوتەكانی فیمینیزم | و/ كارزان محەمەد |
| ٣٢- توندوتیژیی دژی ژنان لەیۆنانی كۆنەوە | سەروەر كەریم — شادیە حەسەن |
| ٣٣- بەشداریكردنی سیاسی ژنان | و/ كنێر عەبدوڵلا |
| ٣٤- پایزێك بەپاڵتۆی كانوونێكەوە | ن/ رۆژ هەڵەبجەیی |

| | |
|---|---|
| ٣٥- سنووردانان بۆ منداڵبوون | ئا/ د. عەبدولفەتاح حەمەڕەحیم |
| ٣٦- یەڵدا | و/ ئارام سۆفی |
| ٣٧- ژنو پیاوو ئاکاری سێکسی | و/ دڵشاد خۆشناو |
| ٣٨- بەخەونی گوڵێک ئەم هەورە... | ن/ شیرین تاهیر |
| ٣٩- کاریگەریی توندوتیژیی... | چۆمان ئەحمەد، بژار شەهابەدین، گوڵشەن ئیبراهیم |
| ٤٠- کەس نییە نامە بۆ کۆڵۆنێل بنێرێت | و/ کامیل محەمەد قەرەداغی |
| ٤١- پێمدەڵێن | ن/ کنێر عەبدوڵڵا |
| ٤٢- غروورەکانی کچێک | ن/ سەبا ئەحمەد |
| ٤٣- ژنو کێشەکانی | ن/ ئەکرەم قەرەداغی |
| ٤٤- توندوتیژیی بنەماڵەیی | ن/ چنوور فەتحی |
| ٤٥- ساقی | و/شەهلا حەمەڕەشید |
| ٤٦- فەرهەنگی زاراوە وەرزشییەکان | د. عاسی فاتح وەیس |
| ٤٧- بەردی سەبووری | و/ ئارام سۆفی |
| ٤٨- مامەڵەی خێزانو هەرزەکاری | ئا/لەیلا عەبدوڵڵا- چۆمان ئەحمەد |
| ٤٩- ژنان لەبزاوتندا | و/ یادگار حەمەغەریب |
| ٥٠- لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی | ڕێبوار سیوەیلی |
| ٥١- کۆلارەباز | و/ ئارام سۆفی |
| ٥٢- هاوسەرایەتیو ئەخلاق | و/ دڵشاد خۆشناو -ئاسۆ ئیسلامپەنا |
| ٥٣- خۆشەویستی لەسەردەمی نەوتدا | و/ جیڤارا کەمال |
| ٥٤- ژنانی شێوەکار لەباشووری کوردستان | ئا/ بەختیار سەعید |
| ٥٥- توندویژی خێزانی | ئا/ حەسیبە عبدالله کریم- نوخشە فتاح نوری |
| ٥٦- سورمێ | مەدیحە سۆفی |
| ٥٧- ونبوون | عەبدولواحید ساڵح |
| ٥٨- ئازادی ژنان | و/ ناسر حەقپەرست |
| ٥٩- ئۆتیزم | و/ میدیا عومەر- ئەحمەد عەلی |

# Autism

Maureen Aarons . Tessa Gittens

Translated by
Ahmad ali . media omar

